# بزووتنەوەی نوێی رۆژهەڵاتی کوردستان و پرۆژەی دژە پەژاک



شەڕی تایبەت


رسانەی آزاد خلق

کوردی

# ئاڵترناتیڤ

حەفتەنامەی سیاسی، کولتوری، کۆمەڵایەتی ژمارەی ٩ alternative.qendil@gmail.com هەینی٢٧ خەرمانان ١٣٩٠/ ١٧ ژوئن ٢٠١١

ناوەندی راگەیاندن و چاپەمەنی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پەژاک)


ئیعترافی سیخۆرەکان

و

چۆنیەتی جم و جوڵی تیمەکانی دژە پەژاک

## نەسڵی نوێی سیخۆڕەکان: سیخۆڕی راگەیاندنی



مۆرەی شیرِی تایبەت عیرفان قانعی فەرد لە گەل موحسن رەزایی، یەکێک لەو جەنایەتکارانەی کە دەستیان لە خوێنی لاوانی کورددایە

تەلەڤیزیۆنی فارسی دەنگی ئەمریکا پرۆپاگەندە لە دژی پەژاک تا ئەو رادە دەبات کە لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی بە بانگهێشت کردنی ئەندامی شەڕی تایبەت عیرفان قانعی فەرد و هەروەها دژبەرانی تری پەژاک، لە هەوڵی توندوتیژخواز و تیرۆریست نیشاندانی پەژاکدا بوو. هەبوونی یەکلایانەی دژبەرانی پەژاک لەو بەرنامەدا و نەبوونی وتەبێژێک لە سەر نێوی پەژاک لەگەڵ کامە پێوەری رۆژنامەوانی و راگەیاندنی ئازاد دەیخوێنێتەوە؟ ئایا ئەو هەمووە هەماهەنگییە هەمووی هەر رێکەوتە؟

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە یەکسان نیشاندانی پاراستنی رەوا و شەڕی چەکداری و سازکردنی رۆخسارێکی هێرشکارانە و توندوتیژخوازانە بۆ پاراستنی گەریلایی، دەیانەوێ ئەم تێکۆشانە تیرۆریزە بکەن و رەوایەتی بە سەرکوتکاری و رەشەکۆژی خۆیان بدەن.

«««« سەرکردەی پارتە کلاسیکەکانی کورد ئامرازێک لە خزمەت شەڕی تایبەت دژی بزوتنەوی نوێی لە رۆژهەڵاتی



««« راگەیاندەکانی دەرەوەی وڵات سەکۆییێک بۆ شەڕی تایبەت دژی پەژاک





**پەژواک**

شەڕی تایبەتی، سیستەمێکی پێکهاتوو لە ڕێبازگەلێکی جۆربەجۆری شەڕ لە دژی ڕەهەندە جیاوازەکانی بەرخۆدانی کۆمەڵایەتییە. ئامانجی شەڕی تایبەت، سەپاندنی تەسلیمیەتی تەواو و چۆکدادانی هەتاهەتایی بە کۆمەڵگایە. ئەم گەڵاڵە دوابەدوای خۆنواندنی تێکۆشانی نوێ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی پەژاک و بوژانەوەی فەرهەنگی بەرخۆدان لە کۆمەڵگای کورددا و بێچارەیی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە بواری لە خشتەبردنی ئەم تێکۆشانە، بە ڕێبازە هەمیشەییەکانی هاتۆتە ئاراوە. ئەم پیلانە منالێکی زۆڵە کە لە ئاکامی جووتبوونی دوو ڕژێمی بەتەواو دژە کورد و کۆمەڵگاکوژی، کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆماری تورکیا لە دایک بووە. شەڕی تایبەت کە لە هەر کەلێنێک بۆ کەوتنە ناو کۆمەڵگا و تێکدانی بنەما ئەخلاقی و ئیرادەییەکانی ئەو کۆمەڵگایە کەڵک وەردەگرێت، لە ڕاستیدا جەستەیەکی پێکهاتوو لە توندوتیژی، دەستدرێژی، خوێنرێژی و ڕەشەکوژی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە. هەموو شێوازەکانی کوشتاری جەستەیی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووری وەکوو پراکتیکی سەرەکی شەڕی تایبەت لە ڕۆژەڤی کاری کارگێڕان و ناوەندەکانی شەڕی تایبەتدایە. شەڕی تایبەت، شەڕی تۆکمە و هەمەلایەنەی دەوڵەت لەبەرامبەر کۆمەڵگایە. ئەم شەڕە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناو چوارچێوەی پرۆژەی «دژەپەژاک»دا بە ڕێوەی دەبات، دزێوترین شێوازی شەڕ لە دژی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە کە هیچ پێوەر و نرخێکی ئەخلاقی ناگرێتە بەر چاوان. داسەپاندنی فەرهەنگی شکست و بێهیوایی لە کۆمەڵگا و تێکدانی بنەماکانی نرخ و ئەخلاقی کۆمەڵگا ئامانجی پرۆژەی «"دژە پەژاک"»ن. فەرهەنگی بەرخۆدانی مێژووی کۆمەڵگای کورد، جەرگەی هاتنە ئاراوەی بەرخۆدانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهنگی دژبە دەستدرێژییەکانی ڕژێم لە کوردستانە. ئەوەی کە ڕژێم لە شەڕی تایبەت و پرۆژەی "دژە پەژاک" چاوەڕوانی دەکات، بنبڕ کردنی فەرهەنگی بەرخۆدان و ژەهرخوارد کردنی کۆمەڵگا بە ژەهری خەیانەت و تەسلیمیەتە. دوابەدوای جێبەجێ کردنی شەڕی تایبەت و پرۆژەی "دژە پەژاک" لە ساڵی ٢٠٠٧ بە دواوە دیاردەگەلێکی ڕوخێنەر وەک خەیانەت، مرۆڤ کوژی، بەسیج، فەحشا و تووشکردن بە مادەی هۆشبەر لە کۆمەڵگادا پانتاییەکی بەرچاوی بە خۆیەوە گرتووە. هەمووی ئەم دیاردانە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ناوەندەکانی شەڕی تایبەت و کارگێڕانی ئەودا هەیە و لەم ناوەندانە بە شێوەیەکی هەماهەنگ و سیستەماتیک لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەڕێوە دەچێت. هێماکانی شەڕی تایبەت و خۆفرۆشانی فکری، پاساوەدەری سەرەکی دەستدرێژی ڕژێم و بانگەشەکارانی شکست، پاسیڤ بوون و تەسلیمیەت لە ناو کۆمەڵگادان. ئەوانە هەر ئەو کەسانەن کە بێشەرمانە، پاراستنی ڕەوای گەلی کورد لە بەرامبەر سێدارە، ئەشکەنجە، سووکایەتی و سەرکوتکاری، وەکوو تیرۆر بەناو دەکەن و لە هەوڵی بێتاوان نیشاندانی ڕژێم و ناوەندەکانی داگیرکاری سیخوڕی ئەوان دان. ئەوانە نە تەنیا چالاکی مافی مرۆڤ و مەدەنی نین، بگرە فرۆشیاری خوێنی شەهیدانێک وەک فەرزاد، شیرین، فەرهاد و عەلی و هەزاران شەهیدی ڕێگای بەرخۆدانی کوردستانن. ئەو ناسیۆنالیستە شۆنیستانەی کە هەر چەشنە دەربڕینی ئیرادە و بەرخۆدانی گەلی کوردستان لە ژێر ناوی جوداییخوازی، شایانی سەرکوت دەزانن هاوتەریبی شەڕی تایبەتی ڕژێم، پڕۆپاگەندەیەکی بەفراوانیان لە ڕاگەیاندنە فارسی زمانەکانی دەرەوەی ئێران لە دژی بزووتنەوە ئازادیخوازی کورد بەڕێخستووە. لەلایەکی ترەوە هەندێک کەس و پارتی کلاسیک کە دژایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی نوێی گەلی کورد وەکوو تەنیا ڕێگای مانەوەی خۆیان دەزانن، لە خۆشیرین کردنی تەواو بۆ ناسیۆنالیستە فارسەکان و لە چوارچێوەی ئەو پڕۆژانەی کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی پێشکەش بە حکوومەتی هەرێم کراوە، بڵاوکردنی ئایدیۆلۆژیای پاسیڤ بوون و تیرۆریزە کردنی بزووتنەوەی ئێمەیان وەکوو ستراتیژی سیاسی بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. پارتەکانی باشووری کوردستان(یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان ئێراق) دوابەدوای دانیشتنی سەرکردەکانیان لەگەڵ فەرماندەکانی سوپای قودسی کۆماری ئیسلامی، ڕۆڵێکی تایبەتیان لە شەڕی تایبەتی ڕژێم بە دژی گەلی کورد وە ئەستۆ گرتووە. ئامانجی سەرەکی پارتەکانی باشوور کوردستان، کاریگەری درووست کردن لەسەر پارتە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵات و کار کردن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دژ بە پەژاک لەو پارتییانە و هەروەها گەمارۆدانی پەژاک و هەوڵدان بۆ گۆشەگیر کردنیەتی. ڕژێم بە بەکارهێنانی هەرچی زۆرتری توندوتیژی شەڕی تایبەت لە ڕێگای گرووپەکانی "دژە پەژاک"، لە داهاتوو جەنایەتێکی زۆرتر لە کوردستان ئەنجام دەدات. لە بەرامبەر دەستدرێژی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، تەنیا ڕێگا بۆ گەلی کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەمان، بەرخۆدان و پاراستنی ڕەوا دەبێت. شەڕی تایبەت، گەل و کۆمەڵگای ئێمەی نە لە بژارەی نێوان شەڕ و ئاشتی بەڵکوو لە بژارەی نێوان مانەوە و لەناو چوون و لە بژارەی نێوان پاراستن و تەسلیمیەت هێشتۆتەوە. بە دڵنیاییەوە ئازادیخوازانی کوردستان هیچکات چۆکدادان و تەسلیمیەت هەڵنابژێرن؛ بەهەمان شێوە کە فەرزاد، شیرین، فەرهاد و علی هەڵیانەنبژارد. لەم ژمارەی ئالترناتیڤدا تیشکمان خستووە سەر ئەو شەڕە تایبەتەی کە لە دژی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیڕەو دەکرێت و هەروەها ڕەهەندەکان و وردەکارییەکان ئەومان بە شێوازێکی دیکۆمێنتار باس کردووە. پێشکەشکردنی ئەم زانیاریانە هەنگاوێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕای گشتی و بەرەنگاربوونەوەی ئەو شەڕە قێزەونەیە کە هەموو کۆمەڵگای کوردی کردووەتە ئامانج.

ئەو بنبەستە کە لە بۆچوون و شێوازەکان لە سیاسەتی کلاسیکی کورد دا هاتبووە ئاراوە لە ساڵانی هەفتای هەتاویدا بووە هۆکاری سازبوونی قەیرانی جدی لە ناو پارتە سیاسییەکانی کورد. ئەم قەیرانە کە بووە هۆی پاشەکشەی پارتەکان لە گۆڕەپانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆشایەکی هێنایە ئاراوە کە کۆماری ئیسلامی زۆرترین کەلکی لێ وەرگرت. ڕژێم بە کەڵک وەرگرتن لەو بۆشایە، بناخەکانی دەسەڵاتی خۆی پتەوتر کرد و هەوڵی ڕیشەداکوتانی نێو کۆمەڵگای کوردستانیدا.

کۆماری ئیسلامی کە تا ئەوکاتە جگە لە بەکرێگیراوە کلاسیک(جاش)ەکان پێگەیەکی تری لە کوردستاندا نەبوو، ئەمجارە بێ ئەوەی کۆسپێک لەبەر ڕێگای خۆی ببینێ، کەوتە جموجۆڵی داگیرکردنی کۆمەڵگای کوردستان. هەموو دیاردە ڕوخێنەر و زیانبارەکان لەمەوبەدواوە لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا سەریان هەڵدا.

سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە ساڵانی حەفتای هەتاوی کە بۆ بێناسنامە کردن و لەناوبردنی بنەماکانی کۆمەڵگا پەیرەو دەکران شێوازێکی سیستەماتیکی بە خۆیەوە گرت کە تا ئەمرۆکەش بەردەوام دەکات. هەڵسەنگاندنی ئەو سیاسەتانە بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکان و چۆنیەتی تێکۆشانی نوێی ئازادیخوازانەی گەلی کورد، خاوەنی گرینگییەکی تایبەتە.

**١- سیاسەتی بیۆدەسەڵات(سەپاندنی دەسەڵات بەڕێگای بەکارهێنانی پێداویستیە ژیانێکانی کۆمەڵگا)**

سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێوازێکی شۆڤێنیستانە، بە بەردەوامی هەوڵی ئەوەی داوە کە بە حاشاکردن لە هەبوونی پرسی کورد و بە لەبەرچاونەگرتنی داخوازیە سیاسی – کۆمەلایەتییەکانی گەلی کورد، ئەم پرسە تەنیا لە چوارچێوەی هەژاری و نەبوونی گەشەی ئابووری لە کوردستان پێناسە بکات. لەلایەکی ترەوە ڕژێم هۆکاری سەرەکی هەژاری لە کوردستاندا، هەبوونی تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و «نەبوونی ئاسایش بۆ سەرمایەگوزاری ئابووری» نیشان دەدات. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە هەژاری ئابووری سیاسەتێکی سیستەماتیکی ڕژێم لە دژی کۆمەڵگای کوردستانە. بە درێژایی ساڵانی هەفتا کە ساڵانی بۆشایی تێکۆشان لە کوردستاندا بوو، ڕەوتی پەرەسەندنی هەژاری بە شێوازێکی بەرچاو بەردەوام بوو. هەژاری دیاردەیەکی سروشتی کۆمەڵگای کوردستان نییە، بەڵکوو بە تەواوی سیاسەتێکی سیستەماتیک و پرۆژەیەکی داڕێژراوە کە ئامانجی ئەو درووست کردنی پێکهاتەیەکی بیۆ دەسەڵات لە دژی گەلی کورد و بە مەبەستی تەسلیم وەرگرتنی گەلی کوردستانە. سیاسەتی برسی کردن و چاو لە دەست هێشتنی کۆمەڵگایەک، یەکێک لە دزێوترین ڕێبازەکانی دەسەڵاتە کە بناخەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد پێکدێنێت. ڕژێم دەیەوێت بە ڕێبازی زاری کراوە و زکی برسی، دزە بکاتە ناو کۆمەڵگای کوردستانەوە. نیشاندانی تێکۆشانی ئازادیخوازانەی کوردستان وەکوو هۆکاری هەژاری، چەواشاکاری و خەڵەتاندنێکی گەورەیە. کۆمەڵگای کوردستان بە بەرخۆدان و تێکۆشانی ئازادیخوازانەی خۆی لەسەر پێ ماوەتەوە و هەژاری ئابووری گورزێکی دەسەڵاتە بۆ شکاندنی ئەم بەرخۆدانە. چەندە تێکۆشان و بەرخۆدان لە کوردستان لاوازتر بێت، سیاسەتە داگیرکارەکانی ڕژێم بەتایبەتی سیاسەتی پەرەپێدانی هەژاریش بەرفراوانتر دەبێت. لە ئاکامی ئەم سیاسەتە، لە دوای ساڵەکانی حەفتا جگە لە توێژێکی بچووکی کۆمەڵگا، خەڵکی ئاسایی کوردستان ڕۆژ بە دوای ڕۆژ هەژارتر بوون. سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەت لە حەفتاکان(پێواژۆی ئاوەدانکردنەوەی درۆیینی ڕەفسەنجانی) گەندەڵی سەرسووڕهێنەری کاربەدەستانی دەوڵەت بوو کە لە ژێر ناوی بەرنامەی کەرتی تایبەت(خسوسی سازی) جێبەجێ دەکران و ئەمە بوو بە هۆکاری زیاتر قووڵبوونەوەی جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵگای ئێران. لە ئاکامدا چینی ناوینی کۆمەڵگا تەنیا ڕێگای پاراستنی شوێنگەی خۆی، لە پەیوەست بوون بە جەستەی ئابووری – بڕۆکراتیکی ڕژێم دەدیت. لەلایەکی ترەوە دەوڵەت بە کەڵک وەرگرتن لە بۆشایی سیاسی و نەبوونی تێکۆشان، و هەروەها بە بەربەست کردنی هەموو ڕێگاکانی وەدەستهێنانی داهات، هاوکاری لەگەڵ ڕێکخستنە سیخوڕییەکانی بەسیج، سووپا و ئیتلاعاتی وەکوو تەنیا ڕێگای بژێوی ژیان بەسەر چینی هەژار و بندەستی کۆمەڵگادا دادەسەپاند. ئامانجی دەوڵەت لە سیاسەتی ژینۆسایدی ئابووری، خوڵقاندنی کۆمەڵگایەکە کە تاکەکانی ئەو نانی ڕۆژانەی خۆیان بە گرێدراوی تەواو بە سیسەتەم و فرۆشتنی هەموو نرخەکان و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی بەدەست بێنن. هەروەها دەوڵەت لە سیاسەتی ژینوسایدی ئابووری و هەژاری لە ڕادەبەدەر، وەک فاکتەرێک بۆ بڵاوکردنەوەی گەندڵی، بێئەخلاقی و لەشفرۆشی کۆمەڵگا ئەوپەڕی کەڵک وەردەگرن.

**٢- سیاسەتی بە ژن کردن(بە ژن کردن یا ژنانی کردن هاوواتای ووشەی زەعیفەکردن لە زمانی فارسیدایە کە بە خۆشحالییەوە لە زمانی کوردیدا ئەو ووشەیە نیە و هەربۆیە ئێمەش ووشەی بە ژن کردنمان بە کار هێناوە)**

دەسەڵاتی ڕەها لەسەر کۆمەڵگا، ئامانجی سیستەمێکە کە سیاسەتی بیۆدەسەڵات وەکوو بنەمای کردەوە و بەرنامەکانی خۆی دادەنێت. دەسەڵاتی ڕەها پەیوەستە بە پەسند کردنی کۆیلەتی ڕەها لەلایەن کۆمەڵگاوە. هەربۆیەش داسەپاندنی قووڵترین شێوازەکانی کۆیلایەتی بە سەر کۆمەڵگای کوردستان لە ساڵانی دوای حەفتا، ئامانجی سەرکی هەموو پیلانە سیاسی و کردەوەییەکانی ڕژێم بووە. نرخ و نورمەکان و ئەخلاقی کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردستان کە پێکهێنەری ناسنامەی کۆمەڵایەتی و تاکی کۆمەڵگای کوردن، لەمەوبەدوا بوون بە ئامانجی توندترین هی□رشەکان. لەیەک جیابوونەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بە هۆکاری ڕوخانی پێوان و نرخە ئەخلاقیەکان، توانای بەرخۆدان و کاردانەوەی کۆمەڵگایان

لەبەرامبەر هەرچەشنە مەترسییەک لە ناو دەبات. کۆمەڵگایەک کە تێیدا کاردانەوە لە بەرامبەر پێشێلکردنی نرخە ئەخلاقییەکان لاواز بوو بێت، هەر چەشنە کۆیلەیەتی تێیدا رەوا دەبێت و وەک چارەنووس پەسند دەکرێت. لەناو بردنی هەستیاری ئەخلاقی رەوایەتی دان بە کۆیلایەتی لە کۆمەڵگای کوردستان، سیاسەتێکی سیستەماتیکە کە لە حەفتاکان بەدواوە رژێم لە کوردستاندا پێداگری لەسەر دەکات. ئاستی هەرە بەرزی لە ناوبردنی هەستیاری ئەخلاقی و رەوایەتیدان بە کۆیلایەتی، لەو سیاسەتانەی کە رژێم لە بەرامبەری ژنان پەیرەوەی دەکات، بەتەواوی بەرچاوە. کۆیلایەتی ژن، وەکوو قووڵترین شێوازی کۆیلایەتی، بەرهەمی رەگەزگەرایی کۆمەڵگای پیاوسالارە کە رژێمی کۆماری ئیسلامی وەک سیستەمێکی بەتەواو دژە ژن، لە قووڵکردنەوەی لە کۆمەڵگادا رۆڵێکی بەرچاو دەگێرێت. بە ژن کردنی ژنان، پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ بەهێزبوون و ریشە داکوتانی پێـ□کهاتەکانی دەسەڵات– دەوڵەت لە کۆمەڵگادایە. بەو رادەیە کە کۆمەڵگا لە بەرامبەر دەسەڵاتی رەهای دەوڵەت تەسلیم بێت، ژنان بە هەمان رادە بەرەو تەسلیمبوون راکێش دەکرێن. ژنی بە ژن بوو لە راستی خۆیدا سەمبۆڵێک لە کۆمەڵگای بە ژن کراوە. ئەم وتەی هیتلەر کە دەڵێت: «کۆمەڵگاکان، وەکوو ژنانن»، دروشمی هەموو رژێمە فاشیستەکانە. بە ژن کردنی ژنان، دەرگاکانی کۆمەڵگا بەرووی کۆیلایەتی دەکاتەوە و بنەمای هەموو کۆیلە بوونێک بە ژن بوونە. ئەوەی کە لە ساڵانی حەفتا بەدواوە دەستدرێژی سێکسی یەکێک لە سەرەکیترین ئامرازەکانی گوشاری هێزە ئاسایشیەکانی دەوڵەت لە کوردستان بووە، دەبێت لە چوارچێوەی سیاسەتی بە ژن کردنی کۆمەڵگا بنرخێندرێت. لە رەوتی بە ژن کردنی کۆمەڵگای کوردستان، گەلی کورد، بەتایبەت ژنان قوربانی سەرەکی توندوتیژی بوون و بە ژن کردن سەمبۆلی تیرۆری دەوڵەتی لە دژی کۆمەڵگای کوردستانە. ئەو نموونە زۆر و بەرچاوانەی کە بە کار هێنانی مژاری رەگەزی لە دژی ژنان و هەموو کۆمەڵگای کوردستان بەیان دەکەن، نیشاندەری پێکهێنانی ئەو سیاسەتە مەترسیدارانەیە کە بە شێوازێکی بەردەوام بۆ کۆیلەکردنی کۆمەڵگا بەکار دێت. لە روانگەی رژێمەوە، دەستدرێژی سێکسی گەرەنتی تەسلیمیەت و دەستەمۆ بوونی رەهایە. دانپێدانەکانی سیخورەکان نیشاندەری ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری سیخورەکان لە ژن و لە پیاو، کەوتوونە بەر دەستدرێژی سێکسی هێزە ئاساییشیەکانی رژێم.

**– توندوتیژی، خۆکوژی و لەشفرۆشی**

هەرچەند کە کۆمەڵگای کلاسیکی پیاوسالار کۆمەڵگایەکی سەختگیرە لەبەرامبەری ژنان، بەڵام ئەو کۆمەڵگا کلاسیکە بۆ قبوڵ کردنی توندوتیژی پیاوسالارانە سنوورێکی دیاریکراوی هەیە. کاتێک کە دەوڵەت لە رەوتی بە ژن کردنی کۆمەڵگادا، پەیوەندییەکانی دەسەڵات قووڵ دەکاتەوە، سنوورەکانی هەڵگرتنی توندوتیژی کۆمەڵگای کلاسیک دەبەزێنێت. توندوتیژی، تایبەتمەندی سەرەکی کۆماری ئیسلامییە. لە ساڵانی حەفتا بەدواوە کە ئەم رژێمە ئیدی بەدەستی ئاواڵە سیاسەتەکانی لە کۆمەڵگای کوردستان بەرێوە دەبات، شاهیدی بەرز بوونەوەی ئاستی توندوتیژین، کە بە هیچ جورێک ناتوانین ئەوە لەچوارچێوەی کۆمەڵگای کلاسیکدا بنرخێنین. لەو شوێنانەی کە کاریگەری سیاسەتەکانی رژێم زۆرترە، ئاستی توندوتیژی لە دژی ژنانیش زۆرترە. ئەگەر نوانەی(نمودار) توندوتیژی دەست نیشان بکەین دەردەکەوێت کە لەهەر شوێنێک کە کاریگەری سیاسەتەکانی رژێم بەرچاوترە، ئاستی توندوتیژی لە دژی ژنانیش بەرزترە. سیاسەتی بە ژن کردنی کۆمەڵگا، خۆی لە خۆیدا پێویستی بە پەیرەو کردنی بەردەوامی توندوتیژی هەیە. دیاردەی خۆکوشتن و ئەو رووداوانەی کە وکوو خۆکوژی نیشان دەدرێن، ئاکامە بەرچاوەکانی توندونێژییەکن کە هەموو بنەماکانی ئەخلاقی کۆمەڵگا بەرەو لە ناوچوون دەبات. کۆمەڵگای بە ژن کراو بەرەوە بنبەست راکێش دەکرێت و تاکەکانیشی دوچاری بنبەست دەبن و خۆیان دەکوژن. رادەی خۆکوژی ژنان لە کوردستاندا، پارامێتریکە بۆ تێگەییشتن لە رادەی بە ژن بوونی کۆمەڵگای کوردستان. لە شوێنانەی خۆڕاگری کەمتری بووە و دەوڵەت بە شێوازێکی راستەوخۆ سیاسەتەکانی لەسەر گەل پەیرەو کردووە رێژەی خۆکوژی ژنان برزترە. بۆ نموونە، ئەم پرسیارە ناوروژێت کە بۆچی ئیلام بەرزترین رێژەی خۆکوژی ژنانی تێدا هەیە؟ هەروەها لەشفروشیش یەکێک لەو دیاردانەیە کە دوابەدوای بۆشایەتی تێکۆشان لە ساڵەکانی حەفتا لە کوردستاندا، لە لایەن دەوڵەتەوە پێکهات و بە خێرایی بڵاو بووەوە. ئەگەر ئەخلاق لەچوارچێوەی روانگەی نەریتی و دۆگماتیستیدا نەبینین و بە پێچەوانە وەکوو ویژدانی گشتی کۆمەڵگا و هێزی (هەڵبژاردن و دەرفەت)ی ئازادی کۆمەڵگا پێناسە بکەین، ئەو کاتە هەستیاری و کاردانەوەی ئەخلاقی کۆمەڵگا دەتوانین وەکوو مێکانیزمێکی سروشتی بۆ پارستنی ناسنامە و ئازادی کۆمەڵگا لێکبدەینەوە. لە کاتی تێکۆشانی راستەوخۆی گەلی کورد لەدژی داگیرکاری رژێم، هەستیاری ئەخلاقی و کاردانەوە کۆمەڵایەتی سەبارەت بە دیاردەی رووخێنەری وەکوو لەشفرۆشی بەرچاون بوو. لە ساڵانی حەفتا هاوکات لەگەڵ لاوازبوونی تێکۆشانی راستەوخۆ لەدژی داگیرکاری دەوڵەت، هەستیاری ئەخلاقی و کاردانەوەی کۆمەڵایەتیش بەرەو لاوازی چوون. لە ئاکامدا زەمینەی پێویست بۆ ئەوەی کە دەوڵەت کۆمەڵگای کوردستان لەبەرامبەر دیاردەی وەکوو لەشفرۆشی بە چۆکدا بێنێت، هاتە ئاراوە. باندەکانی لەشفرۆشی کە لەم ساڵانەی دوایی لە کوردستاندا پەرەیان سەند، هەموویان لەگەڵ ناوەندە ئاسایشی رژێم وەکوو ، سووپای پاسداران، ئیتلاعات، و بەسیج و هێزە ئینتزامیەکان لە پەیوەندی دان. ئەم ناوەندە ئاسایشانە بەکەڵک وەرگرتنی بەرفراوان لە هەژاری و تێکرووخانی ئەخلاقی کۆمەڵگا، دەستیان بە رێکخستن و پەرەپێدانی دیاردەی لەشفرۆشی کردووە. باندەکانی لەشفرۆشی وەک ناوەندێک بۆ تێکرووخاندنی کۆمەڵگا، سیخوری و پەیوەست کردنی تاکەکان بە ناوەندە ئاسایشەکان کەڵکیان

لێ وەردەگیردرێت. تەنیا بەشێک لە ژنانی کۆمەڵگا قوربانی دیاردەی لەشفرۆشی نین، بەڵکوو ڕژێم بە بەکار هێنانی ئەم دیاردەیە لەدژی کۆمەڵگا، سیاسەتی بەژنکردن بەسەر هەموو کۆمەڵگادا دەسەپێنێت. ڕژێم دیاردەی لەشفرۆشی وەکوو دیاردەیەکی سروشتی و بەرچاو لەناو کۆمەڵگادا لێکردووە و لە درێژەی ئەم ساڵانەدا لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە هەستیاری ئەخلاقی و کاردانەوەی پاراستنی کۆمەڵگا لەناو ببات. لەلایەکی دیکەوە دیاردەی لەشفرۆشی بە پێناسەکردنی ژن وەک ماددە(ئۆبژە)ی سێکس بە کەساسەتی پیاودا داگیرکردنی ژنی وەکوو ڕووداوێکی زۆر سروشتی ڕاست لە قەلەم دەدات. لەم ڕاوانگەیەوە دیاردەی لەشفرۆشی تەنیا ڕووداوێکی سێکسی نییە و داسەپاندنی فەرهەنگی دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگایە. پێناسە کردنی ژنان وەکوو ئۆبژەیەکی سێکس، لە ئەنجامدا پیاونێکی بەتەماحی لێدەکەوێتەوە کە هەمیشە ئامادەی داگیرکردنی ژنان لە کۆمەڵگادا. زێهنیەتی «پیاوەتی=دەسەڵات» لەناو کۆمەڵگادا ئەم ئاکامە بەدوایدایە کە بەڕێژەی دەسەڵات، مافی دەستدرێژی و داگیرکاری هەیە. ئەنجامی ئەویش بڵاوبوونی ئەو ڕوانگەیە کە هەرچەشنە دەستدرێژی دەوڵەت لەسەر کۆمەڵگا ڕەوایەتی هەیە. مژاری بە ژن بوون بە واتای قبوڵکردنی هەرجۆرە دەستدرێژی و داگیرکارییە. پەرەپێدانی لەشفرۆشی لە لایەن دەوڵەتەوە بەواتای واتای بە ژن کردنی تاک و کۆمەڵگایە.

**ـ بەسیج ، جاش، سیخوڕ**

سیاسەتی بەکارهێنانی بەکرێگیراوان لە دژی گەلی کورد، بەردەوام لە پیلانی هەموو حکومەتە دەسەڵاتدارەکانی ئێراندا بووە. کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرەتای دامەزراندنی ڕژێم و دوابەدوای شەڕفرۆشی لە کوردستاندا، بەکرێگیراوەکان جاشەکانی بە شێوازێکی بەرفراوان لە دژی تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلی کورد بەکار هێنا. ئەم سیاسەتەی ڕژێم، لە ساڵانی شەستدا و تا داگیرکردنی تەواوی کوردستان، بەردەوام بوو. لە تەواوی ئەم ساڵانەدا ئەو بەکرێگیراوانە تاکە پایەگای ڕژێم لە کوردستان بوون. لە ساڵانی حەفتا بەدواوە، دوابەدوای ڕاوەستاندنی پێکدادانە سەربازییەکان و درووست بوونی بۆشایەتی تێکۆشان لە کوردستان، دەوڵەت نەتەنیا سیاسەتی بەجاش کردنی لە کوردستاندا کەم نەکردووە، بەڵکوو هێز و دەسترۆیی ئەوانی بەرفراوانتر کرد و ئەم جاشانەی وەکوو بنکەیەک بۆ تێکشکاندنی ئیرادە و سەرکوتکردنی گەلی کورد بە کار هێنا. ئەگەر هەتا ئەو کاتە جاشە کلاسیکەکان وەکوو ئەمرازی گوشاری ڕژێم ڕووبەڕووی نەفرەتی گەلی کورد دەبوونەوە و لە کۆمەڵگا دوور دەخرانەوە لە دوای ساڵانی هەفتا ڕژێم بە دزە کردن ناو کۆمەڵگا لە هەوڵی ئەوەدا بوو بە جێگیر کردنی خیانەت لەناو کۆمەڵگای کورد و ڕەوایەتی دان بە ئەو، خیانەت وەکوو شێوازێکی ئاسایی ژیانی گەلی کورد لێبکات. لە هەمووی ئەم ساڵانەدا ڕێکخستن کردنی سیخورەکان لە لایەن ئیتلاعات، حفازەت ئیتلاعاتی سووپای پارسداران، بەسیج و هێزی ئینتزامی بەشێوەیەکی بەرچاو بەردەوام بووە.

هەرچەندە دەوڵەت بە هۆی سەرکووتکاری و نادادوەری هیچکات نەیتوانیوە لەناو کۆمەڵگای کورد دا پەسەند بکرێت، بەڵام بە بەکارهێنانی سیخورەکان و کەڵک وەرگرتن لە کەش و هەوای بێباوەڕی لە ناو گەلدا، وەرەی ڕێکخستن بوون و بەرهەڵستکاری لە ئەوان زەوت کردووە و زەمینەی داگیرکاری ڕژێمی بەسەر کۆمەڵگای پێکهێناوە. یەکێک لە دزێوترین و قرێژترین سیاسەتەکانی ڕژێم لە کوردستاندا، پەرەپێدان بە بەسیجە. بەسیج کە تا ساڵانی هەفتا هیچ نیشانێکی لە کوردستاندا نەبوو، هاوکات لەگەڵ بەرنامەکانی ڕژێم بۆ تێکشکاندنی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستان هاتە ئاراوە. ئامانج لە بەسیج کۆمەڵایەتی کردنی دیاردەی خیانەتە. دەوڵەت لەبەرامبەر فەرهەنگی بەرخۆدانی مێژوویی کۆمەڵگا، هەوڵی ئەوەی دا کە بەسیج وەکوو فەرهەنگی خیانەت بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت. ڕژێم بە پەرەپێدانی فەرهەنگی بەسیج لە هەوڵی لەناو بردنی هەستیاری ئەخلاقی کۆمەڵگای کوردی لەبەرامبەر دیاردەی خیانەت دایە. تەنیا، کۆمەڵگایەک دەتوانێت خیانەت وەک فەرهەنگێک قبووڵ بکات کە لە هەموو پێوانەکانی پێکهێنەری ناسنامەی خۆی بێبەری بووبێت. بەم هۆیەشە کە بەسیج لە ڕاستیدا ڕێکخراویەکە بۆ لەناو بردنی ناسنامە و هەموو فاکتەرەکانی پێکهێنەری ئەو. بەسیج لەڕاستیدا سلوولێکی شێرپەنجەیە لە کە ناو جەستەی کۆمەڵگادا چێندراوە کە لە ئەگەری پەرەسەندنیدا کۆمەڵگا هەموو فۆنکۆسیونی سروشتی خۆی لە دەست دەدات و لە ڕەوتی تەسلیم بوونی تەواودا وەکوو پارچەیەکی پەیوەست بە دەوڵەتەوەی لێدێت. بەسیج ڕەمزی تەواوی بە ژن بوونی کۆمەڵگا لەبەرامبەری دەوڵەت--- خاوەنە.

لە ڕاستیدا بەسیج داسەپاندنی فەرهەنگی لەشفرۆشی دڵخوازانە بە سەر کۆمەڵگا و سەپاندنی لەشفرۆشی فکری، کۆمەڵایەتی، سیاسیی و فەرهەنگی بە سەر مرۆڤەکانی کۆمەڵگادایە. فەرهەنگی بەسیج بە واتای تەسلیمبوونی کۆمەڵگا لە بەرامبەر دەستدرێژی بەردەوامی دەوڵەتە. هەر بۆیەش فەرهەنگی بەسیج فەرهەنگی دژی بەرخۆدان و لەڕاستیدا دژە فەرهەنگە. بەسیج کۆڵەکەی سەرەکی دەوڵەت لە سیاسەتی بە ژن کردنی کۆمەڵگایە. «کیۆمەرس خاتری» ئەندامی بەسیج لە نموونەی ئەو کەسانەیە کە لەلایەن سووپای پاسدارانەوە پەروەردەی دیتووە و وەکووو سیخوڕ ناردراوە بۆ ناو ڕیزەکانی «پژاک»ەوە. بە گوێرەی دانپێدانی ئەم کەسە دوای ئەوەی کە خۆی و هاوسەرەکەی لەلایەن هیزەکانی سووپا دەستدرێژی سێکسییان بە سەر کراوە، کراونەتە ئەندامی بەسیج و بە بەڵێنی وەرگرتنی پارە و ئەوەی کە لە ئەگەری کوژراندا وەکوو»گیان فدای کۆماری ئیسلامی» ناوزەد دەکرێت، بۆ ژەهرخوارد کردن و بە شەهادەت گەیاندنی ئەندامانی بەڕێوەبەری «پژاک□» ڕەوانە دەکرێت. گەڵێک بەڵگە لە دەستدایە کە ناوەڕۆکەکەیان دانپێنانی ئەو سیخور□انەیە کە لەلایەن ناوەندنەکانی شەڕی تایبەت لە دژی پەژاک بەڕێکخستن کراون و بەکار هێنراون. دەوڵەت بە ڕاکێشکردنی تاکەکان بۆ ناو بەسیج، لە سیاسەتی هەژاری ئابووری لە کوردستان بەشێوەیەکی بەرفراوان کەڵک وەردەگرێت. زۆربەی خەڵکی گوندەکان و ئەو کەسانەی کە بە کاری کرێکاری و کۆڵبەری لەسەر

سنوورەکان دەکەن، لەلایەن بەسیجەوە بۆ هاوکاری هان دەدرن. ڕژێم لەلایەکەوە هەوڵی ئەوە دەدات هەموو ڕێگاکانی نان دەرهێنان بۆ ئەم توێژە بگرێت و لەلایەکی ترەوە قبووڵکردنی «لەشفرۆشی بەسیج» وەک تەنیا ڕێگای بەردەوامی ژیانیان نیشان دەدات. کۆڵبەرەکانی سەر سنوور کە نان دەرهێنان لە ڕێگای کاری بەزەحمەت و پڕ لە مەترسی، بە باشتر لە بەسیج بوون دەزانن، لەلایەن هێزە ئینتزامی و ئاسایشیەکانی ڕژێم ڕووبەڕووی زەخت و گووشار دەبنەوە و تەنانەت دەکوژرێن. ئەگەر چی هەژاری کە خۆی بەرهەمی سیاسەتەکانی ڕژێمە وەک چەکی سەرەکی بۆ پەرێپێدانی بسیج بەکار دەهێنرێت، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت هەژاری وەکوو هۆکاری سەرەکی بەشدار بوون لە لەشفرۆشی بەسیج بنرخێنێت. ڕێژەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە بەشداری بەسیج بوونە لە ئەنجامی نەبوونی فەرهەنگی بەرخۆدانی، لاوازی ئیرادە و کەسایەتی ـ کە ئەو لاوازییە زۆرتر وەکوو گرێی کەسایەتی و بێزاری لە کۆمەڵگادا خۆی نیشان دەدات ـ ، بەشداری ئەو ڕێکخراوە بوونە. ئەم تاکانە نە لەبەر پێداویست ماددی، بەڵکوو بەهۆی قبووڵ کردنی بە ژن بوون بەشداری ئایدیۆلۆژی ڕژێم بوونە. ئەوانە هەبوونی بەرخۆدانی کۆمەڵایەتی ---- فەرهەنگی کۆمەڵگا وەکوو مەترسیەک لەسەر خۆیان، ڕژێم و ئایدیۆلۆژییەکەیان دەبینن و لەو بوارەوە لە دوژمن زیاتر لەگەڵ ئەخلاق، فەرهەنگ و ناسنامەی کۆمەڵگا دژایەتی دەکەن. ڕژێم، سەرکەوتنی خۆی لە سیاسەتی بە ژن کردنی کۆمەڵگا گرێداوی سەرکەوتن لە داسەپاندنی فەرهەنگی بەسیج لە کۆمەڵگادا دەزانێت. لەو بوارەوە پێداگری ڕژێم بۆ ڕاکێشکردنی ژنان و کچانی کورد بۆ ناو بەسیج، سەرنجراکێشە. کاریگەری سیاسەتی بە ژن کردن لەسەر ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی ژیان و ماڵباتی جاش و بەسیجەکان یەکجار بەرفراوانە؛ بۆ وێنە دوای ئەوەی کە حۆسەین باپیر یەکێک لە جاشە بەناوبانگەکانی هەرێمی پیرانشار لە شەرێک لە دژی پەژاکدا دەکوژرێت، فەرماندەیەکی سوپای پاسداران بەناو حاجی هادی هەر چوار ژنی ئەو جاشە لە کاری لەشفرۆشی و سیخوڕیدا بەکار دەهێنێت.

نموونەیەکی هەری بەرچاو لە سیاسەتە ڕووخێنەرەکانی ڕژێم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە قۆناخی ئۆستانداری(سەرۆکی پارێزگای) سنە لە ١٣٧٢تا ١٣٧٦، مۆحەممەدرزای ڕەحیمی بوو.

### ٣ ـ ژینوسایدی فەرهەنگی

فەرهەنگ، بەرهەمی هەزاران ساڵەی ئەزموونی بە کۆمەڵگا بوونە. لەم بوارەدا فەرهەنگ نیشاندەری هەبوونی کۆمەڵگایەک لە ناو جوگرافیایەکی تایبەتدایە. فەرهەنگ، نیشاندەری داخوازی و هەوڵدانی کۆمەڵگا بۆ بەردەوامی ژیان و ئازاد ژیان کردن لە جوگرافیای خۆیدایە. فەرهەنگ، ئەو دەرفەتە بۆ کۆمەڵگا دەرەخسێنێت هەتا خۆی بە گوێرەی هزری خۆی پێناسە بکات و خاوەنی خۆی بێت. کۆمەڵگایەک کە لە زمان، وێژە، باوەڕییەکان و فاکتەرە فەرهەنگییەکانی خۆی بێگانە بووبێت و هزری تایبەت بە خۆی نەبێت، نە خاوەن خۆی دەبێت و نە لە خزمەت خۆیدا دەبێت. ئەگەر داخوازی و پێداگری کۆمەڵگا بۆ بەردەوامی ژیان وەکوو بەرخۆدان پێناسە بکەین، ئەو کاتە واتای فەرهەنگ، بەرخۆدانە. بەرخۆدانی سیاسی هەر کۆمەڵگایەک بەشێکی دانەبڕاوی فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگایەیە. دینامیزمی سیاسی و دینامیزمی فەرهەنگی هەر کۆمەڵگایەک لە پەیوەندی پتەو لەگەڵ یەکتردا دەتوانن بەردەوام بن. لاوازی دینامیزم و بەرخۆدانی سیاسی کۆمەڵگایەک، فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگایە لە بەرامبەر تواندنەوە و سرینەوە بێپاراستن دەکات و هەروەها لاوازی فەرهەنگی کۆمەڵگایەک، هزر، بنەما و ڕوحی بەرخۆدانی سیاسی ئەو کۆمەڵگایە لاواز دەکات. فەرهەنگی بێ پاراستن بوون، بێ پاراستن بوونی فەرهەنگی لەگەڵ خۆیدا دێنێت. هەر بەو هۆیەشە کە ڕژێمە دەسپوتەکان، گۆڕەپانی فەرهەنگی و گۆڕەپانی سیاسەتی کۆمەڵگا هاوتەریبی یەکتر دەکەنە ئامانج. دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە هەفتاکان بەدواوە و دوابەدوای لاواز بوونی بەرخۆدانی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان، لاواز کردنی فەرهەنگی کوردیان کردە بە سەرخەتی پیلانەکانی خۆیان. دەوڵەت هەوڵ دەدات تا بەرهەمە فەرهەنگی، ئەدەبی و هونەرییەکانی کوردی لە جیاتی نیشاندنی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی کوردستان بکات بە کاناڵی داسەپاندنی دیاردە دژە فەرهەنگەکانی بە سەر کۆمەڵگادا. ئەوەی کە لە ژێر ناوی بەرهەمی فەرهەنگی کوردی لە ناو دامودەزگاکانی ڕژێم دەردەکەون، لە ڕاستیدا ئەمرازی ڕووخاندن و بێناوەرۆک کردنی فەرهەنگی کوردین. ئەم بابەتە لە هوونەر و ئەدەبی پڕ لە سووکایەتی، هەروەها سینەما، کتێبە دەرسیەکان و ڕاگەیاندنە دەوڵەتییەکان بەڕوونی دیارە. دەزگا ئاساییشیەکانی ڕژێم، دامودەزگای فەرهەنگی کوردی گرێدراوی خۆیان دادەمەزرێنن و لە بن چاودێرییەکی تەواودا بەرنامەکانی ئەم دەزگایانە لە خزمەتی سیاسەتە ئاساییشیەکانی ڕژێم بەکار دەهێنن. هەموو بەرهەمە فەرهەنگییەکانی ڕژێم لە کوردستاندا، لە چوارچێوەی دابڕانی کۆمەڵگا لە بەرخۆدانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی خۆی و تەسلیم بوونی ئەودا بەکار دەهێنرێت. ناوەندەکانی هونەری، کاناڵە تلویزیۆنییەکانی هەرێمی و ئاسمانی و هتد کە بەردەوام ئایدۆلۆژیای فەرمی ڕژێم بە سەر کۆمەڵگادا دادەسەپێنن و لە پەرەسەندنی دیاردە دژە فەرهەنگییەکان وەکوو سیخوری و بەسیج بەکار دەهێنرێن، لە ڕاستیدا وەکوو چەکێکن کە ڕژێم بۆ خۆکوژی داویەتە دەست مرۆڤی کوردەوە. لەم ڕێکخراوانە، هەوڵ دەدرێت کە تاکی کورد بە ڕوانگەی دەوڵەتەوە فەرهەنگی خۆی پێناسە بکات. ڕوانگەی دەوڵەتی کە لەسەر بنەمای عەقلییەتی سەردەست ـ بندەست، ناوەند ـ پەراوێز و شارستانییەت ـ بەربەرییەت بونیاد نراوە، بە بەردەوامی مرۆڤی کورد ناچار دەکات تا فەرهەنگی خۆی بچووک، دوور لە شارستانیەت و دواکەوتوو ببینێت. ئەم بابەتە کە لە ساڵانی هەفتا بەدواوە زۆرتر پەرەی سەندووە، مرۆڤی کوردی لەسەر دوڕیانێک داناوە کە یا پێویستە بە ڕا کردنی لە فەرهەنگی خۆی، حاشا لە فەرهەنگی خۆی بکات و یا ئەو مۆدێلەی پەسەند بکات کە دەوڵەت لە کەسایەتی کورد درووستی کردووە. دین کە دیاردەیەکی فەرهەنگی کۆمەڵگایە وەکوو ئامێریک و لە چوارچێوەی ئیسلامی سیاسیدا لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە بەکار دەهێنرێت. کۆماری ئیسلامی لە

هەرێمە شیعە نشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ژێرناوی هاوئایین بوون، تواندنەوەیەکی فەرهەنگی فراوانی پێک هێناوە و هەوڵدەدات تا بەتەواوی کۆمەڵگا بە تەواوی بە خۆیەوە گرێبدات و لە ناو خۆیدا بیتوێنێتەوە. دەوڵەت هەروەها لە هەرێمی سوننەنشین و یاریسانەکاندا بە سووکایەتی پێکردن، ئاستەنگی نانەوە و گۆشار و سەرکوتکاری، کۆمەڵگای کورد تەنگەتاو دەکات. دەوڵەت بە بەکارهێنانی کوردی شیعەکان لە هەرێمە سوننەنشینەکان، بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات تا کوردە شیعەکان «وەک کوردی دەوڵەت» بە گەلی کورد بناسێنێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کە دەوڵەت سیاسەتی هەژار کردن و رووخاندنی کۆمەڵگا لە هەرێمە شیعەنشینەکانی زیاتر لە هەر شوێنێکی تر بەکار دەبات. دەوڵەت لە هەرێمە شیعەنشینەکان بە هەناردنی مەلاکانی سەر بە رژێم، هەوڵ دەدات تا ئایدۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت وەک شیعەگەری راستەقینە بە سەر گەلی ئەم هەرێمە بسەپێنێت و نیشان بدات کە دیندار بوون بە واتای پابەند بوون بە کۆماری ئیسلامییە. ئەم سیاسەتە بووەتە هۆکاری تێکدەریەکی زۆر لە ناو کۆمەڵگادا. بۆ وێنە هەبوونی بەرفراوانی گیرۆدەیی بە مادەی هۆشبەر و لەشفرۆشی لە هەرێمە شیعە نشینەکانی کوردستان، رووداوێکی رێکەوت نییە و پێوەندیدار بە سیاسەتەکانی رژێمەوەیە. دەوڵەت لە هەرێمە سوننەنشینەکانیش بە لاواز کردن و لە ناو بردنی داموەزگا ئایینییە کۆنەکان، هەوڵ دەدات تا ناوەندی ئایینی تایبەت بە خۆی دروست بکات. بۆ نموونە دەوڵەت بە پەراوێز کردنی کەسایەتییە ئایینییەکانی کورد کە لە بەرامبەر سیاسەتی «دژە سونەی رژێم» رادەوەستن، هەوڵ دەدات تا ئەو کەسایەتییە ئایینیانەی کە سەر بە رژێمن، لەو هەرێمانە جێگیر بکات. رژێم هەروەها بە پێناسەیەکی چەواشە لە دین، هەوڵ دەدات کە ئایین لە خزمەتی سیاسەتەکانی خۆی لە کوردستان بەکار بێنێت. دیندار بوون لە کوردستان بە واتای گۆشەگیری تاک و دوور کەوتنەوە لەسیاسەت و چاو نووقاندن لە هەموو دەستدرێژییەکانی رژێم لە ناو کۆمەڵگادایە. هەروەها دەوڵەت هەوڵ دەدات دین وەکوو ناوەندێک دژ بە بەرخۆدان و تێکۆشانی سیاسی کۆمەڵگا لێبکات. رژێم بە کەڵک وەرگرتن لە بۆشایی سیاسی ساڵانی هەفتا هەوڵی داوە دەرفەت بۆ ئەو رێکخستن و داموەزگا سیاسیانە برەخسێنێت کە ئامانجی هێرشەکانیان تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستانە. هەرچەندە سیاسەتی ئاژاوە نانەوەی ئایینی لە کوردستاندا سیاسەتێکی نوێ نییە و پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە، بەڵام دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە ساڵانی هەفتا بەدواوە هەوڵی داوە تا لە جیاوازی زارەوەکان و ئایینزاکان بۆ کێشەنانەوە و درووست کردن بێباوەری و لێکدابڕان لە کوردستان، ئەوپەڕی کەڵک وەربگرێت. بەردەوام لە پێناسەی دەوڵەت بۆ کۆمەڵگای کورد دوو تیپی کەسایەتی کورد دێتە ئاراوە: کوردی خوازراو و کوردی نەخوازراو. کوردی خوازراو یا کوردی باش کە مرۆڤێکی ساویلکە و بێتوانا لە بواری فکری و بەکرێگیراوی دەوڵەتە و کوردی ناخوازراو یا خراپ کە مەترسیدار و تێکدەری ئاسیشە و تەنیا بیر لە کوشتن دەکاتەوە. هەموو دام و دەزگاکانی پرۆپاگەندەیی، راگەیاندنی و فەرهەنگی رژێم کار و خەباتیان لە پێناو پەرەپێدانی کوردی خوازراو و باش و رەش کردن، تیرۆریزە کردن و لەناوبردنی کوردی نەخوازراو و بەرهەڵستکارە. سیستەمی فەرهەنگی رژێم لە پرۆپاگەندە بۆ پەرەپێدانی کوردی خوازراودا، بێ ئیرادەیی، تەسلیمبوون، دووڕوویی و لەشفرۆشی بەسیج، وەکوو دیاردەی فەرهەنگی بەسەر کۆمەڵگادا دادەسەپێنێت. لە راستیدا هەموو میکانیزمە فەرهەنگییەکانی دەوڵەت لە کۆمەڵگای کوردستان لە پێناو بە ژن کردنی کەسایەتی و کۆمەڵگای کورددا، کار دەکەن. کسایەتی بەژن کراو، پێوانەکانی نرخاندنی فەرهەنگی لە کلتووری سەردەستەوە وەر دەگرێت. هەر بۆیەش، ئەو تیپە لە کەسایەتی، بەردەوام لە پرۆسەی خۆقەبووڵاندن و توانەوەی فەرهەنگی دڵخوازانەدا جێ دەگرێت. ناوەندەکانی پەروەردەیی رژێم بەتایبەت لە ساڵانی هەفتا بە دواوە، لە ناوەرۆکەوە تووشی گۆڕانێ بووە و ئیتر رۆڵی ناوەندی زانستی نابینێت. ئەو ناوەندانە یا رۆڵی پاسیڤ کردن و لە خۆ بێگانە کردنی جەوانان دەبینن، یان وەکوو ناوەندی راکێشانی تاکەکان بۆ رێکخراوە ئاساییشی - سەربازییەکان و پەروەردە کردنی مرۆڤەکانی ئایدۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت کار دەکەن. نموونەی بەرچاوی ئەو ناوەندانە، قوتابخانەی شبانەروزییەکانن. ئەو قوتابخانانە کە زۆربەی قوتابییەکانی خەڵکی لادێ و هەژارن، رۆڵی ناوەندی سازکردنی سیخوڕ و بەسیج دەبینن. دەوڵەت لە ساڵانی هەفتا بە دواوە هەموو هەوڵدانەکانی دەوڵەت لە ناوەندە پەروەردەییەکان، بۆ دروست کردنی تیپێک لە کەسایەتییە کە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی: هەڵهاتن لە سیاسەت و بێباوەر بە خۆی، پڕ لە هەستی ترس و ناهێمنایەتی، وابستەیی و بێ ئیستیقراری و دابڕاوی لە کۆمەڵگا، بێت.

**- سیاسەتی جەوان کوژی :**

کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتی لە سێدارەدانی جەوانان، هاتە کوردستان. ئەو سیاسەتەی کە تا ئەمڕۆکەش بەردەوامە. بەشداری جەوانان لە بەرخۆدانی کۆمەڵگای کوردستان لە بەرامبەر دەستدرێژی کۆماری ئیسلامی ئێران، سیمبولی زیندوو بوونی کۆمەڵگا لە ساڵانی شەستدا بوو. هەرچەندە کە لاوان قوربانی سەرەکی سەرکوتکاری و ئیعدامەکانی ساڵانی شەست بوون، بەڵام هاوکات ئەو جەوانانە دڵی زیندووی بەرخۆدانی سیاسی بوون و لە هێزی ئەوانەوە هەموو کۆمەڵگا گیانی وەبەر دەهات. راوەستانی تێکۆشان لە ساڵانی هەفتادا، نە تەنیا لە رادەی سەرکوتکاری و گوشاری رژێم لە دژی جەوانانی کەم نەکردەوە، بە پێچەوانە ئەم گوشارانە لە نەبوونی تێکۆشان و رێکخستنێکی سیاسی - کوردی، رەهەندێکی نوێتری بەخۆوە گرت. پاشەکشەی پارتە کلاسیکەکان لە گۆرەپانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم دەرفەتەی لە جەوانان سەند تاکوو ناسنامەیەکی سیاسی روون دەست بە تێکۆشان بکەن. لەم بۆشاییە سیاسیە، جەوانان تووشی بێهیوایی بوون. بێهیوا بوونی جەوانان کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان کرد. جەوانان وزەی پتانسیل کۆمەڵگانە و تەنیا لە ئەگەری بە

ڕێکخستن بووندا وزەکەیان دەکەوێتە گەڕ و کۆمەڵگاش بە جموجۆڵ دەخات. پارتە سیاسییە کوردەکان، سەرەڕای بەشداری بەرفراوانی لاوان لەو پارتانە لە ساڵانی شەستدا، هیچکات نەیانتوانی ئەو هێزە گەورەیە بە شێوازێکی ڕاست بە ڕێکخستن بکەن. کێشەی سەرەکی ئەم پارتانە لەمەڕ جەوانانەوە، تەنیا گرێدراوی پێکهاتەی ڕێکخستنی ئەوان نەبوو، بەڵکوو زۆرتر لە عەقلییەتی پیرسالار و نەریتییانەی سەردەست لەناو ڕێبەرایەتی سیاسی ئەم پارتانە سەرچاوەی دەگرت. بە پێی ئەم عەقلییەتەوە، جەوانان تەنیا ڕۆڵی ئەمرازیان لە ناو ئەم پارتانەدا هەبوو و ئەم پارتانە هیچکات تێکۆشانی خۆیان لەسەر بنەمای وەلانانی لەمپەرەکانی کۆمەڵگای نەریتی لەبەردەم بەشدار بوون و ئەکتیڤ بوونی لاوان دانەمەزراند. بزووتنەوەیەکی تێکوشەری گەل، بە تێپەڕاندنی عەقلیەتی نەریتی و پیرسالاری کۆمەڵگا لە ڕێگای بە ڕێکخستن کردن، بەرپرسیاریەتی ئەکتیڤ کردنی بەردەوامی وزەی جەوانانی لە ئەستۆوەیە. ئەکتیڤ ڕاگرتن و جەوان هێشتنەوەی کۆمەڵگا بەرپرسیارەتی تێکۆشانی سیاسییە. بزووتنەوە کلاسیکەکانی کورد نە لە ناو کۆمەڵگا و نە لە پێکهاتەی پارتەکانی خۆیاندا هیچ گرینگییان بەم مژارە نەداوە. لە کرداری ئەم پارتانە، جەوانان هیچکات ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە گۆڕەپانی فیکر و پیلانداڕێژتنی ڕێکخستندا نەبووە تاکوو بتوانن بە هێز و ئیرادەوە لە تێکۆشانەکانی خۆیاندا نوێی کاری پێکبێنن. وێڕای گۆشاری سیاسی ساڵانی دوایی شەستەکان کە پارتەکان سیاسییەکانی ناچاری پاشەکشە کرد، جەوانان زیاتر لە هەرکەس تووشی بۆشایی بوون. لە ئاکامدا زەمینە بۆ کاریگەری سیاسەتەکانی ڕژێم لەسەر کەسایەتی جەوانان، لە ساڵانی هەفتادا هاتە ئاراوە. جەوانان بوونەتە قوربانی سەرەکی سیاسەتی بیۆ دەسەڵات و بڵاو بوونەوەی دیاردەگەلێک وەکوو بێکاری و هەژاری لە ناو کۆمەڵگادا. ڕژێم هاوکات لەگەڵا تووش کردنی جەوانان بەداماوی و بێچارەیی، دەرفەتی ژیانی ماددیشی لە ئەوان گرتووە. لەلایەکی ترەوە دەرەنجامەکانی سیاسەتی بیۆدەسەڵاتیش،

بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەر جەوانان کاریگەری ڕووخێنەری داناوە. لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکی سیاسەتی بیۆدەسەڵات، جەوانانن. لەسەر ئەم بنەمایە، جەوانان سەرەکیترین توێژن کە بەرەو دیاردەگەلێکی ڕوخێنەر وەک بەسیج و خەیانەت بانگەوازییان بۆ دەکرێت. لەو پەڕی داماوی و بێچارەییە کە لە ئەنجامی بنبەستی هەڵقوڵاو لە سیاسەتە ئابووریەکانی دەوڵەت لەبەر جەواناندا پێکهاتووە، هەبوونی ڕێکخراویەگەلێک وەکوو بەسیج کە ڕووی هەموو پیلان و بەرنامەکانی لە جەوانانە، جێگای سرنجە. تەسلیم بوونی جەوانان لە بەرامبەر سیاسەتەکانی بەسیج بە واتای لەناو چوونی هەرجۆرە دەرفەت و ئەگەری تێکۆشان و هەوڵدانی کرداری کۆمەڵگا لە دژی سیاسەتەکانی دەوڵەتە. نەبوونی تێکۆشانی جەوانان دژ بە سیاسەتەکانی ڕژێم، نیشانەدەری نەبوونی ئیرادە لە کۆمەڵگا دەبێت. هەر بۆیەش سیاسەتی بە ژن کردنی لە ساڵانی هەفتا بەدواوە زۆر بە توندی لە دژی جەوانان پێکهاتووە. گیرۆدە بوون بە ماددەی هۆشبەر، دیاردەیەکە کە لە ساڵانی هەفتا بەدەواوە بەشێوەیەکی سیستەماتیک لە ناو جەوانان پەری سەندووە. هەموو باندەکانی بڵاوکردنی ماددە هۆشبەرەکان لە کوردستان، لەگەڵ ناوەندە ئاسایشیەکانی دەوڵەت لە پەیوەندیدان. پەرەپێدانی گیرۆدەیی بە ماددە هۆشبەرەکان، بەشێکی بەرچاو لە تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە دژی کۆمەڵگای کوردستانە. بەرفراوانی گیرۆدەیی بە ماددە هۆشبەرەکان بەو ئاستە گەیشتووە کە نە تەنیا جەوانانی شارەکان، بەڵکوو جەوانانی گوندەکانیشی تووش کردووە. جەوانێکی گیرۆدە و بێهێز و بێئیرادە، نموونەیەکە کە گشتگیر بوونی ئەو لە کوردستاندا ستراتیژی سیاسی دەوڵەت لە بەرامبەر کۆمەڵگای کوردە. کۆماری ئیسلامی ئێران، لەلایەکەوە بە داسەپاندنی سنووری زۆر توند بۆ جەوانان و لەلایەکی تریشەوە بە کردنەوەی کاناڵی تایبەت لە هەندێک مژار بە تایبەت لە مژاری سێکسدا، هەموو سرنج و وزەی جەوانانی لە سەر ئەو مژارە کۆ کردۆوەتەوە. بەرتەسک کردنی پێناسەی ئازادی بە پەیوەندی سێکسییەوە،

توانای هزراندنی سیاسی لە جەوانان دەستێنێت. ڕژێم هەروەها بە پەرەپێدانی لۆمپەنیزم لە هەڵسوکەوتی ڕەگەزی وەکوو مۆدێلی هەڵسوکەوتی سەرەکی جەوانان، تەندروستی ڕەفتاری و دەرونی ئەوان دەشێوێنێت. ئەو تیپە کەسایەتییەی کە دەوڵەت لەناو جەواناندا دروستی دەکات، بە جێگای هەڵسوکەوتی مرۆڤانە و دموکراسیانە سەبارەت بە ڕەگەزی بەرامبەر، هەرجۆرە نزیکبوونەوەیەک وەکوو دەرفەتێک سێکسی لێکدەداتەوە. ئەم دیاردەیە شێوازێک لە پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەز پێک دەهێنێت کە تێیدا پەیوەندییەکانی دەسەڵات، و سەردەست و بندەست بەرجەستە دەبێتەوە. ئەوە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆکاری لاوازی لە تەربییەت و پەیوەندە کۆمەڵایەتییەکان کە توانایی ئازادیخوازی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیارێتی لە ناو جەواناندا کەم دەکاتەوە. کۆماری ئیسلامی ئێران پیلانی هەموو ناوەندەکانی پەروەردەیی، فەرهەنگی و پروپاگەندەیی خۆی بۆ کاریگەری دانان لەسەر جەوانان، دارێشتووە. هێرشی هەماهەنگ کراوی ئەم ناوەندانە لەگەڵ ناوەندە ئاسایشیەکان، لە ساڵانی حەفتا بەدواوە کاریگەری ڕوخێنەری لەسەر جەوانان هەبووە. سیاسەت و کرداری سیستەمی پەرەوەردە لە کوردستان، نیشاندەری سیاسەتەکانی ڕژێم لەسەر جەوانانە. ناوەندەکانی پەروەردە لە کوردستاندا ڕۆڵی پایەگای ئایدیۆلۆژی – سەربازی دەگێڕێن. دەرسە ئایدیۆلۆژییەکان زۆرترین ڕێژەی دەرسەکان پێکدێنن و ئەو ماموستایانەی کە پەروەردەی ئەم دەرسانەیان بە ئەستۆ گرتووە، بە بەردەوامی بۆ گرێدانی جەوانان بە ڕژێمەوە و ڕاکێشی ئەوان بۆ ناوەندە ئاسایشی و سیخوریەکان لە هەوڵدان دان. ئەو پروپاگەندە بەرفراوانانەی کە لە قوتابخانەکان بۆ ڕاکێش کردنی جەوانان بۆ بەسیج و وەزارەتی ئیتلاعات پەیرەو دەکرێت، سەرنج ڕاکێشە. هەروەها ناوەندەکانی پەروەردە بوونەتە ناوەندی بەرهەم هێنانی کوردی داخوازراو و دوورخستنەوەی جەوانان لە کلتووری کۆمەڵگای کوردی. ئەو تابلۆیەی کە قوتابخانەکان لە کۆمەڵگای کورد لە

بەرامبەر جەوانانی دادەنن، دەبێتە هۆکاری دوور کەوەتنەوەی ئەوان لە کۆمەڵگای خۆیان و ڕاکێشانیان بۆ فەرهەنگی شارە ناوەندییەکان. لە قوتبخانەکان و ناوەندە پەروەردەیەکان، خۆ بچووک بینینی فەرهەنگی بە سەر جەوانانی کورددا دادەسەپێندرێت. دەوڵەت لە لایەکەوە بە قووڵکردنەوەی نەریتە نالەبارەکان و ڕوانگەکانی پیرسالاری لە کۆمەڵگادا تەنگی بە جەوانان هەڵچنیوە و لەلایەکی تریشەوە نکۆڵیکردن لە فەرهەنگی خۆماڵی و وابەستەیی بە کلتووری سەردەست وەکوو تاکە ڕێگای ڕزگاری نیشان دەدات. ئەم ڕەوتە بەشێوەیەکی بەرچاوتر لەناو کچانی جەوان دا پێشدەخرێت. ناوەندە پڕوپاگەندەیی و ئاسایشیەکان لە هەماهەنگییەکی تەواودا، پێناسەیەک لە ژیان بە سەر جەوانانددا دادەسەپێنن کە ئاکامی ئەو، تاکگەرایی زیاتر لە ڕادە، ترس و پاسیڤ بوونە. ناوەندەکانی بەسیج، سووپا و ئیتلاعات هاوتەریب لەگەڵ توێژێکی تایبەت لە مامۆستایان و دامودەزگای ڕاگەیاندن، دەزگای پرۆپاگەندەیی(سازمانی ارشاد) ڕژێم و ناوەندەکانی گرێدراوی ئەو، لە پەیوەندییەکی بەرفراوان و سیستەماتیک لەگەڵ جەوانان، لەلایەکەوە بە هەڕەشەی بەردەوام، هەوڵ دەدەن ئەوان لە چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دوور ڕابگرن و لەو جەوانانەیان دەوێت وەکوو «تاکی باش» سەریان لە بەر خۆیاندا بێت و لەلایەکی تریشەوە مەرجی هەبوونی ژیانی بێدەردەسەر بۆ جەوانان بەشداربوون لە ناوەندە ئاسایشی و سیخورییەکانی نیشان دەدەن.

## چۆنییەتی پێکهاتنی بەرخۆدان وتێکۆشانی نوێی کۆمەڵگا

سالانی حەفتا، قۆناخی دەستپێکردنی قەیرانی بەرفراوان لە کۆمەڵگای کوردستاندا بوو. کۆمەڵگای کوردستان لەو ساڵانە بەدواوە نە تەنیا بەرەنگاری کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەبووەوە بەڵکوو گرفتاری قەیرانگەلێکی زۆر بەرفراوان بوو کە بەرهەمی سیاسەتە تایبەتەکانی دەوڵەت لە کوردستان و ئەندازیاری(موهەندسی) ئەم ڕژێمە لەسەر کۆمەڵگا و تاکی کورد بوو. بۆشایی تێکۆشان کە لە ئاکامی هەست کردن بە شکستی سیاسی پارتە کلاسیکەکان هاتە ئاراوە، میکانیزمە پاراستنییەکانی کۆمەڵگای لاواز کرد و کۆمەڵگای لە بەرامبەر سیاسەتەکانی ڕژێم بێپاراستن هێشتەوە. کۆمەڵگای کوردستان بە هۆی دینامیزمی تایبەت بە خۆی و ئەزموونی مێژووی و درێژخایەنی خۆی لە بواری بەرخۆدان و تێکۆشان لەبەرامبەر سیاسەتە رووخێنەرەکانی ڕژێم بێکاردانەوە نەما. چۆنکە جەوانان ئامانجی سەرەکی سیاسەتی روخێنەر و قەیرانسازی ڕژێم لە کوردستاندا بوو، کاردانەوە و بەرخۆدانی کۆمەڵگا لەبەرامبەر ئەو سیاسەتانە، بەر لە هەر کەس لەناو جەواناندا هاتە ئاراوە. جەوانانی کورد کە دۆخی قەیرانی کۆمەڵگای خۆیانی وەکوو بەرهەمی بۆچوون و پراکتیکی ڕێبازی سیاسەتی کلاسیکی کورد دەبینی، لە لێگەڕین بە دوای بۆچوون و شێوازەکانی تێکۆشانی نوێدا بوون کە بێ دووپاتکردنەوەی کەموکوڕییەکانی پارتە کلاسیکەکان بتوانێت قۆناخێکی نوێ لە تێکۆشان لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا دەستپێکات. پارتە کلاسیکەکان لە جێگای ڕەخنەدانێکی جیدی لە بەرامبەر کۆمەڵگای کوردستان لە هەوڵی پاساو هێنانەوە بۆ پاسیڤ بوونی سیاسیی خۆیاندا بوونوو و ئەو پاسیڤ بوونەیان وەکوو گۆڕانێکی ستراتیژی تێکۆشانی خۆیان و پرۆژەی هاوتەریب بوون لەگەڵا سەردەم ناوزەد کرد. ئەو هەڵسووکەوتەی پارتە کلاسیکەکان زیاتر لە پاساوێک، وەکوو هێلێکی سیاسی لێهات کە پێویستی هەرجۆرە تێکۆشانێکی بێواتا دەدیت. بەم شێوازە ئەم هێلی پاسیڤ بوون لە کۆمەڵگای کوردستاندا بوو بە «ئایدیۆلۆژی پاسیڤ بوون» کە زەمینەی بۆ بەردەوامی سیاسەتەکانی دەوڵەت دژ بە کۆمەڵگا خۆش دەکرد. جەوانانی کورد بە ڕەدکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای پاسیڤ بوون لە لێگەڕین بە دوای دۆزینەوەی «ئایدیۆلۆژیایی تێکۆشان و بەرخۆدان»دا بوون. بزووتنەوە و ئایدیۆلۆژیای ئاپۆئی لە هزر، سیاسەت، ڕێبەرایەتی و کردەوەی خۆی نموونەیەکی سەرکەوتوو لە تێکۆشان و بەرخۆدان بوو کە بە پێی تایبەتمەندی کۆمەڵگا و پرسی کورد، سەرکەوتووترین شێوازەکانی ئاراستە دەکرد. فکر و بزووتنەوەی ئاپۆیی بەرخۆدان و ئازادیخوازی لە تاک و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بە جێ دەکات و میکانیزمەکانی تێکۆشان و پارستنی کۆمەڵگا لە هەر هەلومەرجێکدا زیندوو ڕادەگرێت و ئەوەش هەر ئەو شتە بوو کە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕزگار بوون لە بارودۆخی نالەبار و قەیراناوی پێویستی پێ هەبوو. ڕەنگدانەوەی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ئاپۆیی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، ڕۆحێکی نوێی بە کۆمەڵگا و بە تایبەتی جەوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبەخشی. جەوانان ئەو ئایدیۆلۆژیا و شێوازەکانی تی□کۆشانیان ئاپۆیی پەسەند کرد و هاتنە مەیدانی خەباتەوە. دوابەدوای ڕفاندن و دەستبەسەر کردنی ڕێبەر ئاپۆ لە ساڵی ١٩٩٩ زایینی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاردانەوەیەکی توندی لەبەرامبەر ئەو کردەوە تیرۆریستییە و ئەو بێڕێزییەی کە لەو کردەوەدا بە کۆمەڵگای کورد کرابوو، نیشان دا. سەرهەڵدانی سێی ڕەشەمە ساڵی ١٣٧٧، بەرخۆدانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پارستنی هێڵی بەرخۆدان و ئازادیخوازی لە کوردستان بوو. سەرهەڵدانی سێی ڕەشەمە، سەرهەڵدان لەبەرامبەر هەموو سیاسەتەکانی بە ژن کردن و ڕاکێشکردنی خیانەت و لەشفرۆشی کۆمەڵگای کورد و ڕەدکردنی ڕاشکاوانەی ئایدیۆلۆژیای پاسیڤ بوون، بوو. ئەم سەرهەڵدانانە کە یەکەمین سەرهەڵدانی بەرفراوانی مێژووی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون، بە وەحشیانەترین و توندوتیژترین شێوە سەرکوت کران. لە درێژەی ئەم سەرکوتانە زیاتر لە ٥٠ کەس شەهید و ژمارەیەکی زۆریش قۆڵبەست کران. لەکاتێکدا کە ڕژێم باوەڕی تەواوی بە سەرکەوتنی سیاسەتەکانی خۆی لەدژی کۆمەڵگای کوردستان هەبوو، لە سەرهەڵدانی سێی ڕەشەمەدا دەوڵەت بە ئەوپەری سەرسوورمانەوە، دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێی لە تێکۆشانی گەلی کورد بینی. سەرکوت کردنی توندی سەرهەڵدانی سێی ڕەشەمە لەلایەن ڕژێمەوە، ئەم ڕاستییەی بە بەرخۆدانی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت جەوانان نیشان دا کە ئەم بەرخۆدانە بەردەوام ڕووبەڕووی تیرڕۆر و توندوتیژی دەوڵەت دەبێتەوە. وەڵامی جەوانان بۆ توندوتیژی، تیرۆر و سەرکوتکارییەکانی ڕژێم، بەشدار بوون

لە ریزەکانی بزووتنەوەی ئاپۆیی دا بوو. بەشداربوونی جەوان لە ڕیزەکانی تێکۆشان و دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ترسێکی گەورەی لە دڵی کۆماری ئیسلامیدا ساز کرد و ئەو ڕژێمە بە دەستی هاوپەیمانی دێرینی خۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێرشی بردە سەر کەمپی هەڤاڵانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی قەرەداخ. لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا ٧ هەڤاڵا شەهید بوون و ژمارەیەک لە هەڤاڵان دەستبەسەر و ڕادەستی کۆماری ئیسلامی کران. جەوانان بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی ئایدیۆلۆژیای ئاپۆیی، لە ساڵی ١٣٧٩ بە دواوە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان لەژێر ناوی «بزاوی یەکێتی دیموکراتیک» بە ڕێکخستن کرد. بزاوی یەکێتی دیموکراتیک کە ئامانجی بەهێز کردنی ئیرادە و بەرخۆدانی کۆمەڵگای کورد لە بەرامبەر سیاسەتەکانی ڕژێمدا بوو، شێوازی تێکۆشانی فکری، سیاسی و کۆمەڵایەتی گرتەبەر. ئەم بزاڤە کە خەباتی خۆی لە گۆڕەپانی زێهنیەتی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی پێناسە دەکرد، مەبەستی سەر لە نوێ درووست کردنەوەی قۆناخ بە قۆناخی بەرخۆدانی ڕاستەوخۆی سیاسی گەل بوو بە دوور لە هاتووهاوارەکانی باو لە مەیدانی سیاسەتدا. خەباتی ئەو بزاڤە بوو بە هۆی ئەوە کە لایەنە جیاوازکانی کۆمەڵگا وەکوو خوێندکاران، ڕێکخراوە مەدەنیەکان، ژنان و جەوانان ـ کە لە کەش و هەوای تا ئاستێک کراوەی بەرهەمی حکوومەتی دووجەمسەری قۆناخی رفورمدا هەلی خەباتیان پەیدا کردبوو ـ ببن بە خاوەنی هزر و ڕۆحی بەرخۆدان و بۆ دارشتنی تێکۆشانی مەدەنی هان بدرێن. بزاڤی یەکێتی دیموکراتیک کە کۆمەڵگای مەدەنی وەک گۆڕەپانی سێهەم پێناسە دەکرد، لە دژی ئەو چەمکە بوو کە ڕێکخراوە مەدەنیەکان کاریان ببێتە پڕکردنەوەی کەلێنەکانی ناوبەینی دەوڵەت و کۆمەڵگا و ڕۆڵی پاساوهێنانەوە بۆ بێهەڵوێستی لە بەرامبەر سیاسەتەکانی دەوڵەت لە کۆمەڵگادا بگێرێن. بزاڤی یەکێتی دیموکراتیک، گۆڕەپانی سێهەمی وەک بەشێک لە کۆمەڵگا دەبینی و ئەرکی ئەوی سنووردار کردنی چوارچێوەی کرداری و دەستێوەردانی دەوڵەت لە کۆمەڵگادا دەدیت. کەواتە ئەم بزاڤە پێناسەیەکی تێکۆشەرانەی بۆ کۆمەڵگای مەدەنی هەبوو. بزاڤی یەکێتی دیموکراتیک ئەو ڕوانگەیەی ئایدیۆلۆژیای پاسیڤ بوونی ڕەد دەکردەوە کە ڕەوایەتی کۆمەڵگای مەدەنی نە لە تێکۆشان بۆ وەگەڕ خستنی میکانیزمەکانی بەرخۆدان و تێکۆشانی کۆمەڵایەتی بەڵکوو ڕەوایەتی کۆمەڵگای مەدەنی لە قانوونمەندییەکی بە پێی داخوازییەکانی دەوڵەتدا دەدیت. ناکۆکی نێوان ئەو دوو ڕوانگەیە سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنی تا ڕۆژی ئەمروش بەردەوامە. لە سەرەتای ساڵانی هەشتاوە، سەرەڕای هەبوونی کەش‌وهەوای تا ڕادەیەک کراوەی سیاسی، سیاسەتەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەردەوام بوون و لەسەر ئەم بنەمایە ناوەندە ئاسایشیەکان لە کوردستاندا هێشتاش خاوەن قسەی یەکەم بوون. تێڕوانینی ئاسایشی ڕژێم سەبارەت بە پرسی کورد، هەروا بەردەوام بوو و تەنیا بە شێوەیەکی کاتی لە توندوتیژی و خێرایی دەستێوەرادانی هێزە ئاسایشیەکانی کەم ببووەوە، بەڵام سیاسەتە دژە کۆمەڵایەتیەکان وەک خۆی بەردەوام بوو. ناوەندە ئاسایشیەکانی ڕژێم کە تێڕوانینی بزاڤی یەکێتی دیموکراتیکیان لە بەرامبەر کۆمەڵگای مەدەنی لە دژی سیاسەتەکانی ڕژێم لە کوردستاندا دەدیت، دەستیان کرد بە چاوەدێری کردن و کۆسپ نانەوە بۆ چالاکە مەدەنییەکان و تەنانەت قوڵبەستکردنی ئەندامانی بزاڤی یەکێتی دیموکراتیک و لایەنگرانی. لە ساڵەکانی دوایی قۆناخی ریفۆرم، ڕژێم هێرشەکانی خۆی لەسەر بزاڤی یەکێتی دیموکراتیک بەرفراوانتر کرد، تا ڕادەیەک کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی ئەم بزاڤە یا ناچار بوون شێوەی تێکۆشانی شاراوە هەڵبژێرن و یان ڕوو لە چیاکان بکەن. چڕ بوونەوەی گوشارەکان لەسەر ئەم بزاڤە هاوکات بوو لەگەڵ ئامادەکاری هێزە توندرەوەکانی ڕژێم بۆ هاتنە سەر کار و دەستپێکردنی پرۆسەی یەکدست کردنی ڕژێم. بە بەرەو پێش چوونی ئەم پێواژۆیە، زمانی ڕژێم جارێکیتر بوو بە زمانی وەلانانی کەسانیتر و پێواژۆیەکی نوێ لە توندوتیژی دژ بە گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێران دەستی پێکرد. لەبەرامبەر سڕینەوەیی «ئەوانیتر» لەلایەن ڕژێمەوە، بزاڤ یان دەبوایە تەسلیمی سیاسەتی لەناو بردن و سر□ینەوە ببوایە یانیش لەبەرامبەر ئەو سیاسەتە بەرخۆدانی بکردبایە و هەبوونی خۆی و تێکۆشانی گەلی کوردی پاراستبایە. لە کۆنفراسێکدا کە بزاڤی یەکێتی دیموکراتیک لە ساڵی ٢٠٠٣ بەڕێوەی برد، بزاڤ لە دوو مژاری ستراتژیکدا بڕیاری وەرگرت:

**ـ تێپەر بوون بۆ قۆناخی ڕێکخستنی سیاسی دیاری کراو، ژیانەوەی تێکۆشانی ڕاستەوخۆی سیاسی لە کوردستان و دەستپێکردنی قۆناخی بە پارتی بوون**

**ـ پاراستنی بزوتنەوە و گەل لەبەرامبەر هێرشەکانی ڕژێم کە بە خێرایی بەرەو ڕەوتی ملیتاریزە بوون دەرۆیشت**

بە پێی ئەم بڕیارانە، لە ڕێکەوتی ١٥ خاکەلێوەی ١٣٨٣ (٤ ئاوریلی ٢٠٠٤) لە کۆنگرەیەکدا پارتی ژیانی ئازادی کوردستان بونیاد نرا و هاوکات لەگەڵا ڕاگەیاندنی چارەسەری دیموکراسیانەی کێشەی کورد و دیموکراتیزە کردنی ئێران وەکوو ستراتیژی تێکۆشانی پارتی، هێڵی پاراستنی ڕەوایش وەکوو یەکێک لە بنەماکانی تێکۆشان هەلبژێردرا. لەسەر ئەم بنەمایە پێکهێنانی هێزێکی گەریلایی بە ناوی هێزەکانی ئازادی کوردستان «HAK» کە دواتر ناوی گۆردرا بە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان «HRK»، بوو بە ڕۆژەڤی کاری پارتییەوە. دوابەدوای دامەزراندنی PJAK هێرشە توندوتیژ و تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕەنگێکی دیاریکراوتریان بە خۆوە گرت. لە ساڵی ٢٠٠٤ لە هێرشێکی تیرۆریستی هێزەکانی ڕژێم، یەکێک لە ئەندامانی بەشی سیاسی پارتیمان بە ناوی هەڤاڵ نەوزاد کۆمار لە هەرێمی ئاسۆسی باشووری کوردستان شەهید بوو. لەمەو بە دوا هێرشەکانی سەربازی، سیاسی، ئایدیۆلۆژیکی و پرۆپاگەندەیی لە دژی PJAK بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە

لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەستی پێکرد.لە ئاکامی هێرشەکانی سەربازی و سیاسەتی کوشتار و تیرۆری دەوڵەت لە دژی پژاک، لە ماوەی ٧ ساڵدا ١٤٢ کەس لە ئەندامانی پارتەکەمان شەهید کراون. لەم ماوەدا ٧ کەس لە ئەندامانی پارتەکەمان بە شێوەیەکی نامرۆڤانە لە سێدارە دراون و ١٠ کەسی دیکە چاوەڕێی جێبەجێ کردنی حوکمی لەسێدارەدانن و ٣١٤ کەس لە ئەندام و لایەنگرانی پارتەکەمان حوکمی زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپاوە. پەژاک لەو ساڵانەدا لەسەر بنەمای ستراتیژی پارستنی ڕەوا توانیویەتی هەبوونی خۆی بپارێزێت و لە بەرامبەر سیاسەتەکانی ڕژێم کە بە مەبەستی شکاندنی ئیرادەی گەلی کورد ئەنجام دەدرێت، خۆڕاگری بکات.

## پیلانرێژی و جێبەجێ کردنی پرۆژەی دژە پەژاک

بە پێشکەوتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێپەر بوون بە قۆناخی بە پارتی بوون و دامەزراندنی پەژاک، ڕژێم هەستی بە مەترسی ژیانەوەی تێکۆشان لە کۆمەڵگای کوردستان و سەرنەکەوتنی پرۆژەکانی دژە کۆمەڵایەتی و دژە مرۆڤایەتی خۆی لە کوردستاندا کرد. بەو پێیەش ڕژێم نە تەنیا سیاسەتی سڕینەوە و لەناو بردنی جەستەیی چڕکردەوە بەڵکوو هێرشی بەرفراوانی پڕوپاگەندەیی لە دژی پەژاک دەست پێکرد. ئەم هێرشانە کە بە مەبەستی پێشگرتن لە کاریگەری پەژاک لەسەر کۆمەڵگای کوردستان و هەروەها ڕێگڕی لە قۆناخێکی نوێ تێکۆشانی ڕاستەوخۆ لە دژی داگیرکاری ڕژێم لە کوردستاندا پێک دەهات، لە چوارچێوەی چەواشەکردنی ڕاستییەکان و کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و جەغزدار کردنی ڕۆخساری تێکۆشانی بزووتنەوەی نوێی ئازادیخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. لەم قۆناخەدا بەکرێگراوانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە بڵاوکردنەوەی ئەو درۆ و دەڵەسەیەی کە پەژاک دروستکراوی ڕژێم بۆ خۆیەتی، هەوڵیاندا کە ڕەوایەتی تێکۆشانی پەژاک لە ناو کۆمەڵگای کورددا بخەنە بن گومانەوە. باشترین و بەکاریگەرترین دەرفەتێک کە لە دەستی ڕژێمدا هەبوو، بەرچاوتەنگی و پاوانخوازی پارتە کلاسیکەکانی کورد بوو. پاوانخوازی وەک نەخۆشیەکی ریشەداکوتاو و کۆن لە ناو سیاسەتی کلاسیکی کوردیدا، بەردەوام کێشەیەکی زۆری لە ناو تێکۆشانی گەلی کوردستاندا بەرهەم هێناوە. قبوڵ نەکردنی یەکتری و داسەپاندنی یاسای»یا من یا هیچ کەسیتر» لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بووەتە هۆی هەوڵدانی پارت و ڕێکخراوەکان بۆ سڕینەوەی یەکتر لە گۆڕەپانی تێکۆشان و دروستبوونی لێکدابڕانی دوابەدوای یەک لە ڕیزەکانی تێکۆشاندا. پاوانخوازی لە دەسەڵاتخوازی پارت و کەسایەتییەکان سەرچاوە دەگرێت. ئەو پارتی و کەسایەتییانەی کە پاڵدانەوەیان بە کورسی دەسەڵات وەک مەرجی ئازادی کۆمەڵگا دەزانن، لە ڕاستیدا دەسەڵات بووەتە ئامانجی سەرەکی ئەوان و لە کردەوەدا دروشمی ئازادیخوازی تەنیا سەرپوشێک بو دەسەڵاتخوازییەکەیانە. مەرجی گەیشتن بە دەسەڵات، سڕینەوەی ئەوانەیە کە وەکوو ڕکابەر بە ناو دەکرن. هەر بۆیەش یاسای سەرەکی لە گۆڕەپانی سیاسەتی نەریتی کورددا، سڕینەوەی ڕکابەرە. بەشێکی زۆر لەو پێکدادانانەی کە لە ناو پارتە کلاسیکەکان دێتە ئاراوە، ڕێشەکەی لەناو ئەم ڕاستییەدایە. پێکدادانی خوێناوی و دڵتەزینەکانی نێوان دیموکرات و کۆمەلە لە ساڵانی شەست، نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە. هەوڵسوکەوتی پاوانخوازانە و دەسەڵاتخوازانە نە تەنیا لەنێوان پارتە کلاسیکەکاندا، بگرە لە ناوخۆی ئەو حیزبانەش کێشەی جددی بەرەهەم هێناوە. لەت بوونی بە دوابەدوای یەکی حیزبەکان کە بەداخەوە ئێستاش بەردەوامە، ریشەی لەو ڕوانگەدایە. ڕوانگەی پاوانخوازانەی پارتە کلاسیکەکانی کورد، بە دامەزراندنی پەژاک شەپۆلێک لە دوژمنایەتی ئەو حیزبانەی لە دژی پەژاک بەدواوە بوو.

پارتە کلاسیکەکان بە تایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەلە(موهتەدی)، پڕوپاگەندەیەکی بەرفراوانیان بۆ ناشرین کردنی روخساری پەژاک لە کۆمەڵگای کوردستاندا بە تایبەتی لە ناو لایەنگرانی خۆیاندا دەست پێکرد، تا ئەو ئاستە کە دامەزراندنی پەژاکیان وەکوو پیلانگێڕییەک لەدژی خۆیان بەناو کرد. سەرکردەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران و کومەلە، هەروەها لە ڕاگەیاندنە فارسیەکانی دەرەوەی وڵات و تەنانەت بە دانیشتن لەگەڵ پارت و لایەنە ئێرانی و ڕۆژئاواییەکان هەوڵدانیان لەسەر ئەوە بووە تا تابلۆیەکی گوماناوی، جێگای پرسیار و مەترسیدار لە پەژاک نیشان بدەن. ( بۆ نموونە حەسەن شەرفی ووتەبێژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە وتوویژێک لەگەڵ ڕادیۆی» بی بی سی» دا لە ڕێکەوتی ١٦ ئاگوستی ٢٠٠٥ پەژاکی وەکوو پارتییەکی گوماناوی بە ناو کرد. لە ماڵپەڕی بی بی سی ئاوا نووسراوە: حەسەن شەرەفی بە دیدەی گومانەوە دەڕوانێتە پەژاکەوە و دەڵێت پەژاک تا ئێستا بەرنامە و ئامانجی دیاریکراوی نیە و حیزبی دیموکرات ئەو وەکوو بەرهەڵسکاری جددی کۆماری ئیلامی نابینێت و ئامانجەکانی خۆی لەگەڵا ئەو یەک نابینێت). دوابەدوای نارەزایەتە بەرفراوانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی کوشتنی جەوانی کورد «سەید کەمالی ئەسفرام» ناسراو بە شوانە سەید قادر کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا ڕوویدا «عەلیرەزا نووریزادە» لە بەرنامەیەکی تلەڤیزیۆنی دەنگی ئەمریکا(VOA)دا ڕایگەیاند کە پەژاک پیلانگێڕی سوپای پاسدارانە و ئەندامانی پەژاک لە سەقزدا ئاگریان لە حوسەینەی شێعەکان بەرداوە. ناوبراو هەروەها لە نووسراوێک لە ژێر ناوی «ژنراڵەکان دەرووخن» دەبێژێت کە ڕژێم لە ئەندامی پەژاک بۆ جاسووسی لە دژی کوردەکانی ئێران بەهەرە وەردەگرێت. سەرچاوەی زانیاری ووتەکانی نوریزادە پارتە کلاسیکەکانی کورد بوون. ماوەیەک دواتر نوریزادە دوای زانینی ناڕاست بوونی ئەم زانیاریانە، لە بەرنامەیەکی تلوزیۆنی و لە گفتگو لەگەڵا هەڤال حاجی ئەحمەدی دانی بە نادروست بوونی ئەو زانیاریە داناو قسەکانی سەرەڕاست کردەوە.

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران کاردانەوەی

پاوانخوازانەی پارتە کلاسیکەکانی کوردی لە دژی پەژاک وەک هەلێک قۆستەوە و نەتەنیا هەوڵی هاندانی هەڵسووکەوتی ئەو حیزبانەی هەبوو، بەڵکوو لە زۆر شوێنی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەکرێگیراوانی دەوڵەت لە ژێر ناوی لایەنگری و تەنانەت ئەندامێتی ئەم حیزبانە، پروپاگەندەیەکی بەرفراوانیان لە دژی پەژاک وەرێخست. ئەو جۆرە کەسانە لە لایەن یەکینەکانی وەزارەتی ئیتلاعات پەروەردەیان دەبینی و ئەرکیان ئەوە بوو کە خۆیان وەک لایەنگری رادیکاڵی حیزب دیموکرات و کۆمەلە نیشان بدەن و لە دژی پەژاک پروپاگەندە بکەن. لە پەروەردەی وەزارەتی ئیتلاعات بەو کەسانە دەگوترا کە دوای ماوەیەک پرۆپاگەندە لە دژی پەژاک حیزبە کوردییەکان بە رەزامەندییەوە پەیوەندییان لەگەڵا دەگرن و بانگهێشتی ئەندامێتیان دەکەن. بۆ نموونە «عەلی کەریمی» کە سیخورێکی خەڵکی بیاشۆشی جوانرۆ بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٨ بۆ سیخوری و شەهید کردنی ئەندامانی پەژاک ناردرابوو، دوای دەستبەسەر بوونی، دانی بەوەدانا کە لەساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن ئیتلاعاتی کرماشانەوە بۆ ئەوەی کە خۆی وەک ئەندامێکی حیزبی دیموکرات بناسێنێت و لەدژی پەژاک پروپاگەندە بکات، پەروەردەی بینیوە و ماوەیەکیش ئەم کارەی ئەنجام داوە. «روح الله حەیدەری» خەڵکی گوندی دەگاگای مەریوان، بەسیجێکی چەکدارە کە بە شێوەیەکی لە ناکاو خۆی وەکوو لایەنگری حیزبی دیموکرات ناساند و لەسەر ناوی ئەم حیزبە دەستی بە پرۆپاگەندەی خراپ لە دژی پەژاک کرد. ئەو بەکرێگیراوە راشکاوانە و بێترس خۆی وەک دیموکراتی دەناسێنێو و تەنانەت خاوەنی کارتی ئەندامێتی حیزبی دیموکراتیشە. دوابەدوای پێداگری پەژاک بۆ تێکۆشان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و سازبوونی پەیوەندی گەل لەگەڵ گەریلاکانی «HRK»، ئەو پرۆپاگەندانە بە تەواوی پووچەڵ بوونەوە و نەیانتوانی رەوایەتی و راستینەی تێکۆشانی پەژاک لە کوردستان لاواز بکەن. گوشاری گەل لەسەر پارتە کلاسیکەکان و تەنانەت نارەزایەتی جددی ئەندامان، پێشمەرگەکان و بەشێک لە رێوەبەری سەرکردایەتی ئەم حیزبانەی ناچار کرد تا دەستبەرداری پرۆپاگەندەی «گرێدراوی پەژاک و وابەستەیی ئەو بە دەوڵەت» ببن. دوابەدوای پووچەڵ بوونەوەی ئەم پرۆپاگەندانە، هەندێک لە سەرکردەکانی حیزبە کلاسیکەکان، وەکوو «موهتەدی، هجری و حەسەنزادە» بابەتێکی نوێیان لە ژێر ناوی «رەسەن نەبوون و بێناسنامە بوونی پەژاک»یان هێنا ئاراوە. ئەم مژارە ئێستاکەش جاروبار لەلایەن هەندێک کەسەوە لە پرۆپاگەندەی شەڕی دژبە پەژاک بەکار دەهێنرێت. «رەسەنایەتی حیزبی» دەستەواژەیەکی بە تەواوی دەستکرد، بێواتا و هەڵقولاوی بیری هەرێم گەرایی و نەریتیانەی ئەم کەسانەیە. باس کردن لە دەستەواژەی رەسەنایەتی لە مژاری سیاسەتی حیزبیدا، پەیوەستە بە باوەڕی بە هەبوونی دیاردەگەلێکی ساختە وەک «ژنێتیکی حیزبی» و «بایۆلۆژی حیزبی». ئەم بەرێزانە بۆ سەلماندنی ئەم دەستەواژەیە دوو باس دەوروژێنن. یەکەم ئەوەیە کە پەژاک پارتییەکی رۆژهەڵاتی کوردستان نیە و دووهەمیش ئەوەی کە پەژاک پارتێکی ئێرانی نییە(بابەتی یەکەم لە هەڵسوکەوت لەگەڵ کوردان و بابەتی دووهەم کاتی دانیشتن لەگەڵ هاورێ فارسەکانیان دەخەنە رۆژەڤ). تەنیا بیانوویەکی کە ئەو کەسانە لە پەیوەندی لەگەڵا رۆژهەڵاتی نەبوونی پەژاک دەیخەنە روو، هەبوونی ئەندام لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ناو ریزەکانی پەژاک دایە. بەشداری گەلی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە تێکۆشانی ئازادیخوازانە، نەتەنیا خاڵێکی نەرێنی و خراپ نییە، بەڵکوو دیاردەیەکی بە تەواوی دیموکراتیانە و ئازادیخوازانەیە. ئەم مژارە بە شێوەیەکی سروشتی لەلایەن کۆمەڵگای کوردستان پەسند کراوە و پێشوازی لێدەکرێت. تایبەتمەندی پرسی کورد ئەو پێویستییە دێنێتە ئاراوە کە بەشەکانی کوردستان، ئازادی و سەرکەوتنی خۆیان پەیوەست بە بەرزبوون و گەشبوونی تێکۆشان لە بەشەکانی تر و یەکگرتن لەگەڵا ئەواندا ببینن. دەوڵەت ــ نەتەوە سەرکوتکارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای نکۆڵی کردن و لەناو بردنی هەموو گەلی کورد بونیاد نراوە. ئەگەر بۆ ئەم بەرێزانە هاوکاری دەوڵەتە سەرکوتکەرەکانی دژە کورد لە دژی گەلەکەمان جێگەی سەرسووڕمان نیە، بۆچی هاوکاری و بەشداری گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان تا ئەو رادەیە دەبێتە هۆکاری کاردانەوەی ئەوان لەبەرامبەر پەژاکدا؟ ئەمە لە کاتێک دایە کە گەلی کورد بە پێچەوانەی تێروانینی ئەم کەسانە، لە هاودڵی و هاوکاری لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان بەردەوام ئامادەیی خۆی نیشان داوە. هاوکاری و هاودڵی گەلی رۆژهەڵات و باکووری کوردستان لەگەڵ باشووری کوردستاندا لە رووداوگەلێک وەک کۆمەڵکوژی هەڵبچە و ئاوارەیی گەلی باشوور لە ساڵی ١٩٩١، لە نموونە بەرچاوەکانی ئەو فەرهەنگە لەناو گەلی کورد دایە. کاردانەوەی هەمەلایەنانەی گەلی بەشەکانی کوردستان لە بەرامبەر لە سێدارەدرانی جەوانانی تێکۆشەر بەدەست رژێمی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەتی خۆپێشاندانە بەشکۆیانەی گەلی باشوور و باکووری کوردستان لەو بوارەوە نموونەی بەرچاو و نوێ لە هاودڵی گەلی کورد لە تێکۆشانی رێگای ئازادی دایە. لە کاتێکدا هەندێک لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ترسی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان ناوێرن پشتیوانی خۆیان لەو ئەندامانەیان دەربڕن کە سزای سێدارەیان بە سەردا سپێندراوە، پشتیوانی گەلی بەشەکانی تری کوردستان نیشاندەری ناکۆکی تەواوی روانگەکانی کۆمەڵگای کورد لەگەڵا روانگەی ئەو حیزبانەیە. لە کاتێکدا کە پارتە کلاسیکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان گیرۆدەی شەڕی دەسەڵاتن و لە دونیای خەونەکانی خۆیاندا کوردستان دابەش دەکەن، گەلی کورد بە هەستیاری تەواوەوە تێکۆشانی بەشەکانی تری کوردستان چاوەدێری دەکات و کاریگەری لێی وەردەگرێت. ئەو کەسانە و پارتەکانیان ساڵانێکی درێژە لەناو ماڵی گەلی باشووری کوردستان و لە ناو بنەماڵەی ئەواندا ژیاون و لەلایەن گەلی باشوورەوە پشتیوانیان لێکراوە بەڵام ئێستاکە هاوکاری و پشتیوانی بەشەکانی تری کوردستان وەک نیشانەی نارەسەنایەتی بە ناو دەکەن. لەلایەکی ترەوە هەبوونی کەسانێک لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە رێزەکانی تێکۆشانی رۆژهەڵاتی کوردستان تایبەت بە پەژاک نەبووە و خاوەن پێشینەیە و

لە مێژووی تێکۆشانی ئەو بەشە بەردەوام هەبووە. بەشداربوونی کوردەکانی باکوور و باشووری کوردستان لە کۆماری کوردستاندا، هەبوونی شەهیدانێک لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە مێژووی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتدا کە ناوێک لەوان نابردرێت(ملا محمد ناسراو بە ئەبوو تارا ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی شیووعی کوردستانی ئێراق بوو کە بۆ ماوە سێ سال لە ١٣٥٨ تا ١٣٦١ فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بوو). هەروەها شەهادەتی هەندێک لە کوردەکانی باشووری کوردستان لەناو ریزەکانی کۆمەلەدا لە سالی ١٣٥٨ (بەرێز جەمیل نەوەر□□ە لە ئەندامانی کۆنی کۆمەڵە لە لاپەرەی ٦٤ کتێبی «برای پبت در تاریخ» باس لە شەهید بوونی پێشمەرگەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەناو ریزەکانی کۆمەلە دەکات) لە نموونەکانی بەرچاون. ئەم پرسیارە دەبێت روبەڕووی ئەو کەسانە بکرێتەوە کە بە پێی چ پێوەرێک دەبێت گەلی بەشەکانی دیکەی کوردستان، یەکتر وەک بێگانە ببینن و هاوسەنگەر بوونیان رەسەنایەتییەکانیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە؟ هێرشی پارتە کلاسیکەکانی کورد بۆ پەژاک بە بیانووی بەشداری ئەندامانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ناو ریزەکانی پەژاکدا بەواتای ئەرێ کردن و پشتوانی لە تەواوی ئەو سیاسەتانەیە کە لە تەواوی سەدەی بیستەمدا لە لایەن دەڵەت ـ نەتەوە داگیرکارەکان لە دژی کوردستان بە رێوە چووە. ئەو روانگەیەی پارتە کلاسیکەکان، واژۆ کردنی ئەو سیاسەتەیە کە کۆمەڵگای کورد و کوردستان بە مۆڵکی دەوڵەت ـ نەتەوە سەرکوتکارەکان دەزانێت؛ روون و ئاشکرایە کە هەڵوێستێکی وەها بێئەخلاقییەکی گەورە لەمەڕ راستینەی مێژووی کۆمەڵگای کوردستانە.

ئێرانی نەبوونی پەژاک مژارێکە کە لە دانوساندنەکانی ناوبەر هەندێک کەسایەتی و پارتە کلاسیکەکان لەگەڵا پارتە ئێرانیەکان بەتایبەت لایەنی ناسیۆنالیستی فارس دێتە ئاراوە. ورۆژاندنی مژاری وەها لەلایەن ئەو کەسانەی کە تەنیا بە هۆی باسکردنیان لە ناسنامەی کوردی تا ئێستاش وەکوو جودایخواز دەناسرن زۆر سەرنجراکێشە. ئەو بەرێزانە ئایا مژاری ئێرانی نەبوونی پەژاک بۆ خۆ رزگارکردن لە مۆرکی جودایخوازی پێشدەخەن؟ لە مێژووی تێکۆشانی سیاسی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران، «ئێرانی» دەستەواژەیەکە کە تەنیا بە بەشی فارسی زمانی ئۆپۆزسیۆن دەگۆترێت و پشتگیری ماددی و سیاسی هێزەکانی رۆژئاوا لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، بەو بەشە فارسی زمانە سنووردار ماوەتەوە. هەوڵدانی پارتە کلاسیکە کوردییەکان و پێداگری ئەوان لەسەر ئێرانی بوونیان، لە هەموو بارێکی کۆمەڵناسی و سیاسی ـ ستراتیژیک بێبەرییە و تەنیا ترسی ئەوان لەوەیە کە لەژێر مۆرکی جودایخواز لە نەعمەتەکانی ئێرانی بوون بێبەش بن و بۆ سەر خوانی ئەو نەعمەتانە رێگایان پێ نەدەن. دیاردەی یەکسانی کردنی ئێرانی بوون لەگەڵا فارسی بوون یەکێک لە روانگەکانی هەڵقوڵاو لە ناسیۆنالیزم و دەوڵەت ـ نەتەو لە ئێران دایە. بە پێی ئەو روانگەیە ناسنامەی پەتیی ئێرانی (هەر ئەو شتەی کە پارتە کلاسیکە کوردییەکان وەکوو رەسەنایەتی ناوەی لێدەکەن) لەگەڵا ناسنامەی ئەتنیکی فارس یەکسانە. پراکتیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو روانگەیە دەبێتە هۆی نائێرانی دیتنی ناسنامەکانی دەرەوەی فارس، پەراوێز کردنیان و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵ کردنیان بە رێگای توندوتیژی و هەروەها هەوڵدان بۆ بەئێرانی کردنی ئەوان(تواندنەوەیان لەناو فەرهەنگی فارسیدا). جۆداییخوازییەک ئەگەر هەبێت پێویستە لەو روانگە و پراکتیکانەدا ببیندرێت. ئەو تێڕوانینە گەلانی تری ئێرانی دەخاتە ناو پرۆسەی «پەلەقاژە بۆ سەلماندنی ئێرانی بوون»ی ئەوانوو و لەناو ئەوەشدا ناچاریان دەکات بە قبوڵ کردنی فەرهەنگی سەردەستی ناوەندی، دەسەڵاتی دەوڵەت و سەردەستی سیاسی پارت و لایەنە ناسیۆنالیستە ئێرانیەکان. پەلەقاژەی کەسایەتیەکان و پارتە کلاسیکە کوردەکان بۆ سەلماندنی ئێرانی بوونیان، ئەوانی لە رەوشی بێئیرادەیی تەواو لە بەرامبەر ناسیۆنالیستی فارسیدا هێشتۆتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە بە پێی روانگەی ناسیۆنالیزمی ناوەندگەرای ئێرانی(فارسی)، کوردەکان بە هەر شێوەیەک هەر جودایخوازن، چونکە جیاوازن. بەڵام کوردەکان دابەش دەکەن بە «کوردی بە شاراوە جودایخواز» و «کوردی بە کردەوە جودایخواز». واتا لە روانگەی ئەوانەوە کوردی جودایخواز و جودایخوازتر هەیە. لەیەکچوونی ئەم روانگەیە لەگەڵا سیاسەتەکانی رژێم لەمەڕ سازکردنی کوردی خوازراو لە بەرامبەر کوردی ناخوازراو سەرنجراکێشە. ئەو کەسایەتی و پارتە کوردیانەی کە لە هەوڵدانی سەڵماندنی خۆیان وەکوو کوردی خوازراو، بە بەهای جودایخواز نیشاندانی بزووتنەوەی چالاک و نوێی گەلی کورد دان، لە راستیدا جگە لە گەمە و ئامرازی هێزە ناسیۆنالیستەکان بۆ پاسیڤ بوونی کوردستان رۆڵێکی تریان نیە. بەداخەوە ئەم بە ئامراز بوونە بە تەواوی دڵخوازانە و هەڵقولاوی ئایدۆلۆژیای پاسیڤ بوونە. پێناسەی پەژاک لە ناسنامەی ئێرانی، پێناسەیەکی فرەرەنگی و دیمۆکراتیانەیە. بە پێی ئەو پێناسەیە ناسنامەی ئێرانی، کۆی هەموو ئەو ناسنامانەیە کە لەسەر بنەمای هاوبەشی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لە یەکێتییەکی خۆخواز و دیمۆکراتیانە پێکهاتووە. لەسەر بنەمای ئەم روانگەیە، کورد بوون هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ ناسنامەی ئێرانی نابێت. دیمۆکراتیزە کردنی چەمکی ناسنامەیی و هاووڵاتی بوون لە ئێراندا، پەیوەستە بە تێپەرکردنی روانگە بەرتەسکەکانی ناسیۆنالیستی ئێرانی. بەشداری ناسنامە جیاوازەکان لە ناو ناسنامەی ئێردانیدایە کە دامەزراندنی دیموکراسی لە ئێراندا مسۆگەر دەکات. دیمۆکراسی بە تێکۆشان و بەشداری ئەکتیڤی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ناسنامەی گەلی کورد و گەلانی تر پێکدێت. لەم روانگەیەوە پرسی کورد و پرسی دیمۆکراسی لە ئێراندا، دوو مژاری پەیوەندیدار بە یەکترە. ئەو کەسانەی لە ژێر ناوی رەسەنایەتی، پێناسەیەکی یەکەدەست(هۆمۆژن) لە ئێرانی بوون پێشکەش دەکەن، لەراستیدا لە گەڵ ناوەڕۆکی دیمۆکراسی لە ناکۆکی دان. ئەو کەسایەتێ کوردانەی کە پێناسەی یەکدەستی ناسیۆنالیستە فارسەکانیان لە ناسنامەی ئێرانی پەسەند کردووە، بە رادەی ناسیۆنالیستەکان لە چارەسەر نەبوونی کێشەی کورد و دیمۆکراتیزە نەبوونی ئێراندا تاوانبارن. ناسیۆنالیستەکانی

ناوەندگەرا و دەسەڵاتخواز و ئەو کوردانەی کە پەراوێز بوون و بە ژن بوونیان قبوڵ کردووە هەر دوو دژبە دیموکراسین. ئەو کوردانەی کە بۆ سەلماندنی خوازراو بوون و ئێرانی بوونی خۆیان لە بەرامبەر ناسیۆنالیستەکاندا پەلەقاژە دەکەن، لە ڕاستیدا «بەسیجییەکانی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی ئێرانین».

پێداگری پارتە کلاسیکە کوردەکان لە پێناو بەدناو کردنی پەژاک و بەردەوامی پرۆپاگەندە نەرێنییەکانیان لە کاتێکدایە کە پەژاک بە هۆی بنەما فیکرییەکانی، خەسارناسی دەسەڵات و بە ئامانجی تێپەرکردنی عەقڵییەتی پاوانخوازانە بۆ بەرهەم هێنانی یەکێتی دیموکراتیانە لە ڕیزەکانی تێکۆشانی کوردستان، هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە بەردەوام هەوڵی پەیوەندی گرتنی لە گەڵ پارتە کوردەکان و بانگهێشتنیان بۆ لە یەک نزیکبوونەوە داوە. هەوڵدانەکانی پەژاک بۆ پێوەندی گرتن لە گەڵ پارتە کوردییەکان و چەندین نامەیەک کە لەو بوارەدا بۆ ئەو حیزبانە نوسراوە، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە. (پەژاک دوابەدوای هەر یەک لە کۆنگرەکانی یەکەم، دووهەم و سێهەم نامەی بۆ حیزبە کوردییەکان نووسیوە و هەروەها لە قۆناخە جیاوازەکان نامەی سەرئاواڵەی بە ئامانجی پێکهێنانی یەکێتی ناوبەری حیزبەکان بلاو کردووەتەوە).

کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ ئەو پرۆپاگندە بەربلاوانەی کە لە دژی پەژاک بەڕێوەی دەبرد و بەکەڵک وەرگرتن لە پاوانخوازی پارتە کلاسیکەکانی کورد بەهێزتری دەکرد، هێرشە توندوتیژەکانی خۆی لە دژی گەلی کورد و پەژاک چڕتر کرد. دەوڵەت کە بۆخۆی زمانە سەرەکییەکەی توندوتیژییە، لەو قۆناخەدا مۆرکی تیرۆریست بوونی لە پەژاک و هەروەها بی گرێدراو نیشاندانی پەژاک بە ئەمریکا و ئیسرائیلەوە هەوڵی ڕەوایەتیدان بە هێرش و توندوتیژییەکانی خۆی دەدا. لە ساڵی ٢٠٠٤ و دوابەدوای هێرشی تیرۆریستی هێزەکانی ڕژێم و بەشەهادەت گەیاندنی هەڤاڵ نەوزاد کۆمار، هێرشە سەربازییەکان لە دژی پەژاک چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی ئێران، ئاستێکی بەرزتری بەخۆوە گرت. ڕێژەی ئۆپەراسیۆنەکان، ژمارەی دەستبەسەرکراون و ئاستی توندوتیژییەک کە ڕژێم لە دژی پەژاک و کۆمەڵگای کورد بەکاری بردووە، ساڵ بە ساڵ بەرز بوونەوەی بەرچاوی بە خۆی بینیوە.

بێئەنجام بوونی هەوڵدانە توندوتیژ و پرۆپاگەندەییەکانی ڕژێم بۆ لە ناو بردنی پەژاک، ڕژێمی ناچار کرد کە بۆ بەرنگار بوونەوەی بزووتنەوەی نوێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بکەوێتە هەوڵدانی پەیدا کردنی دوست و هاوپەیمان. ئەو مژارە هاوکات بوو لە گەڵ زیاد بوونی گوشارە دەرەکییەکان و تەنگەتاو بوونی ڕژێم لە گۆڕەپانی ناونەتەوەیی، بەتایبەت لە مژاری چەکی ناوەکیدا. گونجاوترین دەوڵەت کە هەم لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی گوشارەکان لە سەر ئێران کەم بکاتەوە و هەم لە دژایەتی کورددا لە گەڵیدا لە هاوئاهەنگێکی تەواودا بێت، کۆماری تورکیایە. کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئاگاداری ترسی دەوڵەتی تورکیا لە پرسی کورد بوو، بە دەربڕینی ئامادەیی بۆ هاوکاری تەواوی تورکیا لە سەرکوتکردنی کوردەکانی ئەو وڵاتە، لەو دەوڵەتە داخوازی هاوکاری هەمە لایەنەی بۆ بەرنگار بوونەوە پەژاک کرد. لەمە بەدوا، پەژاک و پرسی کورد تەوەری سەرەکی پێوەندییەکانی ئەم دوو دەوڵەتە بوون. لە ساڵی ٢٠٠٥ بە دواوە، پەیوەندی ئەو دوو دەوڵەتە بە ئامانجی لەناو بردنی ئەو شتەی کە وەکوو مەترسی هاوبەش بە ناویان دەکرد ڕۆژبەڕۆژ بەرفراوانتر و بەهێزتر بووە. لەم هاوکارییانەدا، هەر دوو دەوڵەت بۆ کوشتن، گوشار و سەرکووتی هەرچی زۆرتری گەلی کورد، هێز و بوێری بەیەکتر دەدەن. ئەم چاوپێکەوتنانە زۆربەیان لە ئازەربایەجانی ڕۆژئاوا و لە شاری وانی باکووری کوردستان پێکهاتوون و پەیمانە ئابوورییەکان بەتایبەت لەسەر بابەتی هێڵی لوولەی گاز، تاموچێژی ئەو چاوپێکەوتنانە بوو. ئەو پەیوەندییانە کە دەتوانین وەکوو «دیپلۆماسی کوشتاری» ناوی لێبکەین، لەساڵی ٢٠٠٧ی زایینی چەندین پەیمانی بەرفراوانی سەربازی و ئاسایشی و زانیاری لێکەوتەوە کە لە ئەنجامی ئەو پەیمانانەدا پیلانێکی تایبەت بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەمە لایەنەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد و بە تایبەت پەژاکی لێکەوتەوە.

هاوبەشی ئایدۆلۆژی ناوبەری پارتی ئیسلامی داد و گەشە پێدان(AKP) و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، لە بە هێز کردنی ئەو پێوەندییانەدا ڕۆڵیکی بەرچاوی گێڕاوە. بە لە بەرچاو گرتنی جیاوازی شێوازی تێکۆشان، ڕێکخستن کردن و پاراستنی بزووتنەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست پارتە کلاسیکەکان، و هەروەها بەهۆی هاوبەشی ئایدۆلۆژی، فەلسەفی و ڕێبازی تێکۆشان لە نێوان پەژاک و بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە باکووری کوردستان، کۆماری ئیسلامی بۆ بەردەوام کردنی سیاسەتەکانی خۆی لە کوردستان، کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی دەوڵەتی تورکیا لەمەڕ سەکوتکردنی گەلی کورد بە پێویست دەزانێت. لەسەر ئەو بنەمایە گواستنەوەی ئەزموونەکانی دەوڵەتی تورکیا لەمەڕ سەرکووتکاری و کوشتاری کوردەکانی ئەو وڵاتە، خاڵی سەرەکی هەموو چاوپێکەوتن و پەیمانە دیپلۆماتیکەکان بووە. دەوڵەتی تورکیا لەساڵی ١٩٨٠ و دوابەدوای کودەتای سەربازی لەو وڵاتەدا، بۆ بنبڕکردنی لایەنە چەپەکان و تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلی کورد، ناوەندێکی تایبەتی کە لە ساڵی ١٩٥٢ەوە ساز کرابوو، بۆ پیلان دارژتن و بەڕێوەبردنی هەموو میکانیزمەکانی سەربازی، زانیاری، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی بەرفراوان و ئەکتیڤتر کرد. ئەو ناوەندە کە بە ناوی «ناوەندی شەڕی تایبەت» (ÖZEL HARP DAYİRESİ) بەناو دەکرا، هەموو دەرفەتەکانی بەرخۆدانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە ناو تورکیا و بەتایبەت لە کوردستاندا، دەکردە ئامانجی هێرشەکانی. دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەتایبەت کاناڵەکانی تەلەڤیزیۆن، ڕۆژنامەوانان، باندەکانی لەشفرۆشی، جاشە چەکدارەکان، تیمەکانی مرۆڤ کوشتن، پارتە ئیسلامییەکان لە لیبەراڵەوە هەتا حیزبوڵڵا(حیزبول کۆنترا)، بەهێز کردنی فاشیزم لە ناو کۆمەڵگادا، هونەرمەندە دژە فەرهەنگییەکان، بەرنامەکانی تایبەتی پەرەپێدانی هەژاری لە کوردستان و چۆڵ کردنی بەرفراوانی گوندە کورد نشینەکان، هەموویان لەم ناوەندە مەترسیدارە پێک دێن و بەڕێوە دەبردرێن. چالاکی بەرفراوانی ئەو ناوەندە

و هێزی یەکجار زۆری ئەو لە ماوەیەکی کەمدا ئەو ناوەندەی کردۆتە دیاردەیەکی مافیایی بەناوی «دەوڵەتی شاراوە» (DERİN DEVLET). ڕێکخراوەی تیرۆریستی ئەرگەنەکۆن (Ergenekon) تەنیا بەشێکی بچووکی ئەم سیستەمەیە. ناوەندی شەڕی تایبەت لە ڕەهەندێکی بەرفراواندا، لە هەموو گۆڕەپانەکاندا، لە مرۆڤکوژی، مرۆڤ ڕفاندن و دەستدرێژی بگرە هەتا ڕۆژنامەوانی، سیاسەت، پرۆپاگندەی ئیسلامی سیاسی، لایەنە جیاجیاکانی هونەر و ئابووری، هەوڵی پەروەردە و بارهێنانی «کادیری شەری تایبەت»ی داوە. کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەنگار بوونەوەی پەژاک و مسۆگەر کردنی شکستی کۆمەڵگای کورد لە ئێراندا و بنبڕ کردنی تێکۆشانی دیمۆکراتیانە لە هەمووی ئێراندا، پێویستی داڕشتنی سیسەتەمێکی وەهای هەست پێکردووە و لەسەر ئەم بنەمایە لە هەوڵی گواستنەوەی ئەو بۆ ناو ئێراندایە. بەهێزبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی سوپای پاسداران و دەستێوەردانی لە هەموو گۆڕەپانەکانی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و بارهێنانی کادیر لەم زەمینانەدا، لە ڕاستیدا نموونەی گواستنەوەی مۆدێلی ناوەندی شەری تایبەتی تورکیا بۆ ئێرانە.(خاڵی سرنجراکێش ئەوەیە کە موحەممەد عەلی جەعفەری، دوایین فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران، خۆی پسپۆری بەرەنگاربوونەوەی هەمە لایەنەی دیاردەیەک بە ناوی «شەڕی نەرم» دەزانێت). پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیا لە بەرفراوان کردنی میلیتاریزم لە سیستەمی دەسەڵاتی ئێران، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. شەڕی تایبەت، لە ڕاستی خۆیدا کۆمەڵێک لە میکانیزم و ڕێبازەکانی دەوڵەت بۆ لە ناو بردنی ئەگەری هەر جۆرە خۆراگری لە بەرامبەر تەسلیمیەت لە گۆڕەپانە جیاوازەکانی کۆمەڵگادایە. هەربۆیەش شەڕی تایبەت، ڕاگەیاندنی شەڕی هەمە لایەنەی ڕژێم دژی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگایە. گواستنەوەی مۆدێلی شەری تایبەت لە تورکیاوە بۆ ئێران، هەموو سیاسەتە دژە کۆمەڵایەتییەکانی ڕژێم چڕتر دەکاتەوە، هێزیان پێدەدات و ڕەهەندی نوێی پێوە زیاد دەکات. شەڕی تایبەت لە کوردستاندا لە چوارچێوەی پرۆژەیەک لە ژێر ناوی پرۆژەی ”دژە پەژاک“» کە لە چاوپێکەوتنەکانی ئێران و تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٧ پیلانی بۆ داڕێژراوە، پێکدێت. ئەم پرۆژەیە کە لە لایەن «ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران» کەوتە بەر هەڵسەنگاندن و پەسند کرا، هاوکات هەنگاوی یەکەمی دامەزراندنی شەڕی تایبەت لە ئێراندایە. لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە لە کوردستاندا، شەڕی تایبەت لە ئێران، بن بڕ کردنی هەرچەشنە بەرهەڵستکاری دیمۆکراتیانە لە بەرنامەی خۆیدا دەگونجێنێت. ئەمە ڕێکەوت نیە کە لە ساڵانی دواییدا، یەکەمین هێرشە سەرکوتکارەکان سەرەتا لە کوردستان دەستی پێکردووە و دواتر بۆ شوێنەکانی تری ئێران گواستراوەتەوە.

## بەشەکان و کردەوەکانی پرۆژەی ”دژە پەژاک“

### ــ بەشی کوشتاری لە ناوەندی شەڕی تایبەت دژ بە پەژاک

بەشی کوشتار لە پرۆژەی ”دژە پەژاک“، لەلایەن کۆمیتەیەک پێکهاتوو لە سووپای پاسداران(بەسیج، پاراستنی زانیاری سوپای پاسداران و سوپای قودس ئامادەیی بەردەوامیان لە هەموو کۆبوونەوەکاندا هەیە)، وەزارەتی ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی و تیمێک پێکهاتوو لە ئەندامانی ڕێکخراوەی ئاساییشی نەتەوەی تورکیا (MİT)، ئەفسەرەکانی ئەرتەش و تیمەکانی زانیاری ژاندارمێری (JİTEM)، پیلانرێژی دەکرێت و پێکدێت. ئەم کۆمیتەیە چەندین گرووپی چەکداری بە ناوی»”دژە پەژاک“» بە ڕێکخستن کردووە و پەروەردەی کردوون. کەسانی گونجاو بۆ ئەندامێتی ئەو گرووپانە لە ناو ناوەندەکانی بەسیج، سوپا و ئیتیلاعاتەوە دەستنیشان دەکرێن و دواتر لە هێندێک ناوەندی تایبەت لەشارەکانی کرماشان، سنە و ورمێ پەروەردەیان پێدەدرێت. کەسانێک کە لە ناو ئەم گرووپە ”دژە پەژاک“انەدا جێی دەگرن، زۆرتر لەناو تەوابین(ئەندامی حیزبە کوردییەکان کە تەسلیمی ئێران بوونەتەوە)، کەسانی قاتل، تاوانباران، جاشە کۆنەکان و لومپەن و سەرسەرییەکانی کۆمەڵگا دەردەکەون. دەوڵەت بەڵێن دەدات بە تاونباران و پیاوکوژان کە لە ئەگەری ئەندامێتی لە ناو ئەم گرووپانەدا، پەروەندەکەیان دادەخەن. تیمی تورکیایی، ئەرکی گواستنەوەی ئەزموون و زانیاری لەبواری بەرەنگار بوونەوەی گەریلای وەئەستۆ گرتووە. لەم ناوەدا ئەندامانی ژیتەم، شێوازی ناساندن و لەناو بردنی ئەندام و لایەنگرانی پەژاک، سازکردنی شەبەکەی سیخووری لەناو گەلدا و هەروەها شێوازی ئەنجامی جەنایەت و کردەوەی نامرۆڤانە بەناوی پەژاکەوە، بە گرووپەکانی دژە پەژاک پەروەردە دەدەن. ژیتەم ڕێکخستنێکی مەترسیدار و تیرۆریستییە کە لە ساڵی ١٩٨٧ دامەزراوە و لە ساڵانی نەوەد، دوا بەدوای هاتنە سەرکاری تانسۆ چیلێر لە چوارچێوەی شەڕی تایبەتدا بە شێوازێکی بەرفراوانتر بە ڕێکخستن کرا. سەرەرای ئەوەی کە ئەم ڕێکخستنە لە تورکیادا زۆر ناسراوە، بەڵام لە فەرمیەتی دەوڵەتدا بوونی نییە. زیاتر لە ١٧ هەزار کوشتنی بکەر نادیار و هەزاران کەس بێسەروشوێن، بەشێک لە جەنایەتی ئەو ڕێکخستنەیە. گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە باکووری کوردستان بەتایبەت لە هەرێمی «نەواڵا قەسابان» لە شاری سێرت کە تێیدا هەزاران کەس بە بێ دیار بوونی ناسنامەیان بە شێوازێکی بە کۆمەڵ نێژراون، نموونەی بەرچاوی جەنایەتەکانی کۆماری تورکیایە بە دەستی ئەو ڕێکخستنە. هەروەها ژیتەم لە داسەپاندنی گەندەلی، لەشفرۆشی و سیخوڕی بە سەر جەوانانی باکووری کوردستان، ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت. باندە مافیاییەکانی قاچاخی چەک و ماددەی هۆشبەر، لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە لە پێوەندیدانە. بەشێک لە ئەندامانی پێشۆی ئەم ڕێکخراوە، بە ڕاشکاوی و بە بەڵگەوە

دان بە جەنایەتەکانی ئەم گرووپە دادەنێن. ئەو شتانەی کە گرووپە دژە پەژاکەکان وەکوو ئەزموون لە ئەندامانی ژیتەم فێر دەبن ئەمانەن: شەهید کردنی گەریلاکانی پەژاک بەشێوەی پیلانگێری، تیرۆر، کەمین، ژەهەخوارد کردن؛ رفاندنی ئەندام و لایەنگرانی پەژاک و شەهید کردنی ئەوان و بەکاربردنی شێوازی ئەشکەنجە و ئیقرار وەرگرتن؛ دامەزراندنی گرووپە مافیاییەکان و کوشتنی کەسانی مەدەنی بۆ ترساندن و تۆقاندنی کۆمەڵگا؛ لە خۆ کردنی جل و بەرگی گەریلا و ئەنجامدانی کردەوەگەلێک وەکوو کوشتنی کەسانی ئاسایی، چەتەیی و رێگری، دەستدرێژی بە سەر نامووس، لێدان و کوتانی گەل بە مەبەستی خراپ کردنی سیمای پەژاک و بێ باوەر کردنی گەل لە پەژاک. ئەم گرووپانە لە ئەگەری شەهید کردنی کادیرانی پەژاک و گەریلا و رادەست کردنی تەرمەکانیان، بڕی چل ملوێن تمەن پارە وەردەگرن و هەروەها لە تیمی تورکیاش خەڵات وەردەگرن. ئەم گرووپانە خاوەن دەسەڵات و دەستڕۆیی تەواون. هەروەها ئەم گرووپانە لە دەرفەتی مادی، کەرەسەیی، کەل و پەلی سەربازی و چەکی پێشکەوتوو کەڵک وەردەگرن کە بەشێکی ئەو کەلوپەلە لە لایەن تورکیاوە بۆیان دابین دەکرێت. بەشی زۆر فەرماندەکانی ئەم گرووپانە خاوەن چەکی ناتۆ و بەتایبەت چەکی m16 و دوربینی شەون کە لە لایەن ئەفسەرە تورکەکانەوە بەوان دراوە. یەکەمین ئەزموونی کرداری ئەم گرووپانە لە هەرێمی مەریوان رووی دا. گرووپی "دژە پەژاک"ی ئەم هەرێمە، لە ژێر فەرماندەیی جاشێکی کۆنەکار بە ناوی «هیوا تاب»، جەنایاتی زۆر بەرفراوانیان ئەنجامدا. گرووپی هیوا تاب زیاتر لە ٣٨٦ کەسی ئاساییان کوشتووە و جەنازەی ئەوانیان لە سەر ناوی ئەندامی پەژاک بە دەوڵەت فرۆشتووە. چەتەیی، فرۆشتنی مادەی هۆشتبەر، دەستدرێژی، هەرەشە و سیخوڕ درووست کردن، لە کارەکانی ئەم گرووپە بوون کە بە شێوەیەکی راشکاوانە لە مەریوان و دەوروبەری ئەنجام دراون. دوابەدوای بە دوا چوونی پێداگرانەی گەل لەسەر کردەوەکانی ئەم گرووپە و کاردانەوە لە بەرامبەریاندا، دەوڵەت ناچار بە دەستبەسەر کردنی ئەم گرووپە بوو. لەوە دەچێت کە شەڕی دەسەڵات کە لە نێوان سوپای پاسداران و ئیتیلاعات کە لە کوردستاندا لە ئارادا بوو و لە کۆتاییدا بە سەرکەوتنی سوپای پاسداران کۆتایی پێهات، لە ئەشکرا بوونی ئەم دار و دەستە "دژە پەژاک"ە رۆڵی هەبووبێت. هیوا تاب وەک زیندانیەک لە ژێر پاراستنی هاوکارەکانی خۆی دایە و بە پێی هەندێک سەرچاوە هێشتاش لە لێپرسینەوەکانی گیراوە سیاسییەکان ئامادە دەبێت و ئەرکدارە. سەرەڕای ئەوەی کە رۆژانە خەباتکارانی سیاسی و مەدەنی لە سێدارە دەدرێن وای پێ دەچێت کە دەوڵەت لە لەسێدارەدانی هیوا تاب و دار و دەستەکەی هیچ پەلەیەکی نیە. گرووپەکانی "دژە پەژاک"ی هاوشێوە، لەهەرێمەکانی تری کوردستان لە ژێر فەرماندەیی هاورێیانی هیوا تاب سەربەستانە لە هەڵسووڕاندان. بۆ نموونە گرووپی "دژە پەژاک" لە هەرێمی مهاباد ـ بوکان لە ژێر فەرماندەیی «عەلی یاسین پەرەست» لە جموجۆڵ دایە. گرووپێکی تری دژە پەژاک لە هەرێمی سەلماس بە کاری جاسوسی، پرۆپاگەندە دژی پەژاک و ئۆپراسیۆن لە دژی پەژاک خەریکن کە ئەندامەکانی ئەمانەن: ئەحمەد، جەنگیز ئاسمانی و سەردار کە خەڵکی هەرێمەکانی کوتولی خۆی و سەلماسن. گرووپەکانی تری هاوشێوە لە هەرێمەکانی جوانرۆ- روانسەر، سەقز، ورمێ، خۆی و ماکۆ هەن. گرووپی دژەی پەژاک بە هاوکاری سوپای قودس دەتوانێ چالاکی دەرەوەی سنوریش ئەنجام بدات. بۆ نموونە لەو چوارچێوەیە چەندین تیمی تایبەت لە ناوەندێکی "دژە پەژاک" لە شاری کرماشان پەروەردەیان دیتووە و بۆ رۆیشتن بۆ ناو خاکی ئێراق و ئەنجام دانی چالاکی تیرۆریستی دژ بە پەژاک و ساز کردنی نارئارامی لە خاکی باشووری کوردستان و ئێراق، لە مانگی رێبەندانی ١٣٨٩ لە پادگانێکی شاری پیرانشار بە جێ کراون. بەشێک لە ئەندامانی ئەو تیمانە، کورد و عەرەبی ئێراقین. شێوەی تەقاندنەوە لە شاری مەهاباد لە رێکەوتی ٣١-٦-١٣٨٩ و لە قەڵادزێ باشووری کوردستان لە ٢٩ سپتامبری ٢٠١٠ نیشاندەری رۆڵی گرووپە دژە پەژاکەکان لەو هەر دوو چالاکیە ترۆریستییەدایە. دەوڵەت لە هەندێک هەرێم بە کەڵک وەرگرتن لەو کەش و هەوا ترس و ناهێمنیە کە گرووپە دژ بە پەژاکەکان لە رێگای مرۆڤ رفاندن، کوشتن و دەستدرێژی بە باری دێنن، گەل بۆ چەک هەڵگرتن و ئەندامێتی بەسیج هان دەدات.

### ـ هەوڵدانە دژە کۆمەڵایەتییەکانی ناوەندی شەڕی تایبەت:

رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە شەڕی تایبەت و گەڵاڵەی "دژە پەژاک"، بەرنامە و هەوڵدانە دژە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی لە کوردستان کە لە ساڵانی هەفتاوە دەستی پێکردبوو، بەرفراوانتر کرد. لەسەر بنەمای سیاسەتی ئابووری شەڕی تایبەت، رژێم فەرمانی کوشتاری کاسبکارانی سنووری بە هێزە سەربازی و ئینتیزامییەکانی خۆی داوە. سازکردنی دیواری سنوور و کوشتاری بەرفراوانی کاسبکارانی سنوور لە چەند ساڵی دواییدا، بەمەبەستی بڕینی بژێوی ژیان و داسەپاندنی سیخوڕی لەسەر ئەم کاسبکارە کوردانە دایە. بە پێی راپۆرتی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٣٨٩ لە پارێزگای سنە زیاتر لە ٦٦ کاسبکار و کۆڵبەری کورد کوژراون، ٣١ کەس دەستبەسەر کراوە و ٧٦ کەس بریندار بوونە. فەرماندەی قەرارگای حەمزە لە پارێزگای ئازەربایەجانی رۆژئاوا دانی بەوەی ناوە کە لە ساڵی ١٣٨٩ زیاتر لە ٧٠ کاسبکاری کوردیان لە سنوورەکانی ئەو پارێزگایە کوشتووە(سەرچاوە نەوەرۆز تی وی رێکەوتی ١٧ خاکەلێوەی ١٣٩٠). رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەم کارە بە بیانووی پێشگرتن لەو زیانانەی ئەنجام دەدات کە هێنانی کاڵای قاچاخ لە ئابووری وڵاتی دەدات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە کەسانی گرێدراوی رژێم، لە پەیوەندی لەگەڵا هێزە ئاسایشیەکان(نیروهای ئنتیزامی)دا لە بارستایەکی گەورەدا کاڵای قاچاخ دەهێننە ناو ئێرانەوە. پاراستنی زانیاری سوپای پاسداران(حفاقت اگلاعات سپاه پاسداران) لە چوارچێوەی بەرنامەی "دژە پەژاک"دا، لە هەندێک لە کاسبکاران سنووری داوا کردووە کە تەقەمەنی لە چەشنی تی ئێن تی، ببەنە ئەوە دیوی سنوور و لەسەر

ڕێگای هاتۆچۆی ئەندامانی پژاک دابینێن. ڕژێم هەروەها بە مەترسیدار کردنی سنوورەکان، لە هەموو کاسبکارانی سنوور و هەروەها ئەو ئاژەڵدارانەی کە ناوچە سنوورییەکان بە کار دێنن(چ باشووری و چ ڕۆژهەڵاتی) داخوازی کردووە کە لە باری سیخوڕی و هێنانی زانیاری هاوکاری لەگەڵ بکەن. ئەگەرنە ڕێگای کار و کاسبی لەوانە دەگرێت. ئیتلاعات و هێزە ئاسایشییەکان(نیروهای انتقامی) بە کاسبکاران و تەنانەت ئەو قاچاخچییانەی کە دەستبەسەر دەکرێن یا دەوڵەت دەست بەسەر داراییەکانیاندا دەگرێت، پێشنیار دەکەن کە لە ئەگەری هاوکاری ئەوان لەگەڵ دەوڵەت و سیخوڕی لە دژی پەژاک، پەروەندەکەیان دەبەستن و داراییەکەیان پێدەدەنەوە. بۆ نموونە گەنجێک بە ناوی مەحەمەد ئەمین سەدیق لەم بوارەوە وەها دەدوێت: «کاتێک کەسێک پەروەندەیەکی لە ئیتلاعات یا دادگا و پۆلیسی ئاگاهی هەبێت، ئیتلاعات هەوڵ دەدات تا ئەو کەسە بە خۆیەوە گرێدراو بکات. ئەوان تا ئەو کەسە نەکەنە بەکرێگیراو بەری نادەن. ئەگەر نەبێت بە بەکرێگیراوی ئەوان یا پێویستە پارەیەکی زۆر وەکوو تاوان بدات یان ماوەیەکی درێژ لە زیندان بمێنێتەوە. ئیتلاعات بە پارە منیان بە خۆیانەوە گرێ داو و کردمیان بە کۆیلە خۆیان. ئەوان دەیانەویست من ناچار بە کاری قڕێژ و کوشتن بکەن. لە منیان دەویست کە ئەندامەکانی پەژاک بکوژم. ئەوان دەیانویست کاری خۆیان بە من جێبەجێ بکەن و لە کۆتاییدا من بکوژن. ئەوان منیان گرت و دوو ساڵ زیندان و ٢٠ ملیۆن تمەن تاوانیان بۆم بڕییەوە. کاتێک من پارامەوە و ووتم کە پارەم نیە بە منیان ووت کە کارمان بۆ بکە تا ئازادێت بکەین. ئەوان دەیانەوێت کورد بە دەستی کورد بکوژن. جا چ یەکی وەک من بکوژرێت یان پەژاکییەک هەر بە قازانجی ئیتلاعاتە». کۆماری ئیسلامی ئێران لە حاڵێکدا کە بە نەهێشتنی دەرەفەتی کاری و بژێو لە کوردستان کۆمەڵگا لە بواری ئابووری لە قەیراندا ڕادەگرێت، بودجەیەکی سەرسووڕهێنەر بۆ ناوەندە ئاسایشی و سیخوڕییەکان تەرخان دەکات و مووچەی جاش، بەسیج و خەیانەتکاران چەند بەرابەر دەکاتەوە.

دەوڵەت لە چوارچێوەی شەڕی تایبەتدا، دەیەوێت خەیانەت وەکوو تاکە ڕێگای ژیانێکی ڕاحەت و خۆشگوزەران لێبکات. ئەو دیاردە دژە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕژێم لە هەفتاکانەوە هەوڵی ڕیشەدار کردنیان لە کوردستان هەیە، لە چوارچێوەی شەڕی تایبەت و پرۆژەی دژی پەژاک بە خێراییەکی زۆر بەرفراوانتر دەکاتەوە. باندە مافیاییەکانی لەشفرۆشی و مادەی هۆشبەر، تا ئاستێکی بەرچاو بەرفراوان بوونەتەوە. سەرۆک و ئەندامانی ئەم باندانە بە چەشنێکی تەواو ڕاشکاوانە و بەئازادی لە ناو کۆمەڵگا و بەتایبەت لە ناو جەواناندا ئەو بێئەخلاقیانە بڵاو دەکەن. ئەندامانی سەرەکی ئەم باندانە، بەشێوەیەکی سیستەماتیک لە گەڵ ناوەندە ئاسایشییەکانی شەڕی تایبەت لە پێوەندی دان و ڕاپۆرتی خۆیان بۆ ئەوان بەڕێ دەکەن. بەڕێوەبەرانی ناوەندە ئاسایشییەکان(لە سەرۆکی زیندانەکان بگرە هەتا فەرماندەکانی سوپا، ئیتیلاعات و بەسیج) بە ئاشکرایی هاتۆچووی ماڵی سەرۆکی باندەکانی قاچاخ و لەشفرۆشی دەکەن.( گوتەی یەکێک لە ئەندامەکانی باندی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان لە شاری مەهاباد سرنجڕاکێشە. ئەم کەسە دەڵێت: لە ڕابردوودا، کاناڵی شاراوەمان بۆ پێوەندی لەگەڵ هێزە ئیتیلاعاتی و ئینتیزامییەکان هەبوو و بەم بۆنەوە تا ڕادەیەک هەوڵمان دەدات بە شاراوەیی کارەکانمان بەڕێوە ببەین. بەشێوەیەک کە لە ئەگەری ئامادە بوونی هێزە ئاساییشیەکان، لە دەستەواژەی «هەوا هەورییە» کەڵکمان وەردەگرت، بەڵام ئەمڕۆ ئیتر پیـ□ویستیمان بە کاری شارواو نەماوە و ئاسمان ساوە و ئیتر هەورێک لە ئارا دا نییە!). ئەندامانی شەڕی تایبەت، چڕ و پڕ بە دوای کەسانێکن کە زەمینەی گەندەڵی ئەخلاقییان تێدا هەیە. لەم بوارەدا، هێزە ئاساییشیەکان ئەو جەوان، ژن و کچانەی کە پەیوەندی سێکسی نارەوایان هەیە، دەستنیشان دەکەن و بەگوشار خستنە سەر و هەڕەشەی ڕیسوا کردن و لەقاو دانیان، ئەوان لە کاری بڵاو کردنەوەی بێئەخلاقی و سیخوڕی بەکار دەهێنن. لە چوارچێوەی شەڕی تایبەت لە سنە، مەریوان، مەهاباد و ورمێ، ژنانێکی پەروەردە کراو هەن کە ئەرکی تایبەتیان پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئەو ژن و کچانەیە کە پەیوەندی سێکسی نارەوایان هەیە و ئەرکی ئەوانە پەیوەندی گرتن و بەرێکخستن کردنی ئەو کچ و ژنانە داوێن پیسانەیە لە ناو باندەکانی لەشفرۆشی و سیخووری دایە. ئەو ژنە پەروەردەکراوانە کە لە هەندێک شوێنی کوردستاندا لە ژێر ناوی پڕلە واتای «سەرۆک پاسگا» دەناسرێن، پێوەندی ئاشکرایان لە گەڵ ناوەندە سیخوڕی و ئاساییشیەکان هەیە. ئەم ژنانە کاری خۆیان تەنانەت هەتاکوو هەرێمە گوند نشینەکانیش بەرفراوانتر کردووە. لە کوردستان نموونەی زۆر لەو بوارەوە هەیە. سروە موحەمەدی یەکێک لەو سیخوڕانەیە کە لەلایەن ناوەندی دژە پەژاک و بە ڕێگای ئەو باندە لەشفرۆشیانەوە ڕاکێشی سیخوڕی و لەشفرۆشی کراوە، باس لە ڕۆڵی یەکێک لەو باندانە دەکات. ئەو دەڵێت: فاتمە کەوتەری کە لە مەیدان ئیستیقلالی مەهاباد ژیان دەکات سەرۆکی یەکێک لەو باندانەیە. فاتمە لەگەڵ براکەی کە پێشمەرگەیەکی تەسلیمیە ئەندامی ئیتلاعاتن. هەروەها فاتمە چوار کچی بەناوی دڵسۆز، سەبا، کوردستان و چنوورە هەیە کە ئەوانیش ئەندامی فەرمی ئیتلاعاتن و هەمووشیان لەکاری لەشفرۆشیدان. فاتمە و کچەکانی لەگەڵ ئەندامانی ناوەندە ئاسایشیەکانی ڕژێم هەرجۆرە پەیوەندییەکیان هەیە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لە کوردستاندا هەروەها کەسانی لۆمپەن و سەرسەری بە ڕێکخستن دەکەن و لە دژی ئاسایشی کۆمەڵگا بە کاریان دێنن. ئەم گرووپانە، ئەرکی ناهێمن کردنی کۆمەڵگا، چاوترسێن کردن خەلک، تۆقاندنی کۆمەڵگا، تێکرووخاندنی کەسایەتی تاکەکان، بەزۆر پارە وەرگرتن و جاسووسیان لە ئەستۆدایە. هێزەکانی ئاساییشی هەندێک جار ئەم کەسانە دەکەن بە بیانووی دەستێوەردانەکان و هەبوونی خۆیان، هەرچەند کە خەڵکی کوردستان لە پێوەندی بەرفراوانی ئەوان لەگەڵ هێزە ئاساییشیەکان ئاگادارن. هەندێک جار هێزە ئاسایشی و ئینتیزامییەکان ئەو کەسانە دەکەن بە قوربانی سازکردنەوەی پرێستیژی تێکرووخاوی خۆیان لە ناو خەڵکدا. دەوڵەت بەتایبەتی ئەو دیاردەیەی لە چەندین شاری کوردستان بۆ

نموونە لە شاری سەقز زۆر پەرەپێداوە. یەکێک بە قرێژترین کردەوەکانی هێزەکانی شەڕی تایبەت و "دژە پەژاک"، تەڵەنانەوە و پیلانیگێڕی لە دژی بنەماڵەی خاوەن کەسایەتی و وڵاتپارێز، بنەماڵەی شەهیدان و ئەو بنەماڵانەیە کە مندالەکانیان ئەندامی پارتە کوردییەکان بە تایبەت پەژاکن. سازمانی پاراستنی زانیاری سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات، لە بەرنامەیەکی بەرفراواندا هەوڵی ڕاکێشکردنی ئەندامانی ئەم بنەماڵانە بەتایبەت جەوانانی ئەوان بۆ مادده هۆشبەرەکان، لەشفرۆشی و کاری دژە ئەخلاقی و دواتریش بەکار هێنانیان لە بواری خەیانەت و سیخوڕی دەدات. دەوڵەت هەوڵ دەدات بە سیاسەتی بەدناوی کردنی ئەم بنەماڵانە، سیمای تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلی کورد ناشرین بکات. ئەم بەرنامە هەرچەند پێشتریش لەسەر بنەماڵەی شەهیدان و پارتەکانی تری کوردستانیش جێبەجێ کراوە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا چەندین باندی تایبەت بە دەرفەتی ماددی زۆرەوە، ڕاستەوخۆ لەلایەن ناوەندی شەڕی تایبەتەوە ئەرکداری جێبەجێ کردنی ئەم کردەوانەن. بۆ نموونە ئەندامێکی سوپای پاسداران بە ناوی «دوکتور زاکری» بە پێکهینانی باندێک لە هەرێمی پیرانشار، سەردەشت و مەهاباد لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە لەژێر ناوی دامەزراندنی چەندین کۆمپانی ئابووری وەکوو کۆمپانی بڵاوکردنی گوشت، مندالانی بنەماڵەی شەهیدان و ئەندامانی پەژاک ڕاکێش بکات و ئەوانە لە باندە مافیایی و لەشفرۆشییەکان بەرێکخستن بکات و بە ناوەندێکی تایبەت لە تاران پەیوەندییان بدات. دوای سەرنەکەوتنی ئەم پرۆژەیە، باندی ناوبراو هەڵوەشایەوە و دوکتور زاکری ئێستا لە ئەورووپا ژیان دەکات. دەتوانین ئاماژە بە منالی یەکێک لە بنەماڵە وڵاتپارێزەکان بەناو سرۆە موحەمەدی بکەین. سروە موحەمەدی بە پێی دانپێنانەکانی خۆی، لەلایەن ئیتلاعاتی مەهابادەوە ڕاکێشی کاری لەشفرۆشی و بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان دەکرێت و دواتریش بۆ جاسووسی دژ بە پەژاک بە کار دەهێنرێت. ئیتلاعاتی مەهاباد ئەرکی جۆراوجۆری وەکوو تیرۆی ئەندامان و ڕێوەبەری پەژاکی بەو سپاردووە. ڕۆڵی باندەکانی لەشفرۆشی گرێدراوی ناوەندی شەڕی تایبەت لە ڕاکێشکردنی ئەو کەسە بۆ کاری سیخوڕی بەرچاوە.(دانپێنانەکانی ئەو بە شێوازی تۆمارکراو هەیە.) ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، بۆ ئاستەنگ نانەوە لەبەردەم بەرەوپێش چوونی فەرهەنگی بەرخۆدان لە کۆمەڵگادا، هەوڵی پێشگرتن لە کاریگەری تێکۆشانی سیاسی لە بوارەکانی فەرهەنگی و هونەری کۆمەڵگا دەدەن. لەم بوارەدا بەدیهێنانی پاسیڤ بوونی فەرهەنگی، هەوڵی کانالیزەکردنی بەرهەمە فەرهەنگییەکان و بێناوەڕۆک کردنیان دەدەن. کۆماری ئیسلامی ئێران بە کەڵک وەرگرتن لەو پەیوەندیانەی کە لەگەڵ ئەو پارتی و ڕێکخراوانەی باشووری کوردستان هەیەتی، هەروەها بە بەکارهێنانی هێزی گوشاری سوپای قودس لە باشوری کوردستان، لەناوەندە فەرهەنگی و ڕاگەیاندنییەکانی باشووری کوردستان ئەوپەڕی کەڵک وەردەگرێت, ( بۆ نموونە ناوەندی فەرهنگی گەلاوێژ کە لە ڤیستیوالەکانی ساڵانەی ئەودا گەلێک لە کەسانی گرێدراوی کۆماری ئیسلامی بەشدار دەبن). لەم ناوەندە فەرهەنگییانەدا، جۆرێکی تایبەت لە فەرهەنگ و هونەر و تەنانەت شێوازێکی تایبەت لە ژیان، بۆ بێکاریگەر کردنی هونەرمەندان بە سەر ئەواندا دادەسەپێندرێت. کەڵک وەرگرتن لە خاڵە لاوازەکانی کەسایەتی هونەرمەندەکان و هەروەها پێشنیارە ماددییەکان، بەشێک لە شێوازەکانی پێکهێنانی ئەم بەرنامانەیە. لەلایەکی ترەوە، لەچوارچێوەی پرۆژە فەرهەنگیەکانی شەڕی تایبەت، ڕژێم بە بەرفراوانی لە هەوڵی پەروەردە کردنی کادیری تایبەتدایە. ڕژێم بە بەکارهێنانی شێوازە تایبەتەکان، هونەرمەندان لەسەر دووڕێیانێک دادەنێت کە پێویستە یان بە ناوەندە فەرهەنگییەکان باشووری کوردستانەوە پەیوەست بن و یان لە پرۆژە هونەرییەکانی شەڕی تایبەتدا ڕۆڵ ببینن. جگە لەو دوو ڕێیە ڕژێم ڕێگایەک بۆ هونەرمەندان ناهێڵێتەوە. گوشار و دەستبەسەری هونەرمەندان و نووسەرانی کوردستان، نیشانەی پێداگری ڕژێم بۆ لەناو بردنی هونەرمەندانی سەربەخۆ و خاوەن بیروڕای ئازادە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە ئاگاداری لە هەستیاری کۆمەڵگای کوردستان سەبارەت بە مەسەلەی ئایین، بەرنامەیەکی بەرفراوانیان بۆ بەکارهێنانی دین وەکوو ئامرازێک بە مەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵا بزووتنەوەی ئازادیخوازی نوێی کوردستان لە دەستدایە. بە هۆی ئەوەی کە بەشێکی گەورە لە کۆمەڵگای کوردستان پەیڕەوی ئایینی سۆننەیە و هاوبەشی ئایینیان لەگەڵ ڕژێم نیە، ڕژێم دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی ئیسلامی سیاسی توندرەو لە کوردستاندا. لە ساڵانی دواییدا گرووپە ئیسلامییە توندرەوەکان، بە پێی بەرنامەیەکی سیستەماتیک لە کوردستان پەرەیان پێدەدرێت. ئەم گرووپانە کە لە پشتیوانی ماددی بەهێز بەهرەمەندن، ئەو هێزانە وەکوو دوژمن پێناسە دەکەن و دەیانکەنە ئامانج کە کۆماری ئیسلامی لە دژی ئەوان شەڕی ڕاگەیاندووە. ئەو هێزانەی کە ئامانجی سەرەکی هێرشی ئیسلامییە توندرەوەکانن، بزووتنەوەی گەلی کوردستان و پارتە سیاسەکان بە تایبەت پەژاک و هەروەها دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەتایبەت ئەمریکا لە ئێراق و ئەفغانستانە. ئەم گرووپانە بە کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی بەرفراوانی ماددی، هەوڵی ڕاکێشان و پەرەوەردەی جەوانانی کورد دەدەن. بۆ نموونە هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە جەوانانی هەرێمی جوانڕۆ، سەقز و پیرانشار لە ریزەکانی ئەم گرووپانەدا و تەنانەت لەناو کوژراوەکانی چالاکیە خۆکوژیەکانی ئێراق، لەچوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا پێکهاتووە. لەلایەکی ترەوە ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، پرۆژەیەکی تایبەتی هاوبەشیان لەگەڵ پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا لە ژێر ناوی «سەرمایەی سەوز» دامەزراندووە. ئەو پرۆژەیە هاوکات لەگەڵا سەرمایەگوزاریەکی سیستەماتیک لە کوردستاندا، بزووتنەوەیەکی ئیسلامی میانەرەو ساز دەکات کە ئایدیۆلۆژیایەکەی لەسەر بنەمای «ئۆمەت گەرایی»یە کە دژایەتی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەکات و هەرچەشنە تێکۆشانی سیاسی لە کۆمەڵگای کوردستان ڕەد

دەکاتەوە. ئەم گرووپانە بە کەڵک وەرگرتن لە قەیرانی ئابووری، هەوڵی دامەزراندنی جەوانانی بێکار دەدەن و ئەوان ناچار دەکەن لەگەڵ کەسانی تری ناو ئەم لایەنە ئیزدواج بکەن. ئەم گرووپە هەروەها بە بەرنامەگەلێکی پروپاگەندەیی بەردەوامی دینی لە مزگەوتەکان هەوڵدەدەن هەستیاری جەوانان سەبارەت بە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەناو ببەن. (ئەم پرۆژەیە لە تورکیا لە ژێر ناوی yşîl sermaye بەرێوە دەچێت). سەرەنج ڕاکێشە کە هاوبەشی سیاسی، ئایدیۆلۆژی و کرداری پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بووەتە هۆکاری ئەوەی کە رژێم بۆ بەهێز کردنی ئەو پارتە لە تورکیا، سەرمایەگوزاری بکات. بۆ نموونە: بە گوتەی رۆژنامەی دەیلی تەلەگراف، کۆماری ئیسلامی ئێران ٢٥ ملیۆن دولاری بۆ یارەمەتی دانی حیزبی داد و گەشەپێدانی تورکیا لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١١ بەو پارتەی داوە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت دەیانەوێت لە مەلاکانی نوێژی هەینی بۆ بەرەنگار بوونەوەی پەژاک کەڵک وەربگرن. مژاری خوتبەکانی نوێژی هەینی تایبەت بە هەرێمە کوردنشینەکان بە هاوئاهەنگی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت و «شورای سیاسەتگوزاری ئەئیمەی جومعە» ئامادە و ئاراستەی ئیمام جومعەکان دەکرێت. ئامانج لە ئەم پرۆژەیە ئەوەیە کە ئیمام جومعەکان و مزگەوتەکان ببن بە ناوەندی شەڕی تایبەت. بۆ نموونە لەکاتی دەستبەسەر بوونی سەرۆکی پەژاک «هەڤاڵ حاجی ئەحمەدی»لە وڵاتی ئاڵمان، بابەتی خوتبەکانی نوێژی هەینی داخوازی رادەستکردنەوەی ئەو بۆ ئێران بوو و رژێم لە هەموو خەتیبەکانی خواستبوو کە لە خوتبەی خۆیاندا، پەژاک وەک تیرۆریست بە ناو بکەن. به گوێرەی ئەو زانیاریە باوەڕپێکراوەی کە بە دەستی رێوەبەرایەتی پەژاک گەیشتووە، رژێم لەچوارچێوەی پرۆژەی ”دژە پەژاک“ و دژە دین نیشاندانی ئەم پارتە، دەیەوێت کە لەداهاتوودا بە دەستی گرووپەکانی ”دژە پەژاک“ لە یەکێک لە مزگەوتەکانی هەرێمە شیعە نیشنەکانی کوردستان تەقینەوە بکات و هەروەها یەکێک لە ئیمام جومعە سوننەکان تیرۆر بکات(بە شیمانە زۆر ئەم کەسە ئیمام جومعەی شاری پاوە مەلا قادر قادری بێت).

**ـ هەوڵدانەکانی ناوەندی شەڕی تایبەت لە گۆڕەپانی راگەیاندنی و پرۆپاگەندەیی:**

رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئامادەکردنی رای گشتی و رەوایەتی دان بە جەنایەتەکانی خۆی لە کوردستاندا، راگەیاندنەکان بە شێوازێکی زۆر بەرفراوان بە کار دەهێنێت. رژێم بە ئاگاداری لە کاریگەری راگەیاندن لە جیهانی ئەمرۆدا و هەروەها بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی شەڕی تایبەتی تورکیا پیلانێکی زۆر بەرفراوانی بۆ بەکار هێنانی راگەیاندن لە دژی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان لەبەردەم خۆی داناوە. کۆماری ئیسلامی ئێران بە دوو شێوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە گۆڕەپانی راگەیاندنەکاندا شەڕی تایبەت بەڕێوە دەبات. رژێم بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەوڵی سانسۆر و سڕینەوەی راگەیاندنەکانی دەرەوەی هزر و کونترۆڵی خۆی دەدات. (بەستنی رۆژنامە، گۆڤارە و هەروەها بڵاوکراوە خوێندکاریەکان، فیلتەر کردن و هەک کردنی ماڵپەر و ویبلاگەکان، قۆڵبەستکردنی رۆژنامەوانان و ویبلاگ نووسان، دەستبەسەر کردنی و سزادانی ئەو کەسانەی کە بەشداری تەلەڤیزیۆنەکانی دەرەوەی وڵات دەکەن، پارازیت خستنە سەر تەلەڤیزیۆنەکان، بۆ وێنە لەکوردستان لەسەر رۆژ تی ڤی ، نەورۆز تی ڤی ، بی بی سی و هەندێک کانالیتر پارازیت دەخات). رژێم بەم شێوەیە هەواڵگێڕی و زانیاری لەناوخۆی وڵاتدا بە پاوانی خۆیدا دەگرێت. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ ناوەندەکانی رێبەرایەتی رژێم، مژارەکانی راگەیاندن دیاری دەکەن. لەسەر ئەم بنەمایە لەچوارچێوەی پرۆژەی ”دژە پەژاک“، چەواشەکاری راستییەکان و کاریگەری لەسەر رای گشتی، سەرەکیترین رێبازەکانی راگەیاندنەکانی رژێمن. سازکردنی سیمایەکی مەعسوم لە رژێم و ناوەندە ترسێنەر و کاربەدەستە مرۆڤ کوژەکانی و هەروەها درووست کردنی رۆخسارێکی توندوتیژ، جودایخواز، گرێدراوی بێگانە و تیرۆریستانە لە پەژاک ئامانجی سەرەکی راگەیاندنەکانی شەڕی تایبەتە. لە راگەیاندنە دەوڵەتیەکاندا، بڵاوکردنەوەی درۆ و دەلەسە و زانیاری چەواشەکراو لە بارەی پەژاکدا، بووەتە کارێکی رۆژانە. راگەیاندنەکانی شەڕی تایبەت هەوڵدەدەن تا بە بڵاوکردنەوەی دانپێدانانی تەسلیمیەکان و خەیانەتکاران یان ئەو کەسانەی کە بە زۆری ئەشکەنجە لەبەرامبەری کامێرا دایان ناون، دیمەنی تێکۆشانی پەژاک ناشرین بکەن. ئەم جۆرە بەرنامانە بە تایبەت لە کاناڵە ئاسمانیەکانی رژێمدا بۆ تیرۆریزە کردنی پەژاک بە زمانە بیانیەکان بڵاودەبنەوە. دانپێدانانی تەسلیم بووانێک وەک»بەختیار میرزایی» و «زەینەب ئازەر» کە لە کەناڵی «پرێس تی ڤی دا» بڵاو بووەتەوە، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم بابەتەیە. سەرنجراکێش ئەوەیە ئەم دوو کەسە کە بە دانپێدانانی درۆزنانە بۆ خراپ کردنی سیمای پەژاک کەوتونەتە خزمەتی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت و هەروەها هاوکاریەکی زۆریان لەگەڵ هێزە ئاسایشی و ئیتلاعاتیەکان کردووە، سەریان لە کەمپی ناوەندی حیزبی کۆمەلە(مەهتەدی) ئەویش بە وەر گرتنی پلەی حیزبی دەرکردووە. نموونەیەکی تر کەسێکە بە ناوی «جەمال قەزاقی» کە بە تاوانی درۆیینی ناردران لەلایەن پەژاکەوە بۆ تەقینەوە دەستبەسەر دەبێت، لە پێش کامێرای «پرێس تی ڤی» ناچار بە دانپێدانان دەکرێت. ئەم کەسە دوابەدوای دەر کەوتنی لە زیندان، لە ئێران دێتە دەرەوە و لەسەر چۆنێتی ئیقرار وەرگرتن زۆرەملی لە خۆی و کەسانی تر، زانیاری سەرنجراکێشی بەناوەندی راگەیاندنی پەژاک داوە. ئەو دەڵێت کە هەموو ئیقرارەکانیان بۆ لەسەر لاپەرەیەک نووسیبوون و لەبەرامبەری هەڵیانواسیبوو و ئەوانیان ناچار بە خوێندنەوەی کردووە. ئەو کەسانەی ئامادەی ئیقرار کردن لەبەر کامێرا نەبوونە، بە ئەشکەنجەی زۆر

گران ناچار بە ئەو کارە کراون. پرسیار ئەوەیە کە بۆچی کەسێکی تێکۆشەری فەرهەنگی و مامۆستایەک وەکوو «فەرزاد کەمانگەر» لەسێدارە دەدرێت، بەڵام کەسێک کە بەگووتەی ئەوان بۆمبگوزاری پەژاکە، لە زیندان ئازاد دەکرێت. لەلایەکی ترەوە ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی شەڕی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی دیمەنگەلێک لە تەرمی لەت لەت کراوی گەریلا و ئەندامانی شەهیدەکانی پەژاک بە شێوازی سی دی و تەلەفۆنی، هەوڵی چاوترسن کردنی گەل و دوورخستنەوەیان لە پەژاک دەدەن(بۆ نموونە دیمەنی هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی تیمەکانی "دژە پەژاک" لەگەڵ تەرمی شەهید چالاک(ئەیوب فەخری) لە مەریوان و هەروەها جەنازەی پارچەکراوی شەهیدانی داڵاهۆ کە بە ژەهرخوارد کردن شەهید کرابوون).

ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ڕژێم، خەباتی ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندەیی لە دژی پەژاک و گەلی کورد، زۆرجار لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانی دەرەوەی ئێران ئەنجام دەدەن. لە چوارچێوەی هاوکاری ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ئێران و تورکیا، زۆربەی ڕووداوەکانی گرێدراو بە کوردستان و پەژاک بەشێوەیەکی زۆر چەواشە کراو و سرنجراکێش لە ڕاگەیاندنەکانی تورکیا بڵاو دەبنەوە. هەواڵی درۆیین دەبارەی پەژاک، لە کاناڵەکانی تلویزیۆنی تورکیە، بەتایبەت ئەوە کاناڵانەی کە سەر بە پارتی داد و گەشە پێدانن، بڵاو دەبنەوە. بۆ نموونە لەم ڕۆژانەی دواییدا، تەلەڤیزیۆنەکانی تورکیا هەواڵێکی درۆیین کە گۆیا هەشتەت گەریلای پەژاک بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوون، بە پڕۆپاگەندەیەکی زۆرەوە بڵاو کرد. لە لایەکی ترەوە ڕژێم لە چەندین ڕێگای جیاوازەوە، کاریگەری لە سەر ڕاگەیاندنە ئێرانیەکانی دەرەوەی وڵات دادەنێت و ئەو ڕاگەیاندنانە وەکوو ناوەندێک بۆ شەڕی تایبەتی دژ بە پەژاک و بزووتنەوەی گەلی کورد بەکار دێنێت. ڕێگاکانی کانالیزەکردنی ئەو ڕاگەیاندنانە دەربارەی پەژاک و کوردستان ئەمانەن:

١- هەبوونی کادیرەکانی ڕاگەیاندنی شەڕی تایبەت لەم ڕاگەیاندنانەدا: لە ساڵانی دوایی، دوابەدوای زیاد بوونی گوشارەکانی ڕژێم بۆ سەر ڕۆژنامەوانان، چالاکانی خوێندکاری و مەدەنی ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانە بۆ وڵاتانی ئەورووپایی و ئەمریکی ڕایان کرد. لەو ناوەدا، ناوەندە زانیارییەکانی ڕژێم کەسانێکیان لە ژێر ناوی ڕۆژنامەوان و چالاکی خوێندکاری و مەدەنی لە ناو ئەوانەدا بەجێ کرد و ناردوویانن بۆ دەرەوەی ئێران. ئەو کەسانە بە ئاگاداری لە پێویستیٚ ڕاگەیاندنەکانی دەرەوەی وڵات بە پێرسۆنێل، دەچنە ناو ئەو ڕاگەیاندنانە و لەسەر بەرنامەکان و کەش و هەوای ئەم ڕاگەیاندنانە کاریگەری دادەنێن.

٢- بە هۆی ئەوەی کە بەرژەوەندی سیاسی دەوڵەتەکانی خاوەنی ڕاگەیاندنە فارسی زمانەکانی دەرەوەی ئێران، لەسەر بنەمای پشتیوانی لە ناسیۆنالیسمی ئێرانی - فارسی دەسووڕێتەوە و هەروەها کارگێران و کارمەندانی ئەم ڕاگەیاندنانە زۆرتر لە ئەندام و لایەنگرانی گرووپە ناسیۆنالیستە فارسەکانن، کینێکی تایبەتیان بەرامبەر بە تێکۆشانی کوردستان هەیە و هەرچەشنە ئیرادە و تێکۆشانی گەلی کورد لە ڕوانگەی ئاسایشی و بە ترسی جواداخوازی لێکدەدەنەوە. ئەم تێروانینە زەمینەیەکی زۆر لەبار بۆ کۆماری ئیسلامی دەرەخسێنێت تاکوو پڕۆپاگندە لەسەر بنەمای توند و تیژی و جیاخوازی و تیرۆریست بوونی پەژاک لەم ڕاگەیاندنانە، کە خۆیان بە دیمۆکراسیخواز و دژی ڕژێم دەناسێنن، بڵاو بکاتەوە. سەرچاوەی هەواڵگێری ئە ڕاگەیاندنانە لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان هەمیشە سەرچاوە فەرمییەکان و ڕاگەیاندنە دەوڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامییە. لەم هەل و مەرجەدا، ئەم مێدیایانە بە کردەوە بوونەتە تریبوونی شەڕی تایبەتی ڕژێم. بۆ نموونە، تەلەڤیزیۆنی دەنگی ئەمریکا (VOA)لەبواری پڕۆپاگەندەی دژی پەژاک و تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلی کورد، زۆر پێداگرتر و بەرفراوانتر لە ڕاگەیاندنەکانی کۆماری ئیسلامی کار دەکات.

٣- ڕێگایەکی تری کاریگەری دانان لە سەر ڕاگەیاندنەکانی ئێرانی دەرەوەی وڵات، کەڵک وەرگرتن لە کاریگەری تورکیا و پێوەندی لە گەڵ دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان و ئەمریکایە. تورکیا بە سازکردنی کاریگەری و بەکارهێنانی ڕێبازە جیاوازەکانی سیاسی و دیپلۆماتیانە، لەسەر ناوەندەکانی پیلانرێژی ئەم تەلەڤیزیۆنانە کاریگەری دادەنێت و ئیزۆلە کردن و تیرۆریزە کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان و بەتایبەت پەژاک، دەخاتە ڕۆژەڤی کاری ئەوانەوە. تەنانەت لە هەندێک کاتدا، ناوەندەکانی کوردینە کردنی شەڕی تایبەت دوو وڵاتی ئێران و تورکیا، ڕۆژەڤ گەلێکی تایبەت بۆ کاری ڕۆژانەی ئەو ڕاگەیاندنانە ساز دەکەن.

٤- پارتە کوردییەکان، لە بابەتی بەشداری کردنی ڕاگەیاندنەکانی دەرەوەی ئێران لە شەڕی پڕۆپاگەندەیی ڕژێم دژ بە پەژاک ڕۆڵ دەگێڕن. لە لایەکەوە پارتەکانی باشووری کوردستان، بەتایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە هۆی پێ□وەندی دۆستانەی لەگەڵا کۆماری ئیسلامی ئێران، لە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتەکان، کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکان، بۆ کاریگەری دانان لەسەر ئەم ڕاگەیاندنانە و ڕێککردنیان لە گەڵ شەڕی دەروونی و پڕۆپاگەندەیی کۆماری ئیسلامی، بەکار دێنێت. یەکێتی نیشتمانی، لە هاوئاهەنگییەکی تەواو لە گەڵ کۆماری ئیسلامی، پارتە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت کۆمەڵە و دیمۆکرات، ناچاری ڕۆڵ بینین و ئەرێ کردنی هێرشە پڕۆپاگەندەییەکان لە ڕاگەیاندنەکانی فارس زمانی دەرەوەی ئێران دەکات. هەروەها ئەم پارتانە، بەتایبەت کۆمەڵەی موهتەدی بە هۆی ڕوانگەکانی دژایەتی موهتەدی سەبارەت بە پەژاک، لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەم ڕاگەیاندنانە و لایەنە سیاسیەکانی ئێران، کەڵک وەردەگرێت و بەشێوەیەکی چالاک لە شەڕی پڕۆپاگندەیی دژ بە پەژاک لە ڕاگەیاندنە فارسی زمانەکانی دەرەوەی ئێران ڕۆڵ دەبینێت. بەشێکی تر لە هەوڵدانی پڕۆپاگەندەیی و هێرشە مێدیاییەکانی شەڕی تایبەت دژ بە پەژاک، ڕاکێش کردنی کەسانێک بۆ سیستەمی پڕۆپاگەندەیی شەڕی تایبەت وەکوو کادێرە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دوابەدوای ڕەوتی میلیتاریزە کردنی زۆرتر و سازکردنی دۆخی کودەتا لە

کوردستان و ئێران، هەموو ڕێکخراوە مەدەنی و مافی مرۆڤییەکانی لابردووە یان بە تەواوی بێکاریگەری کردوون. ڕژێم بۆ ڕەوایەتی دان بە کردەوەکانی و تیرۆریزە کردنی پەژاک، هەوڵی بەکار هێنانی ناو و واژۆی ئەم ڕێکخراوانە دژ بە پەژاک دەدات. بۆ نموونە ڕژێم لە ناوی بەرەی یەکگرتووی کورد کە لە دوای کۆچی دوایی بەڕێز بەهائەدینی ئەدەب جگە لە چوارچێوە شتێکی تری لێنەماوە، بۆ مەحکووم کردن و تیرۆریزە کردنی چالاکییەکانی پاراستن ڕەوای پەژاک بە مەبەستی ئانتی پرۆپاگەندە و چەواشە کردن، کەڵکی لێی وەردەگرێت. نموونەیەکی تر، ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستانە کە کۆماری ئیسلامی، دامەزرێنەری ئەم ڕێکخراوەیە بەڕیز موحەممەد سەدیقی کەبوودوەندی بە هۆی چالاکییەکانی مافی مرۆڤ خستۆتە زیندان و سەرەڕای ڕەوشی نالەباری تەندورستی، لە هەل و مەرجێکی زۆر دژواردا ڕایگرتووە. دوا بەدوای چالاکی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ه.ڕ.ک) لە دژی هێزە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە مەریوان کە بۆ وەڵامدانەوەی لەسێدارەدانی هەڤاڵ حوسەین خزری پێکهات، ووتەبێژی ئەم ڕێکخراوی مافی مرۆڤە، ئیجلال قوامی لەسەر داخوازی ناوەندی شەڕی تایبەتی "دژە پەژاک"، ئەم چالاکییەی پەژاکی وەک چالاکییەکی تیرۆریستی ناوزەد کرد. سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوەیە دوای دەستبەسەر بوونی کەبوودوەند و لە ژێر گوشارەکانی ڕژێم و هەروەها هەڵاتنی زۆربەی چالاکانی ئەو ڕێکخراوەیە بۆ دەرەوەی ئێران، ئەو ڕێکخراوەیە بەتەواوی بێ کاریگەر بووە و ماوەیەکی زۆرە کە هیچ چەشنە کاردانەوەیەکی لە بارەی کردەوە تیرۆریستیەکانی دەوڵەتی ئێران لە کوردستان دا لە خۆی نیشان نەداوە. دەربارەی کاریگەری دەوڵەت لەسەر خەباتی کۆمەڵگای مەدەنی و مافی مرۆڤی دەتوانین باس لە بەیاننامەیەک بکەین کە «ئەنجومەنی جیهانی پاراستنی مافی مرۆڤ لە ئێران» لە ڕێکەوتی ١٧ خاکەلێوەی ١٣٩٠ لە ماڵپەڕی خۆی بڵاوی کردەوە. ناوەڕۆکی ئەو بەیانیە وەهایە: مەجید موحەممەدی کۆمەڵناس لە نووسراوەیەک لە ژێر ناوی «دە هەوڵدانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەنگار بوونەوەی بەرهەڵستکاران»، پەردە لەسەر هەوڵدانەکانی ڕژێم بۆ بێدەنگ کردنی بەرهەڵستکاران هەڵدەگرێت. یەکێک لەو دە بابەتە سازکردنی ڕێکخستنەکانی درۆیینی مافی مرۆڤە. دەزگا سیخوڕییەکانی ڕژێم سازکردنی ئەو ڕێکخستنە درۆییانە بە دوو قۆناخ ئەنجام دەدەن: یەکەم چوونە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتی و دەستخستنە ناویان و ڕاکێش کردنی لایەنگران و ئەندامانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێبازە جیاوازەکانی وەکوو پێشکێش کردنی پارە، هەڕەشە کردن یا فریودانی باوەڕی و ئایدیۆلۆژیک. دووهەم ناردنی فورمی پرسیار بۆ ئەندامان و لایەنگرانی فریوخواردوو. ئەو فۆرمانە لە ڕێگای ئیمەیل و فەیسبووک بە شێوازێکی بەرفراوان بڵاو دەبێتەوە و ئامانج لەوە وەرگرتنی زانیاری زۆرتر دەربارەی ئەندامانی تۆڕی کۆمەڵایەتی و گرووپە سەربەخۆوەکانی مافی مرۆڤ و هەروەها پارێزوانانی مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە دەرەوە و لە ناوخۆی ئێراندایە. پرسیارەکانی ئەو فۆرمانە بە ئاشکرا لایەنی سیخوڕی و زانیاری هەیە. ئامانج لەوە وەرگرتنی زانیاری تەواو سەبارەت بە ئێرانییەکانی دەرەوەی ئێران و تەسەل کردنی بانکی زانیاری دەزگا سیخوڕییەکانی ڕژێم و ڕاکێش کردن، فریو دان و لێک بڵاو کردنی نارازیان و ڕەخنەگەرانی ڕژێمە. خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە ڕژێم لە ڕێگای بەکرێگیراوانی خۆی تێدەکوشێت بە سازکردنی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی سەختە، کار و خەباتی ڕێکخستنە سەربەخۆیەکانی پارێزوانی مرۆڤ و مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینیەکان پووچەڵ بکاتەوە و بۆ ئەو کارە تێدەکۆشێت کە لایەنگرانی خەبات لە مافەکانی مرۆڤ و مافی گەلان و ئایینیەکان ڕاکێشی ئەم ڕێکخستنە درۆیینانە بکات و ریشەی خەباتی سەربەخۆی دەرەوەی ئێران وشک بکات. ( کۆتایی کورتکراوی بەیاننامەکە) لەچوارچێوەی پرۆژەی "دژە پەژاک"، دەزگای پاراستنی زانیاری سوپای پاسداران و وەزەراتی ئیتلاعات دوابەدوای ئەنجامدانی گوشار و ئەشکەنجە و هەروەها پێشنیاری پارە بە ڕۆژنامەوانان، چالاکانی خوێندکاری، مەدەنی، مافی مرۆڤ و ویبلاگ نووسە دەستبەسەرکراوەکان، داوا دەکات کە بە نووسینی وتار، نامەی سەرئاوەڵا و سازکردنی هەواڵ و هەروەها کردنەوەی ماڵپەر و ویبلاگ (ڕاگەیاندنی وابەستە) لە دژی پەژاک و تیرۆریست نیشاندانی، لەگەڵ ڕژێم هاوکاری بکەن. هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕژێم لە ئەگەری هاوکاری ئەم کەسانە، پەروەندەکەیان دەگرن و هاوکاری و ئیمکانی ماددیان پێدەدەن. بۆ نموونە، نامەی سەرئاوەڵای کەسانێک وەک «موختار زارعی» و «ئازاد نمەکی» بە واژۆی ئەندامانی ڕێوەبەری بەرەی یەکگرتووی کورد لە ڕێکەوتی ١٣ ڕەشەمەی ١٣٨٩ کە بۆ سەرۆکی پەژاک هەڤاڵ «حاجی ئەحمەدی «یان نووسیبوو، لە چوارچێوەی ئەم بابەتە و لەسەر داخوازی ناوەندی شەڕی تایبەت ئەنجام دراوە. بۆ سەلماندنی ئەم مژارە دەتوانین بە گوتەکانی «جەمال ڕەحمانی» چالاکی خوێندکاری و ویبلاگ نووس ئاماژە بکەین کە بە ڕاشکاوی دەڵێت: «ئیتلاعات لەکاتی دەستبەسەر بوون و لێپرسینەوە و ئەشکەنجە لە ئەویان ویستووە کە بە کردنەوەی ویبلاگ، لە دژی پەژاک و لە پپ□ناو تیرۆریست بەناو کردنی پەژاک، ووتار و نوسراوە بڵاوبکاتەوە». هەروەها دەڵێت: «هێزەکانی ئیتلاعات ئەم داخوازیانەیان لە هەموو ڕۆژنامەوانان، وێبلاگ نووسان، چالاکانی مەدەنی و خوێندکارانی کورد کردووە. ڕژێم لە سەر بنەمای ئەم پیلانە، توانیویەتی کەسانێک ناچاری هاوکاری و جێگە گرتن لە شەڕی تایبەتی پرۆپاگەندەیی بکات و وێبلاگ گەلێک بە ناوەکانی سرنجراکێش، وەکوو «دژەپەژاک، زێدی پەژاک، ئانتی پەژاک» دابمەزرێنن.» جەمال ڕەحمانی لە بەشێک لە نووسراوەکەی کە لە وێبلاگەکەی خۆی(jamalkurd.blogfa.com) بڵاوی کردووەتەوە دەبێژێت: «من جەماڵا ڕەحمانی چالاکی مافی مرۆڤ و خوێندکاری لەساڵی ٨٧ لەگەڵا کەسێکی تر لە ژووری خوێندکاری لە شاری ئیسفەهان لەلایەن هێزە ئاسایشیەکانەوە دەستبەسەر کرام. دوای چەند ڕۆژ منیان بۆ ناوەندی ئیتلاعاتی سنە گوازتەوە. لە ئیتلاعاتی سنە لێپرسینەوەکان وێڕای گوشار و ئەشکەنجە بەردەوام بوو. ئیتلاعاتییەکان کە دەیانزانی من خباتکاری مافی مرۆڤ و وێبلاگنووسم لە منیان دەویست لە بواری وێبلاگنووسی لە دژی پەژاک هاوکاریان بکەم و هەرجار لەگەڵا خۆڕاگری من لە بەرامبەر داخوازی

ئەوان هەڕەشەیان دەکرد کە براکەم کە لە زیندانی دیزل ئاوای کرماشان بوو ئیعدام دەکەن. دوای دوو مانگ گوشار و ئەشکەنجە لە دادگایەکی چەند خولەکی و بێهیچ بەڵگەیەک و تەنیا بە هۆی قبوڵ نەکردنی داخوازییەکانی ئەوان بە سێ ساڵ زیندانی شەرتی و هەشت مانگ زیندان مەحکووم کرام. دوای ئازادی لە زیندان کاتێک کە بۆ ناونووسی گەرامەوە زانکۆ ئەوان ناونووس کردنی منیان رەد کردەوە و پێیان راگەیاندم کە بە پێی فەرمانی ناوەندی ئیتلاعاتی ئیسفەهان لە زانکۆ دەرکراوم. دوای چەند رۆژ ئیتلاعاتی ئیسفەهان پەیوەندییان لەگەڵ گرتم و بانگهێشتی ئیتلاعاتیان کردم. کاتێک چوومە ناوەندی ئیتلاعاتی ئیسفەهان بینیم کە داخوازییەکانی ئیتلاعاتی سنەیان دووپات کردەوە و بەڵام ئەمجار لە جیاتی وێبلاگنووسی لە منیان ویست کە لە دژی پەژاک لەگەڵ ماڵپەری تابناک یا بەشی «هەشت و سی» هەواڵی کاناڵی دووهەمی تەلەڤیزیۆنی ئێران وتووێژ بکەم و لە جەوانان بخوازم کە بەشداری هێزەکانی گەریلا نەبن و ئەوان بەڵێن یان بە من دا کە دوای ئەو وتووێژ دەتوانم بەردەوامی بە خوێندنەکەم بدەم بەڵام بە هۆی رەد کردنەوەی من ئەوان منیان لە مافی خوێندن کە سەرەکیترین مافی هەر مرۆڤێکە بێبەش کرد. من هەروەها دەتوانم بێژێم کە ئەو ماوەیەی کە لە زیندان بووم دەمبینی کە رژێم چۆن بۆ پێکهێنانی پیلانەکانی دژی پەژاک لە کەسانی بە ناو چالاکی مەدەنی و مافی مرۆڤ کەڵک وەردەگرێت و ئەوانە بۆ پرۆپاگەندەی لە دژی پەژاک هان دەدات جا چ بە شێوازی وێبلاگنووسی بێت و چ بە شێوازی تەلەڤیزیۆنی».(کۆتایی نامەکە)

## هەوڵەکانی ناوەندی شەڕی تایبەت لە زیندان لەدژی پەژاک

رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەوڵ دەدات هەموو ئێران بکاتە زیندانێکی گەورە. لە راستیدا زیندانەکان نموونەی بچووکی سیستەمێکە کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لە کۆمەڵگا دایبەزێنێت. سەرکەوتنی رژێم لە سیاسەتەکانی خۆی دژ بە زیندانەکان و تێکۆشانی زیندان، بە واتای سەرکەوتنی ئەو لە سیاسەتەکانی دژ بە کۆمەڵگا دەبێت. رژێم هەر هەمان سیاسەت و شەڕە تایبەتەی کە لە دژی کۆمەڵگا و تێکۆشانەکەی بەکاری دێنێت، لە زیندانەکانیش بە هەمان شیوە پیادە دەکات. ئەم رژێمە، لە راستی خۆیدا هەموو هیواکانی بە زیندان بەستووە. شکستی رژێم لە زیندانەکان، شکستی هەموو سیاسەتەکانیەتی لە ناو کۆمەڵگادا. لە سەر ئەم بناخەیە زیندان جەرگەی تێکۆشانی نێوان کۆمەڵگا و رژێمە. شەڕی ئیرادە لە بەینی تێکۆشەرانی زیندان و رژێم، شەڕێکی چارەنووس سازە. لە تێڕوانینی پەژاکدا، زیندان یەکێک لە گۆڕەپانەکانی سەرەکی تێکۆشانە. کۆماری ئیسلامی، لە مێژووی خۆیدا بۆ شکاندنی ئیرادەی زیندانیانی سیاسی توانیویەتی مۆتەکەی مردن بە سەر کۆمەڵگا زاڵ بکات. هەر چەرکەیەک لە خۆڕاگری تێکۆشەرێک لە زینداندا، نیشانەیەک لە بەرخۆدانی کۆمەڵگا و تەسلیم نەبوونیەتی. هەر بۆیەش هەموو رێبازەکانی تەسلیم وەرگرتن لە ترساندن لە مردن بگرە تا ئەشکەنجە، دەستدرێژی، گیرۆدە کردن بە مادده هوشبەرەکان، راکێش کردنی خەیانەت و بە چۆکدا هێنان لەلایەن رژێمەوە بەسەر کۆمەڵگادا دادەسەپێندرێت. هەروەها ئیرادەی بەهێزی تێکۆشەران لە زینداندا ئاشکرا دەبێت. دوابەدوای زیاد بوونی شەپۆلی گرتنەکان لە ساڵی ١٣٨٥ بە دواوە، بەرخۆدانی گیراوە تیکۆشەرەکانی پەژاک دەستی پێکرد. بە رێکخستنی ژیانی کۆمین لە زینداندا، نارەزایەتیەکان، مانگرتن(نموونەی بەرجەستەی ئەو مانگرتنی ٤٧ رۆژەی زیندانیانی پەژاک) و سەکنی بە ئیرادە لە بەرامبەر گوشارەکانی رژێم لە زینداندا، ئاڵووگۆڕێکی مێژوویی لە تێکۆشانی گیراوانی سیاسی هێنا ئاراوە. رژێم بۆ شکاندنی ئیرادەی گیراوانی پەژاکی، لە هەموو رێبازێکی شەڕی تایبەت کەڵکی وەرگرتووە. تەسلیم نەبوونی هەڤاڵانی پەژاک لە زیندانەکان، رۆحێکی نوێی بە تێکۆشانی سیاسی لە کۆمەڵگا بەخشی. لە سێدارەدانی هەڤاڵ حەسەن حکمەت دەمیر(عەگید) لە زیندانی خۆی لە ساڵی ١٣٨٦ لە راستی خۆیدا نیشانەی چڕتر بوونی شەڕی تایبەتی رژێم دژی کۆمەڵگای کوردستان بوو. لەمەو بەدوا لە قۆناخە جیاوازەکاندا، لە سیدارەدانی هەڤاڵانی پەژاک پێکهاتووە. بە پێچەوانەی چاوەڕوانی رژێم، ئەم لە سێدارەدانانە تێکۆشانی گیراوانی سیاسی بەرز کردەوە. بەرخۆدانی هەڤاڵانی زیندانی لە ژێر ئەشکەنجەکانی رژێم و هەڵوێستی قارەمانانەی ئەوان لە بەرامبەر سێدارە، رۆحی خۆڕاگری گەلی لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی رژێم بەرز کردەوە و بووە هۆکاری دەربڕینی نارەزایەتیەکی بەرفراوان لەلایەن گەلەوە. بە بەرزبوونەوەی نارەزایەتی ناو کۆمەڵگای کوردستان، ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لە بەرامبەر ئەو رەوشە کەوتنە جموجۆڵەوە. خاڵی سەرەکی ئەو شەڕە دەروونی و پرۆپاگەندەیە کە ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لە دژی بەرخۆدانی زیندانیانی سیاسی بەڕێوەیان دەبرد، بریتی بوو لە هێرش بردنە سەر فەلسەفەی بەرخۆدان و بێهودە نیشاندانی بەرخۆدان. لە لایەکەوە ئەشکەنجەگەران، رێوەبەرانی زیندان، قازیەکان هەموویان بە دوای بانگەوازی بۆ هەڤالانی زیندانی بۆ وازهێنان لە بەرخۆدان، نکۆڵی لە ناسنامەی سیاسی خۆیان و رەدکردنەوەی تێکۆشانیاندا بوون و لە لایەکی تریشەوە ئەندامانی شەڕی تایبەت لە دەرەوەی زینداندا بە هێنانە رۆژەڤی ئەم مژارە کە «زیندانیانی سیاسی دەبێ گیانی خۆیان رزگار بکەن و نابێت کەس باس لە ناسنامەی سیاسی ئەوان بکات» هەوڵی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی تەسلیم بوون لە زیندان و کۆمەڵگایان دەدا. ئەو ئەندامانەی شەڕی تایبەت کە لە ژێر ناوی چالاکی مافی مرۆڤ و جاری وایشە لە ژێر ناوی چالاکی سیاسی دەردەکەون، وێڕای هەوڵ دان بۆ بێهودە

نیشاندانی بەرخۆدانی هەڤاڵانی زیندانی، پەژاک تومەتبار بە تاوانێکی نەناسراو بە ناوی «شەهید پەروەری» دەکەن. ئەوانە پەژاکیان بە هۆی پارێزگاری لە زیندانیانی سیاسی و ناسنامەی سیاسییان تاوانبار بە «بە کوشتن دانی» ئەو زیندانیانە دەکرد. ئەم تاوانبار کردنانە لە کاتێکدا دەهاتە رۆژەڤ کە بانگەوازی ئەندامانی شەڕی تایبەت لە هەڤاڵانی زیندانی بۆ «بە کوشتن نەدانی خۆیان» شکستی هێنابوو. هەموو هەڤاڵانی لە سێدارەدراو بە هۆی ئەوەی کە ئامادەی قبوڵی تەسلیمیەت و حاشا کردن لە ناسنامەی سیاسی و تێکۆشەرانەی خۆیان نەبوون، لە سێدارە دران. ئەم هەڤاڵانە سیمبولی پێداگری پەژاک لە سەر تێکۆشانە. پەژاک چۆن دەتوانێ نکۆڵی لە ناسنامەی سیاسی ئەوان بکات؟ ئەوە خەیانەتێک دەبێت بە ئەو هەڤاڵانە، ناسنامەی تێکۆشانیان و ئەو گەلەی کە خەباتیان بۆ کرد. ئەو بابەتانەی کە ناوەندی شەڕی تایبەت لە زیندانەکان و لە بەرامبەر زیندانیانی سیاسی پێداگری لەسەر دەکات، پەیوەندی و هەماهەنگی ئەو سیاسەتانە و پێکهێنەرەکانی لە دەرەوە و ناوەوەی زیندان دەسەلمێنێت. کارگێڕانی شەڕی تایبەت هەوڵا دەدەن بە تاکەکەسی کردنی مەسەلەی زیندانیانی سیاسی، ئەوان لە بەردەوامی تێکۆشان دابڕن. ئەوان هەوڵ دەدەن لە پرۆسەی تاکەکەسی کردنی تێکۆشان، زیندانیانی سیاسی هان بدەن بە ئەوی کە تێکۆشان لە دژی رژێم وەکوو هەڵەیەک ببینن و دانی پێدانێن. ناوەندەکان شەڕی تایبەت بەشێوازێکی بەرفراوان هەوڵ دەدەن ئەو بارە رەوانییە لەسەر زیندانیانی سیاسی داسەپێنن کە «تێکۆشانی تۆ هیچ کەڵکێکی نیە، تۆ بە تەنیا ماوی، کەس بیر لە تۆ ناکاتەوە، ئەگەر بەردەوام بی دەمری و ئەنجامێک وەرناگریت». سایکۆلۆژی تەنیایی، یەکێک لە فەلسەفەکانی دامەزرانی زیندانە. ئەم فەلسەفەیە، لە ناو کۆمەڵگاشدا لە ژێر ناوی «خۆ شتێک لە دەستی من نایەت، تێکۆشان ئاکامێکی نیە و کەسێک لە بیری تێکۆشاندا نیە» خۆی دەنوێنێ. ئەم نەوای بێهیواییە لە ناوەندەکانی شەڕی تایبەتەوە بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەردەوام بە گوێ کۆمەڵگادا دەخوێنن. لە ئاکامی ئەم شەرە

دەروونیە، دەیانەوێ زیندانی سیاسی بەو ئاکەمە بگات کە دەبێت لە بیری رزگارکردنی ژیانی خۆیدا بێت. لەو قۆناخەدا زیندانی لە ئەگەری رەد کردنەوەی ئامانجەکانی تێکۆشان و ناسنامەی سیاسی خۆی وەکوو تێکۆشەرێکی سیاسی، کۆتایی بە خۆی دێنی و لە راستیدا خۆکۆژی دەکات. ئەمە، خاڵی سەرکەوتنی ئەو رژێمەیە کە هەوڵ دەدات فەلسەفەی خۆکوشتن لە ژێر ناوی ژیان، لە کۆمەڵگادا باو بکات. مرۆڤێک کە لە پرۆسەی نکۆڵی بەردەوام لە ناسنامەی خۆیدا بێت، ئەو مرۆڤەیە کە لە رێگای بە ژن بووندا هەنگاو دەنێتەوە. تێکۆشەرێکی سیاسی و ئازادیخواز، بۆ تێکۆشان لە دژی بە ژن کردنی کۆمەڵگا سەریهەڵداوە و ناتوانێت هەم بە ژن بوون پەسەند بکات و هەم خۆی وەکوو تێکۆشەر بەناو بکات. ئەوانەی کە بانگەوازی بۆ تێکۆشەرانی زیندانی دەکەن کە لە فیکری ژیانی خۆیاندا بن، لە بیریان چووەتەوە کە بۆ ئەو تێکۆشەرانە پێناسەی ژیان، رەدکردنەوەی تەسلیمیەتە و ئەوان خۆ بوونی خۆیان بە ناسنامەی بەئیرادە و کۆمەڵایەتی خۆیانەوە ناسیوە. فەرزاد کەمانگەر، ژیانی لە ئازادمانەوە و خۆبوونی خۆشی لە خوێندکارە چکۆلەکانی و ژیانی ئازادی ئەوان دەدیت. شیرین عەلەم هوویی، ژیانی لە ئیرادەی ژن بوون، خۆبوونی خۆشی لەو کچە کوردانەدا دەدیت کە نابێت ئاگر لە جەستەیان بەردەن، بەڵکوو دەبێت بۆ ئازادی خۆیان شەڕ بکەن. شیرین روو بە ئەشکەنجەگەرەکانی دەڵێت: «دەتوانن روحم لێبستێنن بەڵام هەرگیز ناتوانن شەرەفم لێبستێنن». فەرهاد وەکیلی لە بەرامبەر هەڕەشەی جەلادانی خۆی دەڵێت: «مردن ئەگەر ئەژدیهایە لە دڵی مندا مێروولەیەکی بێئازارە. مردن بۆ من بەختەوەریەکە کە لەلایەن دۆستەوە بۆ من هەدیە کراوە، چوونکە بۆ گەلەکەمە». شەهید فەرهاد بەرخۆدانەکەی بە کاتێکەوە پەیوەند دەدات کە بە پاکی کچانی زاگرۆس سوندی خوارد و ستایشی ئازایەتی کوڕانی ئارارات و قەندیلی کردووە. کەسانێک کە ناسنامەی سیاسی و تێکۆشەرانەی ئەم شەهیدانە دەبەنە ژێر پرسیارەوە، پێویستە بزانن کە لەلای ئەو تێکۆشەرانە ژیان، بەردەوامی شەرمەزاری سەردانەواندنی

بەردەوام نەبوو، خۆبوونیش ئەو چاو و دەم و گیڤانە هەمیشە کراوانەی کە هیچکات پڕ و تێر نابێت، نەبوو. ئەوانەی کە چەند رۆژ دەستبەسەربوونیان بۆ فڕین بۆ دەرەوەی وڵات و ژیانێکی بێدەردەسەر لە رۆژئاوا پێکدێنن، بە چ جەسارەتێکەوە داوا دەکەن سیمبولەکانی بەرخۆدانی کۆمەڵگای کوردستان بێناسنامە بێت؟ ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان کە تێکۆشان وەک «تاوان» نیشان بدەن و گیراوی سیاسی ناچار بکەن کە لەبەرامبەر «ئەو تاوانەی کە ئەنجامی داوە» داوای لێبوردن بکات. هەندێک لە پارێزەران هەروەها پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە ژێر ناوی رزگارکردنی گیانی زیندانیی سیاسییەکان هەوڵ دەدەن ئەم زیندانیانە وەکوو کەسانێکی نەزان و فریوخواردوو نیشان بدەن کە بێئەوەی ئاگادار بن کەوتوونەتە ناو رێگای تێکۆشانەوە. ئەمە سووکایەتی بە ئەو تێکۆشەرانەیە کە بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە ئێشەکانی کۆمەڵگا و پەسەند کردنی تێکۆشان بۆ ئازادی گەلی خۆی، لە رێگای ئازادیخوازیدا هەنگاوی ناوەتەوە. تێکۆشەرێکی ئازادیخوازی پەژاکی، نە تاوانبارە و نە فریوخواردوو، بەڵکوو دەنگدانەوەی داخوازی ئازادی گەلێکە کە رژێمێکی رووخێنەر و دژەکۆمەڵگا، هەموو رێگاکانی ژیانی ئازادی لە بەر دەم داخستووە. ئەوانەی کە کوشتار، ئەشکەنجە، هەژاری و بێئیرادەیی لە سەر کۆمەڵگای کوردی دادەسەپێنن، تاوانبارن و دەبێ داوای لێبوردن بکەن و فریوخواردەکانیش ئەو کەسانەن کە بە زانابوون یا نەزانی کەوتوونەتە خزمەتی سیاسەتەکانی شەڕی تایبەتەوە. پەژاک بە پێچەوانەی پارتە کلاسیکەکان، تێکۆشەرێکی زیندانی وەک مورەیەکی سووتاو و لە کەڵک کەوتوو نابینێت. تێکۆشەرێکی زیندانی، بە بەرخۆدانی لە بەرامبەر هەر ئەشکەنجەیەکی جەستەیی و دەروونی، بەرخۆدانی کۆمەڵگا لە بەرامبەر رژێمی داگیرکەر بەرز دەکاتەوە. زیندانییەکی سیاسی لە کەسێکی سیاسی دەرەوەی زیندان تێکۆشەرترە. فەرهەنگی بەرخۆدانی سیاسی زیندانیانی تێکۆشەر، لە هەستی بەرپرسیاریەتی ئەوان وەکوو کەسانی شۆڕشگێر لە بەرامبەر کۆمەڵگاکەیان

دەردەکەوێت و فەرهەنگی بەرخۆدانی ئەوان ڕەنگدانەوەی فەرهەنگی بەرخۆدانی ئایدیۆلۆژی، کەسایەتی و پارتەکەیانە. ناکرێت چاوەڕوانیمان لە کەسانی پەیڕەوی ئایدیۆلۆژی پاسیڤ بوون بێت تاکوو فەرهەنگی بەرخۆدان لە زیندان پەرەپێبدەن. ئەو کەسانەی بە هۆی خاوەنداریێتی پەژاک لە ناسنامەی سیاسی هەڤالانی پەژاک، ئێمە تاوانبار بە «بە کوشتدانی ئەوان» دەکەن، ئایا وڵامێکیان بۆ ئەوە هەیە کە لە بەرچی ئەندامی ئەو ڕێکخستنانەی کە لە بەرامبەر گیرانی ئەندامەکانیان بێدەنگن بۆچی لە سێدارە دەدرێن؟ ناوەندەکانی شەڕی تایبەت وێڕای بەردەوام کردنی ئەشکەنجەکانی دەروونی و جەستەیی و لە سێدارەدانی گیراوانی سیاسی، لە هەوڵی ئەوەدا کە بە بەرفراوانتر کردنی سیستەمی چاوەدێری لە سەر زیندانیانی سیاسی، لە بەرامبەر بەرێکخستن بوون و بەردەوام بوونی تێکۆشینی ئەوان ئاستەنگی ساز بکەن. بۆ نموونە دەتوانین بە دانانی کامێرا لە هەموو شوێنەکانی زیندان، لێک جیاکردنەوەی زیندانیانی سیاسی و گوشار خستنە سەر بنەماڵەکانیان ئاماژە بکەین. ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی تورکیا لە ڕێگای کاربەدەستانی پارتی داد و گەشە پێدان پێشنیاریان بە دەوڵەتی ئێران کردووە کە بە دروستکردنی چەند زیندانێکی مودرن لە شارە ناوەندیەکانی، کاردانەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سەبارەت بە مژاری ئەشکەنجە لە ئێران کەم بکەنەوە و هاوکات چەندین زیندانی شاراوە بۆ زیندانیانی سیاسی و بەتایبەت بۆ زیندانییە سیاسییەکانی کورد کە کاردانەوەی ناونەتەوەیی لە بەرامبەر کێشەی ئەوان کەمترە ساز بکەن.

**هەوڵدانەکانی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بۆ مافیایی نیشاندانی(کریمینالیزە کردنی) پەژاک:**

بەناوکردنی پەژاک وەک مافیا، یەکەمین هەنگاو بۆ ترۆریزەکردنیەتی. مافیایی نیشاندانی تێکۆشانە کوردییەکان لە شێوازە هەمیشەییەکانی ڕژێم لە کوردستانە. بە گوێرەی ئەم شێوەیە، ئامانجە ئازادیخوازەکانی بزووتنەوەی کورد چەواشە دەکرێت و ئەو ئامانجانە لە ناو شەپۆلێک لە ئانتی پرۆپاگەندە کە ئاراستەی ڕای گشتی دەکرێت، ون دەبێت. بە مافیایی نیشاندانی تێکۆشانی گەلی کورد، هەوڵدەدرێ دیمەنێکی توندوتیژ و دژەگەل لە تێکۆشان ئاراستە بکەن کە بە پێی ئەو دیمەنە کەسانێک لە دەرەوەی داخوازی گەلی کوردستان و بە گوشار لە سەر گەل و بە کاری مافیایی، هەوڵدەدەن گەلی کوردستان ـ کە لە دڵەوە سیاسەتەکانی ڕژێمیان پەسەند کردووە ـ لە دژی دەوڵەت هەڵگەڕێننەوە. ئەم دیمەنە، هەروەها پێناسەی ڕژێم لە کوردی خوازراو و کوردی نەخوازراو بەیان دەکات. لە ڕاستیدا مافیا نیشاندانی پەژاک، سەرپۆشێکە بۆ کردەوە مافیایەکانی ڕژێم لە کوردستاندا. بەم کردەوە، ڕژێم دەخوازێ زەمینەی ئەوە لە ناو ڕای گشتیدا ساز بکات کە هەموو کردەوە دژەمرۆڤانەکانی خۆی بخاتە پاڵی پەژاکەوە. بەهۆی ئەوەی کە ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، بەتایبەت گرووپەکانی دژەپەژاک کە لە ڕاستیدا بۆ کاری مافیایی لە کوردستان ساز کراون و خۆیان گرووپی مافیایین، مافیایی نیشاندانی پەژاک زۆرتر دەکەوێتە ڕۆژەڤەوە. ئەگەر ڕژێم بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان مافیایی نیشان نەدات، ئەو کاتە چۆن دەتوانێت پاساوی ئەو هەموو کوشتارە، مرۆڤ ڕفاندن، قاچاخ، لەشفرۆشی و تووشبوون بە مادە هۆشبەرەکان بێنێتەوە؟ ڕژێم کە ئاگاداری هەستیاری کۆمەڵگای کوردستان سەبارەت بە کێشە دژە ئەخلاقیەکان وەک قاچاخ، گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان و لەشفرۆشییە، هەوڵدەدات لە لایەکەوە بە پەرەپێدان بە ئەم شتانە لە ناو کۆمەڵگادا سیاسەتەکانی خۆی پێک بێنێت و لە لایەکی ترەوە بە خستنە پاڵی ئەو مژارانە بە پەژاکەوە، لە خۆشەویستی پەژاک کەم بکاتەوە و سیمای پەژاک ناشرین بکات. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، بە پرۆگاندەی بەرفراوانی ڕاگەیاندنی و فەرهەنگی هەوڵی ئەوە دەدەن کە دیمەنێکی بە تەواوەتی جەنایەتکارانە و مافیایی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد ساز بکات و لەم بوارەوە پارەیەکی زۆر خەرجی درووستکردنی فیلم و دیکۆمێنتارەکانی تەلەڤیزیۆن دەکەن. دەوڵەتی ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە کردەوەکانی ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی تورکیا لەم بوارەدا، لە هەوڵی پێشخستنی ئەم ڕوانگەیە لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستانە؛ کە بزووتنەوە سیاسیەکانی کورد لە ناوەڕۆکدا تۆڕی مافیایین(لەم بوارەوە کارگێرانی شەڕی تایبەت، فیلم و زنجیرە دراماکانی بەرهەمی تورکیا کە لە سەر بنەمای مافیایی نیشاندانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە باکووری کوردستان ئامادە کراون، وەردەگێڕێتە زمانی فارسی و وەکوو سی.دی لە ئێران و کوردستان بڵاوی دەکەتەوە). لە لایەکیترەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئاگاداری لە سەر هەستیاری نێونەتەوەیی بۆ مەسەلەی مافیا و قاچاخ، هەوڵی ئەوە دەدەن بە مافیایی نیشاندانی پەژاک ڕێگا بۆ دژایەتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەبەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان و ترۆریزەکردنی ئەو خۆش بکەن. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت هەروەها بە پرۆپاگەندەیەکی بەربڵاو کە لەم بوارەدا بەڕێی دەخەن، ئامانجیان ڕەوایەتی دان بە هێرشەکانی خۆیان لە بەرامبەر تێکۆشانی گەلی کوردستانە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لە ئێران و تورکیا(بەتایبەت گرووپەکانی دژەپەژاک و ژیتەم) لە هاوکاریەکی بەربڵاو لەگەڵا یەکتردا، لە ترانزیتی فراوانی مادەی هۆشبەر لە ئەفغانستانەوە بەروە ڕۆژئاوا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. ئەوانە لە لایەکەوە لە ترانزیتی مادەی هۆشبەر و قاچاقی مرۆڤ دا، پەیوەندیەکی پتەویان لەگەڵا تۆڕەکانی قاچاخی مادەی هۆشبەر و مرۆڤ ساز دەکەن و لەو باندانە لە بوارەکانی سیخۆڕی و ئۆپێراسیۆنی کەڵک وەردەگرن و لە لایەکی تریشەوە بە تاوانبارکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان بەتایبەت پەژاک و پەکەکە وەک بکەری ئەم کردەوانە ، ئەوانە مافیایی نیشان دەدەن و تیرۆریزەیان دەکەن. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت هەروەها لە

ڕێگای قاچاقی مادەی هۆشبەر و مرۆڤ، پارەیەکی یەکجار زۆر بە دەست دەخەن کە بەشێک لەم پارەیە بۆ کڕینی چەکی قاچاخ و بڵاوکردنی ئەم چەکانە لە ناو گرووپەکانی گرێدراوی دەوڵەت دەکرێت و بەم شێوازە نائارامی لە هەرێمەکانی کوردستان پەرەی پێدەدرێت. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت کاسبکارانی سەر سنوور کە کەل و پەلی ئاسایی لە سنوورەکان ئاودیو دەکەن وەکوو قاچاقچیانێکی مەترسیدار دەناسێنن و بە بەناو کردنی ئەوان وەکوو باندە قاچاخە گەورەکانی پەیوەندیدار بە پەژاک، لە هەوڵی ئەوەدان ڕەوایەتی بە کوشتاری کاسبکارانی سنوور بدەن و هەروەها یارمەتییە مادییەکانی گەلی کوردستان بە پەژاک وەکوو سەرچاوەی نارەوا و مافیایی نیشان بدەن(ڕژێم لە دانپ□یدانی تەلەڤیزیۆنی تەسلیمبووەکاندا لەوان دەخوازێت تا بە خوێندنەوەی نووسراوی پێشتر ئامادەکراو پەژاک وەک مافیا و پەیوەندیدار لەگەڵ تۆڕی قاچاخ نیشان بدەن. دانپێدانانی زەینەب ئازەر و گۆتەکانی جەمال قەزاقی نموونەی ئەو ڕاستییەن. جەماڵ قەزاقی وەها دەبێژێت: ئیتلاعات بە منی گوت کە لە بەرامبەر کامێرا بڵێم کە حاجی ئەحمەدی منی چارەرش کرد. ئەوان بە منیان دەگوت کە بڵێم تەواوی ئەو کەسانەی قاچاخ دەکەن بە زۆر مەجبوور کراون و حاجی ئەحمەدی ئەوانی مەجبووری ئەو کارە کردووە. هەروەها زەینەب ئازەر لە قسەکانی خۆیدا کاسبکارانی سنوور وەکوو قاچاخچی و هاوپەیمانی پەژاک بە ناو کرد و گوتی کە ئەوانە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی پەژاکن. ئەو قسانە بووەتە بیانووی سەرەکی دەوڵەت بۆ کوشتنی کاسبکارانی سنوور. سرنجراکێشە کە زەینەب ئازەر و بەختیار میرزایی کە ئەویش لە دژی پەژاک ئیقراری درۆی کردووە ئێستاکە لەلای عبدالله موهتەدی دەمێننەوە). ئەم پرۆپاگەندەیەی ڕژێم بوونەتە هۆی ئەوەی تا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤ لە سەر مژاری کوشتنی کاسبکاران بێدەنگ بن و بەم شێوە ڕژێم سیاسەتی بێدەسەڵات و جاش سازی لە کوردستاندا بەرێوە ببات. ناوەندە پرۆپاگەندەییەکانی شەڕی تایبەت هەوڵ دەدەن بە بڵاوکردنەوەی درۆ، بە ڕای گشتی بسەپێنن وڵاتانی ڕۆژئاوایی پەژاک وەکوو گرووپێکی مافیایی دەناسن. ئەم درۆ گەورەیە بە تایبەت لە لایەن یەکێک لە کارگێرانی شەڕی تایبەت بە ناوی عیرفانی قانعی فەردەوە هاتە ئاراوە. ئەو لە وتارێکدا کە لە ماڵپەری تابناک(ماڵپەڕی تایبەتی موحسنی ڕەزایی) بڵاوبووە، گوتوویەتی کە: «کە پسپۆڕێکی ئاسایشی وڵاتی یۆنان(بە بێگوتنی ناو) پێ وتووە کە پەژاک قاچاخچێتی مادده هوشبەرەکان دەکات. ئەو هەروەها بۆ سەلماندنی قسەکانی خۆی لەمەڕ مافیابوونی پەژاک قسەکانی کەسێک بە ناوی موحەممەدی مۆشتاق کە سەرپەرشتی بەشی فارسی رادیۆی تورکیا بوو، وەکوو بەڵگە دەهێنێتەوە. (لە کوردیدا مەتەلێک هەیە کە دەڵێت شاهیدی ڕێوی کلکیەتی.) خاڵی سەرەنج ڕاکێش ئەوەیە کە عەبدوڵای موهتەدی هەندێک تۆمەتی بێبنەمای لە سەر مافیایی بوونی پەژاک وروژاندووە کە لە یەکچوونی ئەو قسانە لەگەڵ پرۆپاگەندەکانی ناوەندی شەڕی تایبەتی ڕژێم و ئیقرارەکانی زەینەت ئازەر لە زەمینەی مافیا نیشاندانی پەژاک ناتوانێت ڕێکەوت بێت. عەبدوڵا موهتەدی وتووێژێکی لەگەڵ ڕۆژنامەوانێک بە ناوی «مایکل جەی توتن» ئەنجام داوە و لە «میدل ئیست ژورناڵ» بڵاو بووەتەوە، پەژاک و پەکەکەی وەک مافیا و عەشیرەگەرا بەناو کردووە. عەبدوڵا موهتەدی هاوکات لەگەڵ یەکخوێندنەوەی پەژاک و پەکەکە دەبێژێت: ئەوانە لە کاری قاچاخ، یارمەتی قاچاخچییان دەکەن و لە بەرامبەر ئەو پارەیان لێوەردەگرن و ئەوە سەرچاوەیەکی گەورەی داهات بۆ ئەوانە. ئەو قسانە لە پراکتیکدا ڕەوایەتی دان بە کوشتاری ئەو کاسبکارانەی لێدەکەوێتەوە کە موهتەدی و تەسلیم بووەکان ئەوان وەکوو قاچاچچی مەترسیدار و هاوپەیمانانی پەژاک بەناو دەکەن.

### هەوڵدانەکانی ناوەندی شەڕی تایبەت بۆ تڕۆریزەکردنی پەژاک

هێرشی یازدەی سێپتامبر و ڕاگەیاندنی شەڕ دژی تیرۆریزم لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، پێواژۆیەکی نوێی لە پەیوەندییەکان و سیاسەتی نێونەتەوەیی دەستپێکرد. نەبوونی پێناسەیەکی ڕوونی حقوقی لە دیاردەی تیرۆر و تیرۆریزم، لەگەڵ بەکارهێنانی ئەمرازیانەی ئەم دیاردەیە لەلایەن وڵاتی ئەمریکاوە بۆ داسەپاندنی مەرجی تایبەت لە یاسا نێونەتەوەیەکان بە مەبەستی پێکهێنانی هەژێمۆنی جیهانی لە پەیوەندیدایە. ئەو شێلو بوونە لە پێناسەی ترۆریزم، بیانویەکی داوەتە دەست هەموو دەوڵەتەکان تا بەرهەڵسکارانی خۆیان بە مۆرکی ترۆریزم سەرکوت بکەن. لەمرۆژە هەر دەوڵەتێک لە جیهاندا، لیستی تیرۆری تایبەت بە خۆی هەیە و لە سەر ئەم بنەمایەش ڕێکخستنی سەربازی و پۆلیسی خۆی بەهێز دەکات. هەروەها مژاری ترۆریزم بووەتە یەکێک لە مێژارە سەرەکیەکانی ئاڵاوگۆڕ و پەیوەندییە دیپلۆماتیەکانی ناوبەری دەوڵەتەکان و لە بواری ڕێککەوتن نامەکان و ئیمتیاز دان و گرتن لە ئاستێکی بەرفراواندا بە کار دەهێنرێت. ئەمرۆکە ڕۆڵی مەسەلەی «شەڕ لە دژی تیرۆر» لە بەهێز کردنی دەسەڵاتی دەوڵەتەکان و ئەو کڕین و فرۆشتنە نارەوایەی ناوبەری ئەوان، بووەتە هۆکاری زیاد بوونی ناکۆکی و تۆندوتیژی لەناو کۆمەڵگاکان لە ئاستی جیهانیدا. لە ڕێکەوتی ٤ فوریەی ٢٠٠٩ وەزارەتی خەزێنەداری دەوڵەتی ئەمریکا پەژاکی خستە ناو لیستەی گرووپە ترۆریستەکان. ئەم کردەوەی دەوڵەتی ئەمریکا هیچ لایەنەکی حقوقی نەبوو، تەنیا مژارێکی سیاسی گرێدراو بە هاوسەنگییەکانی دەسەڵات لە هەرێمەکەدا بوو. ئەمریکا لە ترۆریزە کردنی پەژاک دوو ئامانجی سەرەکی هەبوو: یەکەم هەرچەند کە ئەمریکا توانیبووی سەدام حۆسەین لە سەر کار لا ببات، بەڵام نەیتوانی سیستەمی دڵخوازی خۆ لە ئێراق دابمەزرێنێت. ئەمریکا لە شەڕی خۆی دژی کۆماری ئیسلامی لە ئێراقدا بێچارە مابوو، گەیشتە ئەو ئەنجامە کە دامەزراندنی ئیستیقرار لە ئێراقدا بە بێ قبوڵکردنی هێزی ئێران و پێکهاتن لەگەڵ ئەو لە ئێراقدا مووممکن نابێت. دانیشتنەکانی ئێران و ئەمریکا

لە ئێراقدا لەو چوارچێوەیدا پێکدەهات. لەم دانشتنانەدا ئەمریکا لە بەرامبەر کەمکردنەوی کردەوە تروریستیەکان و کردەوە خۆکوژییەکان و تەقینەوەکانی گرووپەکانی گرێدراوی ئێران لە ئێراقدا، بەڵێنی تەنگاوکردنی بەرهەلستکارانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت پەژاکی دا. ئەگەر ترۆریزە کردنی پەژاک پێشکەشییەک لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکا بە مەبەستی رازی کردنی ئێران بۆ کەمکردنەوەی گۆشارەکانی بە دژی ئەمریکا نیە، کە واتە ترۆریست راگەیاندنی بزووتنەوەیەک کە بە کردەوە لە بەرامبەر دەوڵەتێک کە ئەمریکا خۆی ئەوی وەکوو «محوەری شەڕ» راگەیاندووە، دەتوانێت چ پاساوێکی هەبێت؟ ئامانجی دووهەمی ئەمریکا لە ترۆریست راگەیاندنی پەژاک، تەنگەتاوکردنی پەژاک و راکێشکردنی ئەو بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆیەتی. تایبەتمەندی فەلسەفی و بنەمای تێکۆشانی پەژاک لە سەر بناخەی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیک، ئازاد و بەئیرادەیە. ئەم تێڕوانینە بەرهەمی تێپەڕاندنی پارادیمی دەسەڵاتخوازییە. دەسەڵاتخوازی لە تێکۆشانی رێکخستنێکی سیاسیدا، لە ئەنجامدا وەلانان و بە درووشم بوونی هەموو پێوانەکانی تێکۆشان بۆ گەیەشتن بە ئەو بەرژەوەندییانەی لێدەکەوێتەوە کە رێگای گەیەشتن بە دەسەڵات خۆش دەکەن. پارادایمی دەسەڵات دەبێتە هۆی ئەوەی کە رێکخستنە سیاسیەکان بە جێگای ساز کردنی فەرهەنگی تێکۆشان و پێداگری لە سەر ئەو، لە ژێر ناوی «واقعگەرایی سیاسی» بکەونە ناو ئەو هاوسەنگییە سیاسیانەی کە تێیدا هەموو شتێک جگە لە پێوانە سەرەکییەکانی تێکۆشان بەدی دەکرێت. لە پارادایمی دەسەڵاتدا، وەکوو دلۆپەکانی جیوە، دلۆپی بچووکتر ناچاری توانەوە لە ناو دلۆپی گەورەتر دایە. هەر بۆیەش لە پەیوەندی ناوبەینی پارتە سیاسیەکان لەگەڵ دەوڵەتەکان، هەمیشە پارتە سیاسیەکانن کە لە پێناو بەرنامە و بەرژەوەندی سیاسی دەوڵەتەکان دەجووڵ□ێننەوە. پارادایمی دەسەڵات، لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگادا دەسەڵاتخوازی و لە پەیوەندی لەگەڵ هێزە گەورەترەکاندا، تەسلیم بوون و بە ژن بوون لەگەڵ خۆی دێنێت. پارادایمی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک ـ ئیکۆلۆژیک و ئازادیخوازی رەگەزی، تێپەڕکردنی پارادایمی دەسەڵات و رەدکردنەوەی «دەسەڵاتخوازی لە سەر کۆمەڵگا و تەسلیم بوون و بە ژن بوون لە بەرامبەر هێزە گەورەترەکان» لەگەڵ خۆیدا دێنێت. پاراستنی ناسنامە و ئیرادەی سیاسی لە پەیوەندییەکاندا، رەنگدانەوەی ئەم پارادایمە لە پەیوەندی و دانوسەندنی نێوانی پەژاک و هێزەکانی تر. قبوول□ نەکردنی ئەم مژارە لەلایەن ئەمریکا، بۆ ئەم هۆیە دەگەڕێ□تەوە کە هەتا کوو ئێستا مۆدێلێکی تایبەت لە پەیوەندی بزووتنەوە کوردییەکان و دەول□ەتەکاندا لە ئارادا بووە. ئەو شێوازە پەیوەندییە کە جۆرێک لە پەیوەندی دەسەڵاتە، هەڵقوڵاوەی تێڕوانینی زل□هێزەکان سەبارەت بە کێشەی کورد و رۆڵی تەرخانکراو بۆ کوردە. بە بۆچوونی دەسەڵاتە زلهێزەکان، کوردەکان کارتی گوشار لە هاوسەنگیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستن. ئەو دەول□□ەتانە لە داسەپاندنی مەرجەکانی خۆیان لەسەر دەوڵەتەکانی هەرێمدا لە کارتی پرسی وەکوو ئەمرازی گوشار کەڵک وەردەگرێن و لە کاتی رێکەوتن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە زۆر بە سانایی کوردەکان دەکەن بە قوربانی پەیمانەکانیان. رۆڵێک کە زلهێزەکان بۆ پرسی کورد تەرخانیان کردووە، تا ئێستا لەو چوارچێوەیەدا بووە و ئەم هێزانە لە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ رێکخستنەکانی کوردیدا، پێکهێنانی ئەو رۆڵەیان لێدەخوازن. مێژووی تێکۆشانی کورد پڕە لە ئەنجامە تراژێدیەکان کە بەرهەمی ئەو جۆرە پەیوەندیانەن. زلهێزەکان نیشانیان داوە کە لە کاتی وەدەست خستنی بەرژەوەندەکانیان و رێکەوتن لەسەریان لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکەدا، چاوپۆشی لە کوشتاری کوردەکان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە دەکەن و دەستی ئەو دەوڵەتانە کراوە دەهێڵن. بۆ هەر کەسێک روون و ئاشکرایە کە نە ئەمریکا ونە زلهێزەکانی تر، جیا لەو سیاسەتەی کە ئاماژەی پێکرا هیچ پیلانێکی دیارکراویان بۆ پرسی کورد نییە. ئەمریکا پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا لە چاچێوەی وڵاتی ئێراق و لە باشووری کوردستان دەبینێت و پێناسەی دەکات.(هەڵبەت ئەوە بە واتای پشتیوانی ئەمریکا لە گەلی باشووری کوردستان نیە بەڵکوو ئەمریکا باشووری کوردستان دەکات بە شوێنی شەڕ لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و هێزەکانی تر). لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا، کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستان مافی باس کردن و تێکۆشان بۆ مافی نەتەوەیی ـ کلتووری ـ کۆمەڵایەتی خۆیان نییە. بەرتەسک کردنی پرسی کورد بۆ ئێراق و باشووری کوردستان، ئەنجامێکی وەکوو دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەنستان و ژینوسایدی ئەرمەنیەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمی، لێدەکەوێتەوە. سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بە کێشەی کورد لە ئێران، هێشتاش لەسەر بنەمای روانگە کۆنەکانی ئەم وڵاتە سەبارەت بە پرسی کورد بە گشتییە. لەسەر ئەم بناخەیە بزووتنەوەیەک کە دەرەوەی چوارچێوەی پێناسەکراو و سیاسەت و پەیوەندیەکانی ئەو بۆ کورد هەڵسوکەوت بکات، وەکوو بزووتنەوەیەکی ناخوازراو دەبینرێت. خستنی پەژاک لە ناو لیستی تیرۆری وەزارەتی خەزانەداری ئەمریکا، لەراستیدا ئاگاداری دان بە پەژاک بۆ قبوڵکردنی پەیوەندی لەسەر بنەمای دەسەڵات لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکایە. هەر رێکخستنێکی تێکۆشەر، مافی ئەوەی هەیە لە پێناو سەلماندی حەقانییەتی تێکۆشانی خۆی و بۆ مافی گەلەکەی و بۆ وەرگرتنی پشتیوانی کۆمەڵگای جیهانی پەیوەندی بەرفراوانی نێونەتەوەیی ساز بکات. پەژاکیش بۆ وەرگرتنی پشتیوانی کۆمەڵگای جیهانی لە پێناو چارەسەری دیموکراتیانەی پرسی کورد و بونیادنانی دیموکراسی لە ئێراندا، ئامادەی پێکهێنانی پەیوەندی لەگەڵ هەموو گرووپ، هێز و دەوڵەتێکە. بەکارهێنانی مەسەلەی تیرۆریزم بۆ گوشار خستنە سەر پەژاک لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکا و بۆ ئەوەی پەژاک بخاتە ناو ئەو سیاسەتانەی کە دوویات کردنەوەیان جگە لە تراژێدییەکانی رابردووی بەدواوە نابێت، هەڵوێستێکی نارەوا و نادیموکراتیانەیە. جێگیر کردنی پەژاک لە ناو لیستی گرووپە ترۆریستیەکان لەلایەن وەزارەتی خەزانەداری ئەمریکا، لە چڕکردنەوەی

کردەوەکانی شەڕی تایبەت لە دژی کۆمەڵگای کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. سوپای پاسداران وەک ناوەندی سەرەکی شەڕی تایبەت، بە کەڵک وەرگرتن لەو بابەتە و ڕەوایەتی دان بە جنایەتەکانی خۆی لە کوردستاندا، هەنگاوی زۆر خێراتری بۆ بەرفراوانتر کردنی میلیتاریزم لە کوردستان و ئێراندا ناوەتەوە و سیاسەتی گرتن، ئەشکەنجە و ئیعدامی، پەرەپێداوە و ئاستی سیاسەتە رووخێنەرەکانی خۆی لە کوردستاندا زۆرتر کردەوە. تیرۆریزە کردنی پەژاک لە لایەن ئەمریکاوە، کاریگەری لەسەر تێکۆشانی دیموکراتیک لە ئێراندا دەکات. ڕژێم بە کەڵک وەرگرتن لەو کەش و هەوایە کە سیاسەتی خۆی لە سەر ئەو بنەمایە لە کوردستاندا بسەپێنێت، هەر جۆرە تێکۆشانی کرداری و بەرخۆدانی جددی تیرۆریزە دەکات و پاسیڤ بوون بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر ئەمریکا خوازیاری ئاڵوگۆڕی دیموکراتیک لە ئێراندا بێت، پێویستە سیاسەتەکانی خۆی سەبارەت بە پرسی کورد لە بەرچاو بگرێتەوە و هەروەها شێوازی نوێی بۆ چارەسەری دیموکراتیکی پرسی کورد و پشتیوانی لە دیموکراسی لە ئێران و قەبووڵکردنی ئیرادەی بزووتنەوەی گەلی کورد، بگرێتە بەر. ئەو ڕێبازانەی کە ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی کۆماری بۆ جێگیر کردنی پەژاک لە ناو لیستی تیرۆری وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریکا گرتوویەتە بەر، سیاسەتی ئەو ڕژێمە لە کوردستان، ئێران و هەرێم روون دەکاتەوە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە پەیوەندییە بەرفراوانەکانی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا لە بواری ترۆریزەکردنی پەژاک لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی کەڵک وەردەگرێت. کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە ترسی دەوڵەتی تورکیا لە پرسی کورد ئاگادارە و بەهۆی تەنگەتاویەکی کە لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی و بەتایبەت دۆزی وزەی ناوکی تووشی بووە، یەکێتی خۆی لەگەڵ تورکیا لەسەر بنەمای لاواز کردن و لەناو بردنی تێکۆشانی گەلی کورد ئاوا دەکات. لەو چوارچێوەدا بۆ ساز کردنی مێکانیزمەکانی بەڕێوە بردنی کوشتاری دووقۆڵی لە چوارچێوە شەڕی تایبەتدا ئێمتیازگەلێکی گەورەی بە دەوڵەتی تورکیا بەخشیوە. لە هەموو ئەو پەیمانانەی کە لە بواری وزە و بازرگانی لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتە تۆمار کراوە، تەنیا تورکیا قازانجی بردووە. لەلایەکی ترەوە ئێران بۆ سەلماندنی پێداگری خۆی لە شەر کردن لەگەڵ گەلی کورددا، بەر لە هەر پیواژۆیەکی دیالۆگ لەگەڵ تورکیا، یەک یا چەند زیندانی سیاسی کوردی لە سێدارە داوە یان حوکمی سێدارەی بۆیان بڕیوەتەوە. تورکیاش لە چوارچێوەی ئەو یەکگرتنەدا لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی لە ئێران پشتیوانی دەکات و هەروەها تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە ئێران ترۆریزە دەکات. شەهید فەرزاد لە یەکێک لە نامەکانی لە ژێر ناوی «لە کێ داوای لێبوردن بکەم» وەها دەنووسێت: «دەر کردنی سزای سێدارە بۆ ئێمە بەپێی هاوپەیمانی و هاوسەنگی سیاسی ئێرانە لەگەڵ پارتێکی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی(تازەموسلمان) جیرانی ڕۆژئاوایە کە لە کوشتاری گەلان لە ١٩١٥ هەتاکوو ئائێستا، خاوەن ئەزموونە. حوکمی لە سێدارەدانی ئێمە پێشکەشییەکی سیاسی، چوکدادانێکی زەبوونانەی ئێران بە هاوسەرە ئایدیۆلۆژییەکەیەتی کە لە ئامانجەکانیاندا هاوبەشن و لەشێواز و بۆچوونەکانیاندا جیاوازن.» دەوڵەتی تورکیا بە کەڵک وەرگرتن لە پەیوەندییە تایبەتیەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا و هەروەها پەیوەندییەک کە لەگەڵ لۆبی جوولەکەکان لە ئەمریکا هەیەتی، لە بواری خستنی پەژاک بۆ ناو لیستی تیرۆری دەوڵەتی ئەمریکا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە. دەوڵەتی تورکیا لە هەموو پەیوەندییەکانی دەرەکی خۆیدا، خۆی و کۆماری ئیسلامی ئێرانی وەک قوربانی هاوبەشی ترۆریزمی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد، دەناسێنێت. ئەم بابەتە، کاردانەوەی جیهانی لە بەرامبەر مژاری مافی گەلان لە ئێران و مافی مرۆڤ لە کوردستان کەم دەکاتەوە. بەو پێیە ئەم پەیوەندی و مێکانیزمانە دەکەوێتە خزمەتی ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی کۆماری ئیسلامی تاکوو بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە بەردەوامی بە سیاسەتەکانی خۆی لە کوردستان بدات و چڕیان بکاتەوە. باشووری کوردستانیش یەکێک لەو گۆڕەپانانەیە کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، هەندێک سیاسەتی تایبەتی بۆ تیرۆریزەکردنی پەژاک و قەبەوڵاندنی ئەو بابەتە بە کۆمەڵگای جیهانی تێدا پێک دێنێت. کۆماری ئیسلامی ئێران بە کەڵک وەرگرتن لەو کاریگەرییەی کە لەناو پارتەکانی باشووری کوردستان هەیەتی، هەنگاوی کرداری هەڵدەهێنێتەوە. ڕژێم لە سەرەتای دامەزراندنی پەژاک ەوە هەتا ئێستاکە، بەردەوام هێرشی سەربازیی و تۆپخانەیی لەسەر باشووری کوردستان ئەنجام داوە. ئەم هێرشانە کە بە بیانووی هەبوونی هێزەکانی پەژاک لە ئێراقدا ئەنجام دەدرێن، لە ڕاستیدا گۆشارێکی بەردەوامە کە ڕژێم بۆ بەرفراوانتر کردنی کاریگەری، هێز و دەسەڵاتی خۆی لە ئێراق و باشووری کوردستان ئەنجامی دەدات. زۆر جاران هێزەکانی ڕژێم، هێندێک شوێن لە خاکی باشووری کوردستان دەکەنە ئامانجی هێرشی زەمینی و تۆپخانەیی کە هێزەکانی پەژاک هیچکات لەو شوێنانە بەجێی نەبوون.(بۆ نموونە هێرش و هاتنە ناو خاکی ئێراق لە سنوورەکانی مەندەلی و هەڵەبجە). حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە جێگەی شەرمەزارکردنی دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی، بە تاوانبار نیشاندانی پەژاک ڕەوایەتی بەم دەستدرێژیانە دەدات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە گریلاکانی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان «ه.ڕ.ک» هیچکات خاکی باشووری کوردستانیان بۆ هێرش بردنە سەر هێزە سەربازییەکان کۆماری ئیسلامی بەکار نەهێناوە، تەنانەت باشووری کوردستانیان لە هاتنی تیمەکانی تیرۆری کۆماری ئیسلامی پاراستووە. کۆماری ئیسلامی، لە لێدوانەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تیرۆریزەکردنی پەژاک کەڵک وەردەگرێت. هاوتەریب بوونی هێندێک کەسایەتی و پارتی کوردی لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دژبە پەژاک و گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وێڕای ئەوەی کە وەک ئامێرێک لە بەرژەوەندی سیاسەتەکانی دەرەوەی ڕژێم بەکار دەبردرێت، هەروەها دەستی ئەم ڕژێمە بۆ پێکهێنانی جەنایەتی زۆرتر لە کوردستان دەکاتەوە. بۆ نموونە دوابەدوای بە تیرۆریست ناساندنی پەژاک لەلایەن هوشیار زێباری وەزیری

دەرەوەی ئێراق کە لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ «عەلی ئەکبەری سالێحی» ئەوەی ڕاگەیاند، ڕژێم دەستبەجێ یەکێک لە کاردیرەکانی پەژاکی بە ناو «حۆسەین خزری» لە سێدارەدا. کۆماری ئیسلامی لەو پەیوەندییە کۆنەی کە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەیەتی بۆ بەرەنگار بوونەوەی پەژاک کەڵک وەردەگرێت. ڕژێم لە جەلال تاڵەبانی ویستوویە کە لە لایەکەوە هەموو پەیوەندییە ناونەتەوەییەکانی خۆی بۆ تیرۆیزە کردن و گوشەگیر کردنی پەژاک بە کار بێنێت و لەلایەکی تریشەوە لە پەیوەندییە تایبەتییەکانی خۆی لەگەڵ بەرێوەبەرانی کۆمەڵە و دیموکرات کەڵک وەرگرێت و ڕۆڵی پێکهێنان و کۆردینەکردنی ئەوان بۆ پرۆپاگەندە لە دژی پەژاک بگرێتە ئەستۆ. بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دژایەتی کردنی پەژاک لە ڕێگای ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ڕژێم لە ناو خاکی ئێران و باشووری کوردستان ئاراستەی پارتەکانی باشووری کوردستان و حکوومەتی هەرێم دەکرێت و هەر لە ڕێگای ئەو ناوەندانەوە هاوئاهەنگی پێویستیان لەگەڵ ئەنجام دەدرێت. قەرارگای ڕەمەزان و ناوەندە شاراوەکانی سوپای قودس و کنسولگەرییەکانی ئێران لە هەولێر و سلێمانی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لە باشووری کوردستانن. کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای ئەو ناوەندانەوە و بە شێوازی ناڕاستەوخۆ چونێتی ڕۆڵ بینینی پارتە کلاسێکەکانی باشووری کوردستان لە بەرەنگار بوونە لەگەڵ پەژاک و تیرۆریزە کردنی ئەو دیاری دەکات. زانیارییەکی زۆر لە دەستدایە کە فەرماندەکانی شەڕی تایبەت لە ئێراقدا لە پارتییەکانی باشوور و بە تایبەت یەکێتی نیشتمانییان ویستووە تاکوو لە گوشار خستنی سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(کۆمەڵە و دیموکرات)، ئەوان ناچاری پرۆپاگەندە لە دژی پەژاک بکات. کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئەو دوایانە هێرشێکی بەرفراوانی بۆ تیرۆریزەکردنی پەژاک دەستپێکردووە و چەندین دیداری دوا بە دوای یەکی لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم و هەروەها یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق ئەنجام داوە، زانیارییەکان نیشان دەدەن کە خاڵی سەرەکی ئەم چاوپێکەوتنانە شێوەی تیرۆریزەکردن و بەرنگاربوونەوەی پەژاکە. لە هەڵاومەرجی هنووکەیی کە گەلی باشووری کوردستان بۆ پێکهێنانی چاکسازی و گۆڕانکاری دەستیان بە دەربڕینی نارەزایەتی کردووە، کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لە ترسی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتیکی کوردستانی ئێراق لەو نارەزایەتیانە، هەوڵ دەدات تا ئەو ڕەوشە وەکوو دەرفەتێک بۆ «پێکهاتن لە سەر تێکۆشانی هاوبەش لە دژی پەژاک و نارەزایەتییەکانی باشور» بەکار بهێنێت. نەچیرڤان بارزانی لە دیدارێکی کە لە سەرەتای ساڵی نوێی زایینی لە ئێران هەیبوو، ڕازی بوونی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراقی بۆ هێرشی ئاسمانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر شوێنەکانی پەژاک دەربڕی. هەروەها جەلال تاڵەبانی و نەچیروان بارزانی لە نەورۆزی ١٣٩٠ چەند دیداریان لەگەڵ کاربەدەستە ئاسایشیەکان و بە تایبەتی «قاسم سلێمانی» یەکێک لە فەرماندە پایەبەرزەکانی سوپای قودس پێکهێنا. لایەنەکان لەو دیدارانەدا لەسەر بابەتی تێکۆشان لە دژی بەرهەڵسکارانی یەکتر بەڵێنی هاوکارییان داوە. دواتر وەفدێکی ئێرانی پێکهاتوو لە ئەندامانی سوپای پاسداران و نوێنەرانی دەوڵەت لە دیدارێکی کە لە کونسولخانەی ئێران لە سلێمانیدا لەگەڵ کاربەدەستان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات پێکی دێنن، پرۆژەیەک پێشکەش بە هەر دوو پارتی دەکەن. ئامانجی ئەو پرۆژەیە ساز کردنی بەرەیەک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە دژی پەژاکە. بە پێی ئەو پرۆژەیە: ١ـ یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات پێویستە لەگەڵ کۆمەڵە و دیموکرات کۆبوونەوە بکەن و ئەوان لە مەترسی «بەهێز بوونی خێرای پەژاک» و ئەو بابەتەی کە پەژاک لە ئامادەکاری ڕاپەڕینێکی گەورەدایە و ئەگەر هەر دوو حیزب وەخۆ نەکەون دەرفەتەکان لە دەست دەدەن، بیانترسێنن و ئەوان بۆ جموجوڵێکی خێرا لە دژی پەژاک هان بدەن. ٢ـ یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات پێویستە لە کۆمەڵەی موهتەدی و هەر دوو حیزبی دیموکرات بخوازن کە لە هەموو پەیوەندییە دیپلۆماتیکە دەرەکییەکانیان پەژاک گرێدراوی پەکەکە نیشان بدەن و وا بنوێنن کە پەژاک ڕێکخستنێکە کە پەکەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی سازی کردووە. ٣ـ کۆمەڵە و دیموکرات پێویستە هان بدرێن تا بە کەڵک وەرگرتنی بەرفراوان لە ڕاگەیاندن هێرشێکی پرۆپاگەندەیی مەزن لە سەر بنەمای گرێدراو نیشاندانی پەژاک بە پەکەکە وەرێبخەن. ٤ـ حیزبەکانی کۆمەڵە و دیموکراتی کوردستانی ئێران لە هەماهەنگی لەگەڵ پارتەکانی باشووری کوردستان و ڕاگەیاندندا چالاکی پەژاک وەکوو هۆکاری زیادبوونی گوشارەکان لە کوردستان نیشان بدەن و مەحکوومی بکەن. ٥ـ حیزبەکانی کۆمەڵە و دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ناردنی نامە بۆ کەسانی ناسراوی ئایینی و ڕەوشەنبیران و هەروەها سەرۆک جاشەکان لە بابەتەکانی سەرەوەدا لە مەترسی پەژاک ئاگاداریان کەنەوە. ٦ـ حیزبەکانی کۆمەڵە و دیموکراتی کوردستانی ئێران پێویستە لە ناو گەل لە دژی پەژاک پرۆپاگەندە بکەن. ٧ـ برینی بانک و کوشتنی کارمەندانی بانکەکە، کوشتنی کەسایەتییە ناودارە سوننەکان، هێرش کردن بۆ ناوەندەکانی دینی شیعەکان و تەقینەوە کردن کە بە شێوازی دوابەدوای یەک لە لایەن تیمەکانی دژەپەژاک ئەنجام دەدرێن پێویستە لە پرۆپاگەندەیەکی بەرفراوانی ڕاگەیاندندا لەلایەن کۆمەڵە و دیموکرات بخرێتە پاڵ پەژاکەوە و مەحکووم بکرێت. بەشێکی زۆر لە ئەندامانی هەر دوو پارتی لە باشووری کوردستاندا تیرۆر کراون و هیچکات بکوژەکانیان نەگیراون. لەلایەکی ترەوە ڕژێم بە بەکارهێنانی گوشار لە ڕێگای پارتیەکانی باشووری کوردستان و بە تایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەوانە ناچار بە کەمپنشینی، نەمانی تێکۆشان و پاسیڤ بوون کردووە. سیاسەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق لە پاسیڤ کردنی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها قبوولکردنی ئەم پاسیڤ بوونە لە لایەن پارتەکانی ڕۆژهەڵات، لەگەڵ پشتیوانی گەلی کوردی باشووری کوردستان لە تێکۆشانی ڕۆژهەڵات بە تەواوی لە ناکۆکی دایە. دوابەدوای لە سێدارەدانی شەهید حوسەین حزری، گەلی کورد لە

باشووری کوردستان کە لە هەبوونی ناوەندە سیخوڕییەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستێوەردانی ئەوان لە کاروباری باشووری کوردستان تووڕە بوون و هەروەها لە کوشتاری تێکۆشەرانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی کۆماری ئیسلامی نارازی بوون، خۆپیشاندانی گەورەیان لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر ساز کرد و خوازیاری دەرکەوتنی هێزە سیخوڕییەکانی کۆماری ئیسلامی لە خاکی باشووری کوردستان بوون. لەم نارەزایەتیانەدا، گەلی باشووری کوردستان نیشانی دا کە ئەوەی کە ئاسایشی کوردستان تێکدەدات هەبوونی هێزەکانی پەژاک نیە بەڵکوو بوونی سیخوڕان و ترۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییە.

**ئەو بابەتانەی کە ناوەندەکانی شەڕی تایبەت وەکوو هۆکار بۆ ترۆریزەکردنی پژاک بە کاری دەهێنن:**

**ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ڕژێم لە مژارگەلێکی بێبنەما و چەواشەکردنی ڕاستیەکان بۆ ترۆریزەکردنی پژاک کەڵک وەردەگرێت. باس کردنی بەشێک لەو چەواشەکارییانە و ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان بابەتێکی پێویستە.**

**١. یەکسان خوێندنەوەی "پەژاک" و "پەکەکە":**

یەکێک لەو مژارانەی کە ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ترۆریزەکردنی پەژاک لە سەری جەخت دەکەنەوە، یەکسان دیتنی پەژاک لەگەڵ پارتی کریکارانی کوردستان پەکەکەیە. ئەم مژارە یەکێک لە بیانووە سەرەکییەکانی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بۆ بەستنی پەیمانەکانی دژی کورد، خۆ مەزلووم نیشان دان لە کۆمەڵگای ناونەتەوەیی و هەروها زەمینەی هاوبەشی پرۆپاگەندەی دژی پژاکە لە ناوبەین ئێران - تورکیا، حیزبە کوردییەکان و ناسیۆنالیستە فارسەکانە. ئەم گرووپە جۆربەجۆرانە لەو پرۆپاگەندە هاوبەشانە ئامانجی جیاوازیان هەیە. کۆماری ئیسلامی ئێران بە یەکسانخوێندنەوەی پەژاک لەگەڵ پەکەکە، سیاسەتی دەرەکی نیشاندانی پژاک پەیرەو دەکات. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات کە بەو پرۆپاگەندانە نیشان بدات کە ئەو ڕژیمە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ گەلی کورد نیە و ئەوە هێزە دەرەکیەکانن کە لە کوردستاندا «گێرەشێوێنی و ئاژاوە» ساز دەکەن. ڕژێم سیاسەتی «دەرەکی نیشاندانی برەهەڵستکارانی» لە دژی ڕێکخستن و لایەنەکانیتریش بەکار هێناوە. بەهۆی ئەو ناسینەی گەلی کورد لە بزووتنەوە و تێکۆشانەکانی خۆیان هەیانە، ئەو پرۆپاگەندانە لە کوردستان بێکاریگەرن. ئامانجی ڕژێم لەم پرۆپاگەندەیە زۆرتر کاریگەری کردن لە سەر ڕای گشتی ئێرانە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە یەکسانخوێندنەوەی پەژاک و پەکەکە هەوڵ دەدات لەو بابەتەی کە پەکەکە بە هۆی بەرژەوەندی و ستراتیژی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان لە تورکیادا، بە تیرۆریست ناسراوە کەڵک وەربگرێت و خۆی وەکوو قوربانی تیرۆریزم بناسێنێت. ئەو مژارە، دەستی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت و دژە پەژاک لە پێکهێنانی سیاسەتەکان و کردەوە نامرۆڤانەکانیان کراوە دەهێڵێتەوە. یەکسانخوێندنەوەی پەژاک و پەکەکە هەروەها هەوێنی هەموو هاوپەیمانییەکان و هاوکارییەکانی دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا و ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ئەوانە و هەموو بەرژەوەندیەکانی ڕژێم بۆ وەدەست هێنانی پشتگیری تورکیا لە بەرامبەر گوشارە نێونەتەوەییەکان، گرێدراوی ئەم مژارەیە. یەکسانخوێندنەوەی پەکەکە و پەژاک ئەو دەرفەتە دەدات بە ڕژێم تا بیهەوێت کە بەرخۆدان و تێکۆشانی گەلی کورد بە گشتی تیرۆریزە بکات. ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ڕژێم دەیانەوێ تیرۆریزم و توندوتیژی وەک تایبەتمەندی سەرەکی و دانەبڕاوەی کۆمەڵگای کوردستان و بزووتنەوە تێکۆشەرەکانی ئەو نیشان بدەن. لەسەر ئەم بنەمایە، ناوەندەکانی شەڕی تایبەت ئەو ڕوانگە ئاسایشییە بربڵاوتر دەکەنەوە کە هەبوونی دەوڵەت لە کوردستان دەبێت لە ڕێگای دامودەزگا ئاسایشیەکان بێت و پرسی کورد پێویستە لە پرۆسەی سەرکوتکاری سیستەماتیکدا بمێنێتەوە. ئەم ڕوانگە لە ئەنجامدا ئەو دروشمەی لێدەکەوێتەوە کە: «کوردی باش، کوردی مردووە». هەر بۆیەش لە ڕەوتی یەکسانخوێندنەوەی پەژاک لەگەڵ پەکەکە، ڕژێم ئاسانتر کوشتاری گەلی کورد پێکدێنێت.

لە باشووری کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق بە یەکسانخوێندنەوەی پەژاک و پەکەکە هاوکات لەگەڵ ڕەوایەتی دان بە هێرشەکانی ڕژێم لەسەر کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەکەی لە ئێراندا، لە هەوڵدانی ئەوەدان ڕەوایەتی بدەن بە هەبوونی ناوەندەکان و جموجوڵەکانی سیخوڕ□ی ڕژێم لە باشووری کوردستان. باشووری کوردستان و بەتایبەت شاری سلێمانی کە هەرێمی یەکێتی نیشتمانیە، بووەتە یەکێک لە چالاکترین ناوەندە سیخوڕیەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەموو شارەکانی باشووری کوردستان ماڵە تیمی و سیخوڕییەکانی سوپای قودسی تێدایە. لە ساڵی١٣٨٥ دەوڵەتی ئەمریکا کە هیوای بە بەرنگاربوونەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوەندە سیخوڕیەکانی ئێران نەمابوو، لە ئۆپۆراسیونێکی پاکسازی لە ڕێکەوتی ٢١ بەفرانباری ١٣٨٥چەندین کەسی لەو سیخوڕ□انە لە هەولێر دەستبەسەر کرد. ئەژمار و کردەوەی ئەم ناوەندانە لەم چەند مانگەی دواییدا، زیاد بوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە گرتووە. لە یەکسانخوێندنەوەی پەژاک و پەکەکەدا دەزگای زانیاری یەکێتی نیشتمانی ئاستی هاوکاری و زانیاری دانی بە سوپای پاسداران و ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی تا ئەو ڕادەیە بەرفراوان کرد کە تەنانەت دەزگای پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرەڕای پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، دووچاری ترس

و گومان بوو. هەردوو پارتی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی لە چوارچێوەی ئەو رۆڵەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ کۆنترۆڵاکردنی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە باشووری کوردستانی بەخشیوە و لە پرۆسەی پاسیڤ کردنی حیزبەکانی رۆژهەڵات، بەو ئەنجامە گەیشتوون کە هیچ رێکخستنێکی رۆژهەڵاتی کوردستان نابێت خاوەن ئیرادەی تێکۆشان بێت و لە دەرەوەی بازنەی ئاتۆریتەی ئەوان بجوولێتەوە. خۆ بە ئاغا دیتن دۆخێکی دەروونیە کە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق و یەکێتی نیشتمانی لە هەڵسووکەوت لەگەڵا پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان تووشی هاتوون. هەبوونی پارتیەک کە خاوەنی ئیرادە بێت و بە رەدکردنەوەی پاسیڤ بوون لەسەر بەردەوامی تێکۆشان پێداگری بکات، بۆ هەر دوو پارتی قبووڵا ناکرێت. ئەم پارتیانە لە یەکسانخوێندنەوەی پەژاک و پەکەکە دەیانەوێ پەژاک وەک رێکخستنێکی ناسەربەخۆ و گرێدراوی پەکەکە نیشان بدەن تا نەبێت بە مودێلێکی تێکۆشانی سەربەخۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان. پارتە کلاسیکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت کۆمەڵە و دیموکرات، جەختێکی زۆر لە سەر یەکسانخوێندنەوەی پەژاک و پەکەکە دەکەن. ئەو پارتانە هەوڵدەدەن بە بێگانە نیشاندانی پەژاک و بە کەڵک وەرگرتن لە فەلسەفەی پووچی»رەسەنایەتی حیزبی» رەوایەتی تێکۆشانی پەژاک لە رۆژهەڵاتی کوردستان بخەنە ژێر پرسیارەوە و خۆیان وەک تاقانە خاوەنی ئەم بەشەی کوردستان رابگەیەنن. کۆمەڵە و دیموکرات هەوڵ دەدەن بە یەکسانخوێندنەوەی پەژاک و پەکەکە، پەژاک پارتیەکی وابەستە و بێئیرادە نیشان بدەن کە تەنیا لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی پەکەکە لە باکووری کوردستاندا کار دەکات. دەتوانین بە چەند نموونە ئاماژە بکەین: مستەفا هیجری لە وتوێژێک لەگەڵا گۆڤاری رێگا ئاوا دەڵێت: «ئێمە پەژاک وەکوو پارتییەکی سەربەخۆ نازانین و ئەو بەشێک لە پەکەکەیە و بە ئیرادەی خۆی بڕیار نادات.» کومیسیۆنی رێکخستنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە فەرمانێکدا کە لە رێکەوتی ٣٠مانگی هەشتی ١٣٨٧ دەریکردووە، لە کادێر و لایەنگەرانی خۆی دەوێت تاکوو لە زەمینەی یەکسانخوێندنی پەژاک و پەکەکە لە ناو گەلی کورددا پرۆپاگەندە بکەن. عەبدوڵا موهتەدی لە گفتگو لەگەڵا رۆژنامەوان «مایکێلا جەی توتن» دا کە لە «میدیل ئیست ژورنال» بڵاو بووەتەوە، پەژاک وەکوو بەشێک لە پەکەکە بەناو دەکات کە تەنیا کاتی تێپەرکردنی سنوور ناویان دەگۆڕدرێت. موهتەدی لەو وتوێژەدا دەڵێت کە پەژاک و پەکەکە لەگەڵا شەیتان سەودا دەکەن و ئەوان وەکوو ناسیۆنالیستی فاناتیک و نادیموکراتیک دەناسێنێت کە جێگای متمانە نین. ئەو پارتانە جاری وایە لەو مژارەدا ئەوەندە توندڕەوی دەکەن کە نکۆڵی لە هەبوونی پەژاک دەکەن. ئامانجی سەرەکی ئەو پارتانە لە رۆژەڤ کردنی بابەتی گرێدراو بوونی پەژاک بە پەکەکە نەک پێداگری لە سەر سەربەخۆیی تێکۆشانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو رەوایەتی دان بە گرێدراوی خۆیان بە پارتەکانی باشووری کوردستان و پاساو هێنانەوە بۆ پاسیڤ بوونی سیاسی خۆیانە. ئەوان ئەم پەیامە بە کۆمەڵگای کوردستان دەدەن کە پەژاکیش فەرقێکی لەگەڵا ئێمە نیە، ئێمە وابەستەی پارتیەکانی باشووری کوردستانین و پەژاک وابەستەی پەکەکەیە. لە پرۆپاگەندەی دیموکرات و کۆمەڵەدا دیماگۆژی و فریوێکی گەورەی تێدایە. پێویستە لەم پارتانە ئەو پرسیارە بکرێت کە لە روانگەی ئێوە وابەستەگی چیە؟ ئایا قەبووڵ کردنی هەموو مەرجەکانی پارتەکانی باشووری کوردستان و پاسیڤ بوونی تەواو و دەست بەردار بوونی تێکۆشان وابەستە بوونە یا بەردەوام کردنی تێکۆشان و بەدیل دان لەو رێگایەدا؟ ئایا ئەگەر پەژاک پارتیەکی وابەستەیە، قەبووڵی ئەو وابەستە بوونی لە شارەکانی باشووری کوردستان و لە ناو کەمپەکاندا بۆ ئەویش ئاسانتر نیە؟ گەلی کوردستان باش دەزانن کە شارەکانی باشوور و کەمپە حزبیەکان، شوێنێکی گۆنجاو بۆ وابەستە بوون و ژێر کۆنترۆڵا بوونن، نەک شاخەکان کە وێڕای هەموو دژوارییەک شوێنی تێکۆشان و لێگەڕینی ژیانی ئازادن. حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە وێرای یەکسانخوێندنەوەی پەژاک و پەکەکە بەردەوام باس لەو بابەتەش دەکەن کە پەکەکە لەگەڵا ئێران لە پەیوەندی دایە و گوایا بیرۆی پەیوەندی لە ئۆرومیە هەیە. ئەوان لە پێکەوە لێکاندنی ئەو دوو رەستەیە دەخوازن مێشکەکان کانالیزە ئەو خاڵە بکەن کە پەژاک بزووتنەوەیەک لە ژێر کونترۆڵی ئێراندایە. سەرەتا دەبێ بڵێین کە موخاتەبی هەر پرسیارێک لە مژاری پەیوەندی رابڕدووی پەکەکە لەگەڵا ئێران، پەژاک نیە. دووەم ئەوەیکە ئەو ئەنجامەی کە لە کردەوەی سیاسی پەکەکە لە هەمووی کوردستان دەبێنرێت، نیشاندەری ئەوەیە کە شێوازی پەیوەندی ئەم پارتە لەگەڵا دەوڵەتانی تر هیچکات نەبووەتە هۆی زیان گەیاندن بە تێکۆشانی بەشەکانی تری کوردستان. ئەگەر شێوازی پەیوەندی پەکەکە لەگەڵا دەوڵەتی ئێران لە سەر بنەمای لاوازکردنی بزووتنەوەکانی رۆژهەڵات بوایا، ئەو کاتە لەسەر بنەمای بانگەشانەی ئەو حیزبانە بۆ وابەستەیی پەژاک بە پەکەکە پێویست بوو، پەکەکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و بەردەوام کردنی پەیوەندی لەگەڵا ئێران لە بەرامبەر هەرجۆرە خەبات و تێکۆشانی پەژاک ئاستەنگی ساز کردبایە. لە راستیدا حیزبە کلاسیکەکانی رۆژهەڵات بۆ خۆیان بوونەتە قوربانی پەیوەندی پارتەکانی باشوور لەگەڵا دەوڵەتی ئێران و ئاکامەکەیشی پاسیڤ بوونی تەواوی ئەوانە. ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئەم پارتانە تا ئێستا چەند جار سەبارەت بە پەیوەندی پارتەکانی باشوور لەگەڵا کۆماری ئیسلامی و مەرجە داسەپاوەکانی بەرهەمی ئەو پەیوەندیانە، نارەزایەتیان دەربڕیوە؟ تا ئەو جێگەی کە گەلی کوردستان دەزانن، کۆمەڵە و دیموکرات ئەو شێوە پەیوەندیانەی پارتەکانی باشووری و کۆماری ئیسلامی، وەکوو زیرەکی و لێهاتوویی سەرکردایەتی پارتەکانی باشوور پێناسە دەکەن. ئایا ئەو حیزبانە لە جێگای نرخاندنی هەموو پەیوەندییەک لە روانگەی پەیوەندی خۆیان و پارتەکانی باشووردا، باشتر وا نیە حیسابی ئەو هەموو تیرۆرەی کە لە باشووری کوردستان لە دژی ئەوان ئەنجامی گرتووە پرسیار بکەن؟ ئەو شێوە رووداوانە هەرگیز لە پەیوەندی ناوبەری پەژاک و پەکەکە روویان نەداوە و روو نادەن. پەژاک هەمیشە ویستوویەتی

تاکوو شێوازی پەیوەندی لەسەر بنەمای ئەخلاق، ئیرادەی ئازاد و پێوانەکانی تێکۆشان بەرفراوانتر بکات و ئەوەش نە تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ پەکەکە، بەڵکوو بۆ پەیوەندی لەگەڵ هەموو پارتە کوردییەکان بەرفراوانی کاتەوە. حیزبەکانی کۆمەڵە و دیموکرات لە هەموو پەیوەندی و چاوپێکەوتنە دەرەکییەکانیان لەسەر یەکسانخوێندنەوەی پەژاک و پەکەکە پێداگری دەکەن. ئامانجی پێداگری ئەم پارتانە لەسەر ئەم مژارە تیرۆریزەکردنی پەژاک و ئیزۆلەکردنی ئەو لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییە. ئەوان وای بۆ دەچن کە بە تیرۆریزەکردنی پەژاک هەموو پشتگیریە دەرەکیەکان دەکەنەماڵی خۆیان و چارەسەریەک بۆ قەیرانەکانی خۆیان دەدۆزنەوە. هەرچەندە بەشێک لە سەرچاوەی ئەم مژارە، بەرنامەی ناوەندەکانی شەڕی تایبەتە کە لە ڕێگای باشووری کوردستانەوە بەسەر ئەواندا دادەسەپێ، بەڵام بەشێکی زۆریشی لە ترسی سەرکردەکانی ئەو حیزبانە سەرچاوە دەگرێت کە نەکا لە داهاتووی ئێراندا سەریان بێکڵاو بمێنێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بەم نموونەیە ئاماژە بکەین: لە چاوپ□کەوتنێکدا کە قوباد تاڵەبانی لە ساڵی ٢٠٠٧ لە نێوان عبدولا موهتەدی و موستەفا هجری لەگەڵ کارمەندەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئامادەی کردبوو، سەرانی هەر دوو پارتی کۆمەڵە و دیموکرات پێداگرانە جەختیان لەسەر یەکسان بوونی پەژاک و پەکەکە و مەترسیدار بوونی پەژاک کردبوو. هەروەها تاهیر مەحموودی بەرپرسیاری پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ نزیک کردنەوەی حیزبی دیموکراتی ئێران لە بزووتنەوەی سەوزی سێکۆلار لە مانگی ژانویەی ٢٠١١ لە شاری هەولێر لەگەڵ کاربەدەستانی یەکێک لە دەوڵەتەکان(بە هۆی پێوانە نەتەوەیەکان ناوی ئەو دەوڵەتە ئاشکرا ناکەین) دیدارێکی ئەنجام دا. هەرچەند بابەتی ئەو دیدارە شتێکی جیاواز بوو بەڵام نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەشێکی گەورە لە قسەکانی خۆی بە مەسەلەی یەکسان بوونی پەژاک و پەکەکە تەرخان کرد.

حیزبەکانی کۆمەڵە و دیموکرات، یەکسانخوێندنەوی پەژاک و پەکەکە لەسەر بنەمای ئەسڵی «تیرۆریست بوونی پەکەکە» ئەنجام دەدەن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەو ئەسڵە بە شێوازێکی سرۆشتی پێویستە پەژاکیش بگرێتەوە. ترۆریست بە ناوکردنی پەکەکە ئەوەش لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە بە واتای ئەرێکردنی هەموو کردەوە جەنایەتکارانە و فاشیستیەکانی دەوڵەتی تورکیا لە ماوەی ٨٧ ساڵ لە دژی گەلی کوردستانە. لانی کەم دەبێت ئەم پارتیانە لە ئاماری جەنایەتەکانی ڕژێمی تورکیا لە سی ساڵی دوایی ئاگاداربن. چوارهەزار گوندی وێران کراو، هەزاران کوژراو و بێسەروشوێن، گۆڕە بەکۆمەڵەکان و تواندنەوەی فەرهەنگی، ئایا تیرۆر ناژمێردرێن؟ لەوانەیە ئەو حیزبانە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای پاسیڤ بوون، تێکۆشانی پەکەکە بەرپرسیاری هەموو کوشتارەکانی دەوڵەتی تورکیا بزانن، بەڵام ئەو جۆرە کردەوانە لە درێژایی مێژووی کۆماری تورکیا لە ئارادا بوونە. گۆڕە بەکۆمەڵەکان دوای سەرکوتەکانی درسیم و ئاگری لە ساڵانی ١٩٣٠ ئایا لە ئەنجامی تێکۆشانی پەکەکە سازبوون؟ پەکەکە تێکۆشانی گەلی کوردستان بۆ کۆتایی هێنانی بە سیاسەتی «کوردستان بە گۆرستان کردنە». هاوشێوەی ئەم سیاسەتانە بە ڕەهەندی جیاجیا لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەبوونی هەیە و گەلی کورد لە هەموو بەشەکان لە دژی ئەم سیاسەتانە و ئەم کردەوانە تێکۆشانی کردووە. ترۆریزەکردنی پەکەکە یا هەر پارتیەکی تری کوردستان ترۆریزەکردنی هەموو تێکۆشانەکانی بەحەقی گەلی کوردستانە. نە تەنیا پەکەکە بەڵکوو هیچ پارتیەکی تری کوردی بە هەر باوەڕیەک کە هەیبێ، ترۆریست نیە. پارتە کوردییەکان دەتوانن باوەڕی، ئایدیۆلۆژی و ڕێبازی جیاوازیان هەبێت و لەگەڵ یەکتر لە ڕکەبەرایەتی سیاسیدا بن، بەڵام هیچ پارتیەک مافی ئەوەی نیە بە ترۆریزەکردنی پارتیەکانی تر ڕەوایەتی تێکۆشانی گەلی کورد بخاتە ژێر پرسیارەوە. ترۆریزەکردنی پارتە کوردیەکان، نکۆڵی کردن لە مێژووی بەرخۆدانی گەلی کوردستان و خەیانەتێکی گەورە بە گەلی کوردە. هەم ناوەندەکانی شەڕی تایبەت کۆماری ئیسلامی و هەم پارتە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت حزبی دیموکراتی کوردستان ئێران بۆ یەکسانخوێندنەوەی پەژاک و پەکەکە و ترۆریزەکردنی، لە سەرچاوەگەلێکی هاوبەش کەڵک وەردەگرن. ئەم سەرچاوە هاوبەشە، کەسانێکی تەسلیمین کە لەبەر بەردەوامی ژیانی زەبوونانەی خۆیان لە باشووری کوردستان ئامادەی بڵاوکردنەوەی هەر چەشنە درۆیەک بە دژی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستانن. بۆ نموونە هەم کۆماری ئیسلامی و هەم حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بەردەوامی لە دانپێدانە درۆوەکانی عۆسمان ئۆجالان و کەسێک بە ناوی عۆسمان جەعفەری لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیان دژبە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد کەڵک وەردەگرن. ئەگەر قسەکانی کەسانی تەسلیم بوو کە پەیوەندیەکی ئاشکرایان لەگەڵ ناوەندە سیخوڕییەکانی کۆماری ئیسلامی هەیە، جیگەی متمانە بێت ئەوکاتە حیزبی دیموکرات دەبێ ئەو بانگەشە و پرۆپاگندانەی ناوەندەکانی پرۆپاگەندە و سیخوڕی کۆماری ئیسلامی لە دژی ئەو حیزبە بەکار دێن قەبوڵ بکات و جێگای متمانەی بزانێت.

**٢. مژاری قبووڵاکردنی ئایدیۆلۆژی ڕێبەر ئاپۆ لە لایەن پەژاکەوە، بیانوویەک بۆ ترۆریزە کردنی پەژاک:**

یەکێک لەو مژارانەی کە ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لە یەکسانخوێندنەوەی پەژاک و پەکەکە، و ترۆریزەکردنی پەژاک کەڵکی لێی وەردەگرن، مژاری قبووڵکردنی ڕێبەر ئاپۆ(عەبدوڵا ئۆجەلان) لە لایەن پەژاکەوە وەک ڕێبەری خۆیەتی. سیاسەتەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵانی هەفتا بەدواوە لە کوردستاندا، نابێت وەک سیاسەتگەلێکی کاتی بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخی کوردستان لێک بدرێتەوە. ئەو کردەوە و سیاسەتانە جۆرێک ئەندازیاری کۆمەڵایەتین بۆ ڕووخاندن و تێکشکاندنی ئیرادە و بەرخۆدان لە ناو کۆمەڵگا و تاکی کورد و بە تەسلیم وەرگرتنی ئەوانە. کاردانەوەی کۆمەڵگای کوردستان لە

بەرامبەر ئەو سیاسەتە قەیران سازانە، هەوڵ و تێکۆشانی زۆرتری کۆمەڵگا بۆ زیندوو کردنی سەر لە نوێی ئیرادە و ئازادی لە ناخی خۆیدابوو. جەوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لێگەڕین بە دوای ئیرادە و ئازادی، فیکر و ئایدیۆلۆژی ڕێبەر ئاپۆیان وەکوو ڕێگای گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی بەئیرادە و ئازاد هەڵبژارد. کۆمەڵگای کوردستان لە سەرهەڵدانی سێ ڕەشەمەی ساڵی ١٣٧٧، پەسەند کردنی ڕێبەرایەتی، ڕامان و شێوازی تێکۆشانی ڕێبەر ئاپۆیان ڕاگەیاند. ئەوە خۆی لە خۆیدا بە واتای تێپەڕ کردنی پاسیڤ بوون و سیاسەتی کلاسیکی کورد و قەبووڵی ڕێبازی تێکۆشانی نوێ لە لایەن گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بوو. ئەنجامی ویستی کۆمەڵگای کورد بۆ پراکتیکی کردنی ڕامانی ڕێبەر ئاپۆ و بۆ گواستنەوەی ڕێبەرایەتی ئەو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دامەزراندنی پەژاک بوو. کۆمەڵگای کورد بەردەوام لە نەبوونی ڕێبەرێکی تەواو و جامیع ژانی کێشاوە. ڕاستینەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی کوردستان و هەروها گرێکوێرەی پرسی کورد و ڕێبازە جۆراوجۆرەکان کەلە لایەن دەوڵەتەکان بۆ داگیرکردنی کۆمەڵگای کوردستان بەکار هاتووە، پێویستی ڕێبەرایەتێکی سەرتر لە ڕێبەرایەتی سیاسی و پارتی هێناوەتە ئاراوە. ڕێبەرایەتی ڕاستەقینەی کوردستان، پێویستە هەموو ئەو مێکانیزم و پەیوەندییانەی دەسەڵات ڕوون بکاتەوە کە بۆ کۆیلەکردنی کۆمەڵگای کوردستان لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بەکار دەهێنرێت. ناسینی پێکهاتەی مێژوویی دەسەڵات و کاریگەری ئەو لە کۆمەڵگا و هەروەها دامەزراندنی ڕێکخستن میکانیزمەکانی خۆڕاگری و تیکۆشان لە دژی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا، ئەرکی سەرەکی ڕێبەرایەتیە. ئەگەر کۆیلایەتی بە قبووڵ کردنی کۆیلە بوون لە لایەن کۆیلە بۆ خۆیەوە دەست پێدەکات کە واتە پێکهاتەی خاوەن ـ کۆیلە بەر لە هەرشتێک پێکهاتەیەکی زیهنییەتی و ئایدیۆلۆژییە. کۆمەڵگا و تاک کە باوەڕی بە کۆیلەبوونی خۆی نەهێنابێت، هیچکات کۆیلایەتی پێ هەرز ناکرێت. بەشێکی هەرە گەورەی ڕێبازەکانی داگیرکاری و کۆیلە کردن، ڕێباز و ناوەندەکانی کۆیلەتی زیهنییەتییە. هەر بۆیەش ڕێبەرایەتی ئازادیخواز لە کۆمەڵگای کوردستاندا، بەر لە هەر شتێک ڕێبەرایەتی زیهنییەت و ئایدیۆلۆژی ئازادیخوازە. بەشی سەرەکی تێکۆشانی ڕێبەرایەتی ئایدیۆلۆژیک، سەر لە نوێ پێناسە کردنی چەمکەکان، بەو پێیە ساز کردنی ڕوانگەی نوێی و لەسەر ئەم بنەمایەش داڕشتنی پێکهاتەیەکی تر بۆ تێکۆشانی کۆمەڵگایە. لە ڕوانگەی ڕێبەر ئاپۆدا کۆمەڵگای ئازاد کۆمەڵگایەکی ئەخلاقی و سیاسیە کە خۆی لە کۆتوبەندی دەوڵەت و دەسەڵات ڕزگار کردبێت. بەو پێیە، ڕێبەر ئاپۆ ئەخلاق و سیاسەت لەسەر بنەمایەکی نوێی، وەها پێناسە دەکاتەوە: «ئەخلاق، هێزی بەردەوام بوونی کۆمەڵگا، لەسەر پێ هێشتن، ڕێزگرتن و جێبەجێکردنی نۆرمەکانیەتی». ڕۆڵی سیاسەتیش ئەوەیە کە لە یاسا، ئەخلاقی پێویست بۆ کۆمەڵگا پێک بێنێ و هاوکات لەگەڵ ئەوە، ڕێگا و ڕێبازەکانی دابینکردنی پێداویستییە ماددی و زیهنییەکان بەردەوامی بخاتە بەر باس و ڕێسای بۆ دابنێت. سیاسەتی کۆمەڵایەتی، لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییە، بەردەوام ڕۆژەڤ و هێزی بڕیاردان ساز دەکات و بەو پێیەش بەردەوام زیندوو بوون و ڕووشنبینی بە کۆمەڵگا دەبەخشێت. سیاسەت بە سازکردنی توانای خۆبەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی کاروباری کۆمەڵگا، سەرەکی ترین گۆڕەپانی هەبوونی ئەو پێک دێنێت. واتای ناوەڕۆکی سیاسەت، هونەری ئازادییە. کۆمەڵگایەک کە لە ناویدا سیاسەت لەلایەن دەوڵەتەوە پاوان کرابێت، کۆمەڵگایەکە کە بە لە دەستدانی ئازادی و ئیرادەی خۆی، هەبوونی خۆی خستووەتە ژێر مەترسی لە ناو چوون. کۆمەڵگایەک بۆ پاراستنی هەبوون و ناسنامەی خۆی، پێویستە بەردەوامی بە ئازادی و ئیرادەی خۆی بدات و ئەمەش تەنیا لە ڕێگای ئەخلاق و سیاسەتەوە مسۆگەر دەبێت. کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسی، کۆمەڵگای دیموکراتیکە. دیموکراسی تەنیا لە هەبوونی کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسی کە کۆمەڵگایەکی کراوە و ئازادە، دەتوانێت واتای هەبێت. لە واتای ڕاستیدا «سیاسەت» و «دیموکراسی» چەمک و دەستەواژەی یەکسانن. ئەگەر ئازادی ئەو گۆڕەپانەیە کە سیاسەت تێیدا بەرجەستە دەبێت، دیموکراسیش شێوەی پێکهێنانی سیاسەت لەو گۆڕەپانەدایە. لەسەر بنەمای ڕوانگەی کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسی، تاکە حیزبێک ناتوانێت هەموو وزەی ئازادیخوازی کۆمەڵگا لە خۆیدا کۆ بکاتەوە. حیزبێکی ئازادیخواز، ئامرازێکە بۆ ژیانەوەی ئەخلاق و سیاسەتی کۆمەڵگا و دینامیک کردنی ئەو. پارتی مەیدانێکی تێکۆشان بۆ کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسیە، نە ناوەندی کۆکردنەوەی دەسەڵات. ڕێبەرایەتیەک کە گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئەخلاقی و سیاسی دەکاتە بنەمای تێکۆشانی خۆی، تەنیا ڕێبەری پارتیەک نیە و ڕێبەری کۆمەڵگایە. ڕامان و فکری ئازادیخوازی کۆمەڵگایەک، هەڵکەوتوو لە تێگەیشتنی ڕاستی ئەو کۆمەڵگایە لە ناسنامەی خۆی و هەنگاونانەوە لە ڕێگای خۆ ناسیندایە. ڕێبەر ئاپۆ بە تێکۆشان لە ڕێگای ناسینی ڕاستی مێژوویی و کۆمەڵایەتی کوردستان، ناسنامەی ڕاستیانەی ئەم کۆمەڵگایەی ڕوون کردووەتەوە و بووەتە ڕێبەری «کوردی ئازاد». ڕێبەرایەتی ڕێبەر ئاپۆ، خاڵی کۆتایی پێهێنان بە چەرخەی شوومی «سەرهەڵدان ـ شکست»ە کە بەرهەمی بۆشایی فکری بزووتنەوەی کوردی و دووڕوویيەکانی زلهێزەکان و دەوڵەتەکانی هەرێمە. ڕۆڵ بینینی ڕێبەرایەتی بۆ پێکهێنانی مرۆڤی ئازاد لەناو هەموو ئەو سەختییانەی کە لە گرێکوێرەی پرسی کورد و پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سەرچاوە لە هێزە جیهانی و دەوڵەتە هەرێمییەکان دەگرێت، هۆکاری سەرەکی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی لە دژی ڕێبەر ئاپۆ بوو. زیندانی ئیمرالی نە زیندانێک تەنیا بۆ کەسایەتی ڕێبەر ئاپۆ بەڵکوو سیستەمێکە کە تێیدا قووڵترین گۆشەگیری، مردن و ئەشکەنجە لەسەر ئازادیخوازاندا دادەسەپێندرێت. ئەو پرۆمێتێئووسەی کە ئاگری لە خواکان ڕفاند و پێشکەشی مرۆڤی کرد، زنجیرکراو لە سەر چیایەکەوە مەحکوومی مردنی هەر ڕۆژەیە. هەندێک پارتی و کەسایەتی سەرکۆنەی پەژاک دەکەن کە بۆچی لە تێکۆشانی خۆی ئازادی ڕێبەر ئاپۆ دەکاتە ڕۆژەڤ. ئەو پارتی و کەسایەتیانە لە ڕاستیدا خوازیاری بەردەوامی هەموو سیاسەتەکانی نکۆڵی، تواندنەوە و بێناسنامە کردن لە دژی



گەلی کوردن. ئەوانەی کە بەردەوام کردنی سیستەمی ئیمرالی لەسەر گەلی کوردستان ڕەوا دەبینن، کەسانێکن کە بە ڕەدکردنی ناسنامەی کوردی ئازاد، هەبوونی هەموو دیاردە هەڵقوڵاوەکانی دەسەڵاتیان لە کێشەی کورددا قبووڵ کردووە. ئایدیۆلۆژی پاسیڤ بوون لە ئاکامی قبوڵی ئەم پەیوەندیانە و بەژن بوونی کۆمەڵگای کورد، هاتووەتە ئاراوە. جێگەی سەرسوڕمان نیە کە خاوەنانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە، هەبوون و بەردەوامی سیستەمی ئیمرالی ئاسایی دەبینن و تێکۆشان بۆ هەڵوەشاندنەوەی نارەوا ببینن(بۆ نموونە دەتوانین بە ناوەڕۆکی یەکێک لە بەخشنامەکانی ڕێکخستنی حزبی دیموکراتی کوردستان ئێران ئاماژە بکەین کە لە ڕێکەوتی ١٣٨٧/٨/٣٠ لەلایەن لێژنەی ڕێکخستنی ئەوەوە بۆ کادیرەکانی ناردراوە). هەروەها تێکشکاندنی پێکهاتەکان و پەیوەندیەکانی دەسەڵات لە پرسی کورد و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوکات شکستی هەموو پێکهاتەکانی دەسەڵاتی لەم هەرێمە لەگەڵ خۆی دێنێت. هەر بۆیەشە کە ڕێبەرایەتی و ئایدیۆلۆژی «کوردی ئازاد» نە تەنیا تایبەت بە بەشێک لە کوردستان نیە، بگرە تەنانەت تایبەت بە گەلی کورد نیە. کوردی ئازاد، مرۆڤێکە کە نە لە چوارچێوەی پەیوەندیەکانی دەسەڵات، ڕەگەز گەرایی، ناسیۆنالیزم و پاوانخوازی سامان و زانست، بەڵکوو لە ناخی فەرهەنگ و نرخە سروشتیەکانی کۆمەڵگا و پەیوەندییەکانی هەڵقوڵاو لەو فەرهەنگە و هاوکات لەگەڵ تێکۆشان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک و سروشتی دەخوڵقێت و پێدەگات. کوردی ئازاد، لە ڕاستی دا ناسنامەی مرۆڤی ئازاد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە ناوەندەکانی دەسەڵات تێیدا مرۆڤەکان لە پەیوەندییەکانی شوان ـ مێگەل، باوک سالاری و لەناو دوگماتیزمدا دەنێژێت. ڕێبەر ئاپۆ بە هزر، تێکۆشان و ڕێکخستنی خۆی ئیرادەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای لە بەرامبەر هەموو پێکهاتە، ناوەند و پەیوەندیەکانی دەسەڵات زیندوو کردەوە و کۆمەڵگایەک کە تێیدا هەر جۆرە تەسلیمییەت، پاسیڤ بوون، بە ژن بوون و بە چۆکدا هاتن هەبێت ڕەد دەکاتەوە. ژیانی ئازاد، بنەمای هەموو هزراندن و تێکۆشانی ڕێبەر ئاپۆ پێکدێنێت. ژیانی ئازاد ئەو شتەیە کە دەبێت ڕێبەرایەتی کۆمەڵگایەک لە تێکۆشانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی و فەرهنگی خۆی پێشکەشی کۆمەڵگای بکات، نەک تەنیا گۆڕانی پارتەکان و کەسایەتیەکانی ناو دەسەڵات. تێپەڕاندنی پارادایمی دەسەڵاتخوازی و ئاراستەکردنی پارادایمی کۆمەڵگای دیموکراتیک ـ ئێکۆلۆژیک و ئازادیخوازی ڕەگەزی، خەڵاتی گەورەی ڕێبەر ئاپۆ بۆ تێکۆشانی گەلی کوردە. پەژاک لە سەر بنەمای ئایدیۆلۆژی ڕێبەر ئاپۆ و پارادایمی کۆمەڵگای دیموکراتیک ـ ئێکۆلۆژیک و ئازادیخوازی ڕەگەزی، بزووتنەوەی ژیان و ناسنامەی ئازادی گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. قبووڵاکردنی ڕێبەرایەتی ڕێبەر ئاپۆ لەلایەن پەژاکەوە نە تەنیا نیشاندەری وابەستەیی و بێئیرادەیی ئەم پارتە نیە، بەڵکوو نیشاندەری ئازادیخوازی، ناسنامەی ئازاد و بەئیرادەبوونیەتی. ناوەندنی شەڕی تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەپەیوەندی لەگەڵ ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی تورکیا، بە تیرۆریزە کردنی کەسایەتی ڕێبەر ئاپۆ و ڕامانی ئەو، لەلایەکەوە ڕەوایەتی بە تیرۆریزە کردنی پەژاک و پرۆسەی یەکسانخوێندنەوەی پەژاک و پەکەکە دەدەن و لەلایەکی تریشەوە بێڕێبەر بوون لەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان دادەسەپێنێت. ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ڕژێم بۆ تیرۆریزە کردنی ڕێبەر ئاپۆ، پڕۆپاگەندەکانی تورکیا وەک خۆی دووپات و بڵاوی دەکەنەوە. ئەو ناوەندانە هەروەها بۆ خراپ کردنی سیمای ڕێبەر ئاپۆ لە رای گشتیدا، چەواشەکاری و درۆ لەبارەی ئایدیۆلۆژی ئەودا بڵاو دەکەنەوە. بۆ نموونە ڕژێم بەردەوام هەوڵ دەدات کە ئایدیۆلۆژی ڕێبەر ئاپۆ لەگەڵ ئیستالینسم هاوتەریب بکات و بە بەکاربردنی دەستەواژەگەلێک وەک چەپگەرایی توندڕەو، توندوتیژ خوازی، مارکسیست ــ لێنینیست و...، هەوڵی چەواشە کردنی ڕاستیەکان دەدات. ڕژێم ئەم کارە هەم لە ڕێگای پڕۆپاگەندەی ڕاگەیاندنەکان و هەم لە ڕێگای ئەندامانی شەڕی تایبەت ئەنجام دەدات. (نموونەی ئەوەش عیرفان قانعی فەردە). ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەرچەندە بۆچوونەکانی ڕێبەر ئاپۆ لە زەمینەی چەپ و سۆسیالیزم دەرکەوتوون، بەڵام ئەم بۆچوونانە لە دینامیسمی فکری و تێکۆشانیدا، بەردەوام ڕەخنەگەری لە سۆسیالیزمی بونیادنراو(سۆسیالیسم سۆوییەت) بووە. لە ئاکامی ئەو دینامیزم و پێگەیشتنەدا، ڕێبەر ئاپۆ لە ڕێگای ناسینی مەسەلەی دەسەڵات و دەوڵەت لە بنەما فکریەکانی مارکسیسم و پێشکەش کردنی کۆمەڵگای دیموکراتیک ـ ئیکۆلۆژیک و ئازادیخوازی ڕەگەزی، بەگشتی مارکسیسمی تێپەڕ کردووە(پێنج پارێزنامەکەی ڕێبەر ئاپۆ، لە ژێر ناوی مانیفێست شارستانی دیموکراتیک، نیشانەی بەرچاوی ئەم گۆڕانە فکری، ئایدیۆلۆژی و پارادایمیەیە).

پارتە کلاسیکەکانی کورد بەردەوام لە ڕێگای چەواشەکاری ڕاستییەکان و بڵاوکردنی زانیاری درۆیین لە بارەی ڕێبەر ئاپۆدا، هەوڵی لاواز کردنی پێگەی ئەو لە کۆمەڵگای کورد و لەم ڕێگایەوە لاوازکردنی بزووتنەوەی نوێی کۆمەڵگای کوردیان دا. بۆ نموونە سەرهەڵدانی گەلی کورد لە ماکۆ لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بە مەبەستی شەرمەزار کردنی گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی لە دژی ڕێبەر ئاپۆ، بە توندی لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە سەرکوت کراو و ژمارەیەکی زۆر بریندار و شەهید بوون. بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە توانای قبووڵی ئەوەی نەبوو کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێبەر ئاپۆ وەک ڕێبەری خۆی قبووڵ بکات، ئەو سەرهەڵدانانەی وەکوو نارەزایەتی گەلی ماکۆ بۆ کەمی نەوت و سووتەمەنی لێکدایەوە. ڕێبەرانی رابردووی کورد وێڕای ڕەنجێکی زۆر کە لە تێکۆشانی گەلی کورد دایان و زۆربەشیان لەو ڕێگایەدا شەهید بوون، بەڵام نەیانتوانی بە پێشکەش کردنی سیستەمێکی فکری نوێ بۆ کۆمەڵگای کورد و پێکهێنانی ڕێکخستنێکی دیموکراتیک لەسەر ئەو بنەمایە، بەردەوامی تێکۆشان مسۆگەر بکەن. ئەوان بە هۆی تێپەڕ نەکردنی زێهنییەتی دەسەڵاتخوازی، نەیانتوانیوە پێش لە جێگرتنی پارتیەکەی خۆیان لە پێکهاتەی دەسەڵات بگرن و نەهێڵن پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەناوبەری پارتی و کۆمەڵگا دابمەزرێت.

زێهنییەتی زاڵابوون بە سەر کۆمەڵگا و پاوانخوازی لەو مەسەلەیەوە سەرچاوە دەگرێت. پارادایمی کۆمەڵگای دیموکراتیک ـ ئیکۆلۆژیک و ئازادیخوازی ڕەگەزی کە لەسەر بنەمای بە ئیرادە کردنی هەموو هێزەکانی کۆمەڵگا دامەزراوە و هەروەها بایەخێک کە ڕێبەر ئاپۆ وەکوو ڕێبەرایەتی گەل، بە هێزی گەلی دەدات، خالی سەرەکی ناکۆکی نێوان شێوازی ڕێبەرایەتی کلاسیک و ڕێبەرایەتی دیموکراتیانەی ڕێبەر ئاپۆیە. پارتە کلاسیکەکان بە مەبەستی بەردەوام کردنی سیاسەتەکانی خۆیان لە کۆمەڵگای کورددا، لەگەڵ ئەو شێوازە ڕێبەرایەتیە دژایەتی دەکەن و هەوڵی دەدەن سیمایەکی نا دیموکراتیانە و ئیستالینیستی لە ڕێبەر ئاپۆ دروست بکەن. لە حالێکدا ئاشکرایە کە کادیری لێهاتوو و ڕێوەبەر لە ڕێکخستنێکی نا دیموکراتیانە دەرناکەوێت، هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە «ئایا پارتە کلاسیکەکان توانیویانە کادێری لێهاتوو، سەربەخۆ و بەڕێوەبەر بار بێنن، یان بزووتنەوەی ڕێبەر ئاپۆ»، بۆ گەلی کورد دەهێڵینەوە.

دژایەتی پارتە کلاسیکەکان لەگەڵ ڕێبەر ئاپۆ و شێوازی ڕێبەرایەتی ئەو، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی متمانە بە خۆ و بێباوەڕی بە «دەرکەوتنی ڕێبەرایەتییەکی بەهێز، خاوەن هزر و خاوەن ڕێکخستنی ئازادکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگا، لەناو گەلی کورد و لەو ئاو و خاکە». ئەمرۆکە نەبوونی متمانە بە خۆ و بە تایبەت لە دۆخی بۆشایی ڕێبەرایەتی حیزبەکان کە تەنانەت ناتوانین باس لە هەبوونی ڕێبەرایەتیەکی کلاسیک بکەین، زۆر بەرچاوە.

پارتە کلاسیکەکان هەروەها بە بڵاو کردنەوەی ئەو بۆچوونە کە بۆ تێکۆشانی گەلی کورد ئایدیۆلۆژی پێویست نیە، لە هەوڵی نارەوا نیشاندانی ڕێبەرایەتی فکری و بە تایبەت ڕێبەر ئاپۆ دان. روانگەی پێویست نەبوونی ئایدیۆلۆژی بۆ تێکۆشان لە کوردستاندا، ئەنجامێکی جگە لە بڵاوکردنی ئایدیۆلۆژی پاسیڤ بوونی کۆمەڵگای لێناکەوێتەوە. ئەو پارتانە لە هەوڵی ڕەوایەتی پێدان بە وتاری «پراگماتیزمی سیاسی»دان کە لە پەیوەندی دەسەڵات ناوبەری حیزبە کوردیەکان لەگەڵ دەوڵەتەکان و هەروەها ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، ئەنجامێکی جگە لە قبوڵککردنی هەموو مەرجەکانی لایەنەکانی تر لە لایەن پارتە کوردیەکانەوە لەو» هاوسەرێنییە سیاسیەدا» بەدوادا نیە. هێرش لەسەر ڕێبەر ئاپۆ لەلایەن پارتە کلاسیکەکان بەشێک لە سیاسەتی ئەوانە بۆ بێناسنامە نیشاندانی پەژاک لە پرۆسەی یەکسانخوێندنەوەی پەژاک و پەکەکەدا. ئەو سیاسەتە، جگە لە بەهێز کردنی کردەوەکانی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لە کوردستاندا، ئاکامێکی دیکەی نابێت.

## ٣ـ پاراستنی رەوا و چەواشەکاریەکانی ناوەندی شەڕی تایبەت:

یەکێک لەو بابەتانە کە ناوەندەکانی شەڕی تایبەت هەوڵی دەدەن بۆ تیرۆریزە کردنی پەژاک کەڵکی لێوەربگرن چەواشە کردنی مژاری پاراستنی ڕەوا و پێناسە کردنی لەچوارچێوەی شەڕی چەکداری و توندوتیژیدایە. دەوڵەتە سەردەستەکانی سەر کوردستان بەردەوام بە سیاسەتە توندوتیژیەکانی خۆیان، گەلی کوردستانیان ناچاری «پاراستن لە خۆی» کردووە. روانگەی ئاسایشی سەبارەت بە پرسی کورد بووەتە هۆی ئەوەی ئەم دەوڵەتانە، بە جودایخواز نیشاندانی کوردەکان بەردەوام بە شێوازی سەربازی ـ ئاسایشی لەگەڵ ئەوان هەڵسوکەوت بکەن، بە شێوەیەک کە لە روانگەی گەلی کوردستاندا دەوڵەت بەردەوام یەکسان بووە لەگەڵ میلیتاریسم، سێدارە، ئەشکەنجە و سەرکوتکاری. هەموو سەرهەڵدانەکانی گەلی کوردستان، بە دوای پێداگری دەوڵەت لەسەر ئەو روانگەیە و هەڵسووکەوتەکانی هاتووەتە ئاراوە. دەوڵەت ـ نەتەوەکان بە ئاراستە کردنی پێناسەیەکی تایبەت لە حقوق، فەرهەنگ، توتدوتیژی و سیاسەت لە پرۆسەی هەموژن کردنی(یەکدەست کردن) کۆمەڵگا و دەسەڵاتی تەواوی دەوڵەت لەسەر ئەو، هەر جۆرە ڕێبازی پاراستنی کۆمەڵگایان، ناحقوقی، نارەوا، جودایخوازانە و تیرۆریستی ناوزەد کردووە و بە توندی هەوڵی سەرکوت کردنیان داوە. ئامانجی ئەم دەوڵەتانە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بە تەواوی بێپاراستن، چەک کراو، دەستەمۆ و تەسلیم کراوە. دامودەزگا بەرفراوانەکانی پرۆپاگەندەیی دەوڵەت بۆ پاساودانەوەی توندوتیژی و دەستدرێژی دەوڵەت لە بەرامبەر کۆمەڵگادا، ئەوە وەک مژارێکی ئاسایی و ڕەوا نیشان دەدەن و لە لایەکی ترەوە هەر چەشنە خۆراگری کۆمەڵگایان لەبەرامبەر ئەو دەستدرێژیانە وەک توندوتیژی و وەحشیگەری و تیرۆر بەناو کردووە و پێویستی بنبڕ کردنیان هێناوەتە ئاراوە. ئامانج لە پێکهینانی کەش و هەوایەکی پرۆپاگەندەیی وەها، دروستکردنی زێهنیەتێکە کە بە پێی ئەو، کۆمەڵگایەک کە خۆی دەپارێزێت، کۆمەڵگایەکی وەحشی، ناشارستانیانە و بێئاسایشە و کۆمەڵگایەکی تەسلیم بوو و بێ پاراستن، کۆمەڵگایەکی هێمن و بە ئاسایش پێناسە دەکرێت. یەکسان خوێندنەوەی ئاسایش لەگەڵ دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەت، وتارێکە کە بە پێی ئەو هەبوونی سەربازی دەوڵەت و سەرکوتکارییەکانی لە کۆمەڵگایەکی نائاسایشی و تەسلیم نەبوودا، ڕەوا دەکرێت. رژێمە جۆراوجۆرەکانی ئێران بە بیانوی پێکهێنانی ئاسایش لە کوردستاندا، ئەو هەرێمەیان وەکوو قەڵایەکی سەربازی لێکردووە. لەم ناوەدا کۆماری ئیسلامی ئێران کە خاوەن جەوهەرێکی بەتەواوی سەربازی و سەرکوتکارە، خاوەن توندوتیژترین پراکتیک لە کوردستان دایە. رژێم بە بەکارهێنانی دەستەواژەی جۆاروجۆر وەکوو موحاریب، دژە شۆرش، گرێدراوی بێگانە، جۆدایيخواز، ئاژاوەگەر و تیرۆریست، گەلێک ناوەندی توندوتیژی لەکوردستان ساز کردووە و پەرەی پێداوە. ئیتلاعات، سوپای پاسداران، بەسیج، جاش، لیباس‌شەخسی‌وسیخوڕ، کۆمەڵگای کوردستانیان کردووەتە کۆمەڵگایەکی بێئاسایش و نائارام. دوابەدوای هاتنە ئاراوەی پرۆژەی ”دژە پەژاک“ و شەڕی تایبەت، هێرشە توندوتیژەکانی رژێم لە دژی کۆمەڵگای کوردستان، بە شێوازێکی بەرچاو لە زیاد بووندایە. تیمە مرۆڤکوژە ”دژە پەژاک“ەکان، نموونەی بەرچاوی ئەم راستییەن. لەلایەکی ترەوە

توندوتیژییەکانی ڕژێم تەنیا بە توندوتیژی جەستەیی سنووردار نەماوە و ناوەندەکانی شەڕی تایبەت، توندوتیژی و دەستدرێژیان لە هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسیدا بە لووتکە گەیاندووە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بۆ لە ناو بردنی میکانیزمەکانی پاراستن لەناو کۆمەڵگای کوردستان و تەسلیم وەرگرتنی ئەو، شەرێکی بەرفراوانی پرۆپاگەندەیی و دەروونییان بەرێ خستووە. دەتوانین سیاسەتەکانی دەوڵەت بۆ بێ پارستن کردنی کۆمەڵگا لە چەند بابەتدا بهێنینە زمان:

**ئا)توندوتیژ و شەڕخواز نیشاندانی کۆمەڵگا و گەلی کوردستان**

ڕژێم بە بەردەوامی هەوڵی ئەوەی داوە کە هەبوونی شەر□□ لە کوردستاندا بخاتە ئەستۆی بزووتنەوە کوردییەکان. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بۆ هەر کەس ڕوون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە، داسەپاندنی شەڕ لەکوردستاندا و سەرکوتکاری، پیلانی سەرەکی بەڕێوەبەرانی ئەم ڕژێمە بووە. دەرکردنی فتوای جیهاد لە کوردستان لە لایەن خومەینی یەوە، نە لە ئەنجامی بێئاکاممانەوەی چاوپێکەتنەکان و دەستپێکردنی شەڕ لە کوردستاندا بوو، بەڵکوو بەشێک لە پیلانێکی داڕێژراو بۆ ڕیشەداکوتانی ڕژێم و سڕینەوەی بەرهەڵستکاران بوو. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە هۆی تایبەتمەندی سەرکوتکارانەی خۆی، ئەو شەڕ و کوشتارەی لە کوردستاندا بەرێ دەخست. ڕژێم سەرەڕای شەڕفرۆشیٍ ئاشکراکانی خۆی لە کوردستاندا، بەردەوام پارتە کوردییەکانی لەم بوارەدا تاوانبار نیشانداوە. ڕژێم بۆ ڕەوایەتی دان بە بەردەوام کردنی سیاسەتە توندوتیژییەکانی خۆی لە کوردستاندا، هەوڵ دەدات تاکوو فەرهەنگی بەرخۆدانی کۆمەڵگای کوردستان وەکوو «تایبەتمەندی توندوتیژخوازانی کۆمەڵگای کوردی» بەناو بکات. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەدروستکردنی تابلۆیەکی شەڕخواز لە کەسایەتی مرۆڤی کورد، لە ڕای گشتیدا لە تاک و کۆمەڵگای کورد، «بوونەوەرێکی خوێنڕێژ و سەربڕ» دروست دەکات کە سەرەڕای هەموو باشی و ڕەحمەتی دەوڵەت و کاربەدەستانی ئەو و هەوڵدانەکانیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، ئەو مرۆڤە خوێنمژە هێرش دەکاتە سەر هێزەکانی ڕژێم و خوێنڕێژی بەرێ دەخات. بە پێی ئەو تابلۆیە، ئەرکی دەوڵەت سازکردنی کۆنترۆڵ و حاکمبوون لەسەر ئەو بوونەوەرە مەترسیدارەیە. ڕژێم کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەرکی بە شارستانی کردنی گەلی کوردستان و دوورکردنەوەیانی لە وەحشیگەری وەئەستۆوەیە، لە بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی کۆمەڵگای کورد بە هەموو شێوازێک و بە هەموو ئامرازێک دەست ناگێڕێتەوە. ئەو بە شارستانی کردنەی کە دەوڵەت باسی لێوە دەکات لە ڕاستیدا هەر بە ژن کردنی کۆمەڵگای کوردستانە. میلیتاریزم، سازکردنی ناوەندەکان توندوتیژی لە کۆمەڵگادا، تواندنەوەی فەرهەنگی، بڵاوکردنی لەشفرۆشی و ماددە هۆشبەرەکان و داسەپاندنی بە ژن کردن، لەو هەرێمانەش کە هیچکات شەڕی چەکداری تێدا ڕوویندداوە، نیشانەی ئەوەیە کە بەرێوە بردنی توندوتیژی و سازکردنی ڕۆخسارێکی شەڕخواز لە گەلی کورد، سیاسەتێکی گشتی و سەرەکی دەوڵەت لە کوردستانە

**ب)شەڕی چەکداری**

سیاسەتی سەرکوتکاری ڕژێم لە کوردستاندا بووەتە هۆکاری هاتنە ئاراوەی شەڕی چەکداری وەکوو ستراتیژی پارتە سیاسییەکانی کورد. شەڕی چەکداری لە کوردستاندا، بەردەوام چوارچێوەی پاراستنی هەبووە و لەبەرامبەر هێرش و کوشتارەکانی ڕژێم، ڕەوایەتییەکی تەواوی هەیە. کوشتاری گەلی کورد لە سنە، بانە، قارنە و قەڵاتانی مەهاباد و زۆر نموونەی تر، نیشاندەری تەواوەتی خۆڕاگری چەکداری پارتە سیاسەکان و گەلی کوردستانە. جگە لە مژاری ڕەوایەتی، شەڕی چەکداری وەک «هێل و ستراتیژی تێکۆشان» جێگەی باس و ڕەخنەیە. شەڕی ڕزگاریخوازی و چەکدارانە لە دژی دەستدرێژی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دا، وەکوو ستراتیژیەک لەناو گەلان و کۆمەڵانی ژێردەست و چەوساوە لە ڕۆژەڤ دا بووە. ئەو ڕەخنەیەی کە پێویستە لەو ستراتیژیە بکرێت ئەوەیە کە پارتەکان لە قۆناخی تێکۆشانی چەکداری، ئامانجیان دەبێتە سازکردنی پێکهاتەی حکومەت و دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان. لە پرۆسەی شەڕی چەکداریدا، پارتەکان بۆ خۆیان دەبن بە ناوەندی کۆبوونەوەی دەسەڵات و وەکوو بەشێک لە پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا هەڵسوکەوت دەکەن. لەلایەکەوە پەیوەندی پارتی و کۆمەڵگا وەردەگەرێتە پەیوەندی دەسەڵات و ئاستی چالاکبوونی هەموو میکانیزمەکانی کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بە ئازادی دادەبەزێت. پارتە سیاسییەکان بە جۆرێک ئامانجیان بینینی ڕۆڵی دەوڵەتە و لەو پێناوەدا زێهنیەتی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا قووڵتر دەکەنەوە. ناوەندگەرایی، هەوڵدان بۆ یەکدەست کردنی فەرهەنگی، پیاوسالاری، پیرسالاری و ...، دەبێنە بەشێکی دانەبڕاوی کاریگەری ئەو حیزبانە لە کۆمەڵگادا. پاوانخوازی و ڕکابەری دەسەڵاتخوازانە دەبێتە بەشێک لە کلتووری ئەم پارتانە. ئەزموونەکانی جیهانی نیشانی داوە کە سەرکەوتنی ئەو پارتانەی کە شەڕی چەکداری ڕزگاریخواز بنەمای تێکۆشانیان بووە، جگە لە دووبارە بەرهەم هاتنی دەوڵەت ــ نەتەو و دووپات بوونەوەی گرفتەکان، ئەنجامێکی تری نەبووە. ئازادی کۆمەڵگا بە دووبارە ساز کردنەوەی دەوڵەت و تەنیا گۆڕین لە ئاستی تاک و گرووپەکانی دەسەڵاتدا، مسۆگەر نابێت. تێکۆشانێک ئاکامەکەی ئازادی کۆمەڵگا دەبێت کە لە ئەنجامی

چالاکی و خەباتی هەموو میکانیزمەکانی دیموکراسیانەی کۆمەڵگا و ڕۆڵ بینینی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان، لە هەمان قۆناخەکانی تێکۆشاندا سیستەمێکی دیموکراتیانە و نامەرکەزی بونیاد بنرێت. دەرئەنجامی ئازادی کۆمەڵگا لەلایەن کۆمەڵگا بۆ خۆیەوە، هیچکات دەوڵەت و میکانیزمە ڕووخێنەر و داگیرکارەکانی سەر لە نوێ ساز لێی نابێتەوە. لەو بوارەوە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیانە، چۆنێتی تێکۆشان و هەروەها سیستەمی بەڕێوەبەری کۆمەڵگای ئازاد، دیاری دەکات.

پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر شەڕی چەکداری رزگاریدەر، ستراتیژیەکی گونجاو بۆ ئازاد کردنیی کۆمەڵگا نیە، ئەوکاتە لە پرۆسەی تێکۆشان بۆ ئازادی کۆمەڵگادا، بزووتنەوەی ئازادیخواز لە بەرامبەر کوشتار، سەرکووتکاری و هێرشی توندوتیژانەی دەوڵەت، پێویستە کامە ستراتیژی و چ میکانیزمگەلێک بۆ پاراستن بە کار بێنێت؟ بە هۆی ئەوەی کە ئامانجی دەوڵەت لە بەکارهێنانی توندوتیژی و سەرکوتکاری بە چوک دەرهێنان و تەسلیم وەرگرتنی(بەژن کردنی) کۆمەڵگایە، پاراستنی جەوهەری کۆمەڵگا و بەشەکانی جیاوازی ئەو، سروشتی ترین مکانیزمی کۆمەڵگا بۆ پاراستنی ئیرادە و هەبوونی خۆیەتی.

پاراستنی ڕەوا، سازکردنی زانست و ڕێکخستنی پاراستنی جەوهەرییە لە بەرامبەر توندوتیژی سەرکوتکارانەی دەوڵەتە. پاراستنی ڕەوا سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵگای دیموکراتیک و ستراتیژی پاراستنی کۆمەڵگا لە بەرامبەر ناوەندێکی بە ناوی دەوڵەتە کە ڕەمزی کەڵەکە بوونی توندوتیژی و دەستدرێژی لە بەرامبەر کۆمەڵگایە. پاراستنی ڕەوا لە پێناسەکانی جیهانی حقوقیش بۆ ئەو نەتەوە، کۆمەڵگا و تاکانەی کە لە ژێر توندوتیژی و دەستدرێژی و مەترسی لەناو چووندان، وەکوو مافێکی ڕەوا دەناسرێت. هەروەها پاراستنی ڕەوا، ڕەوایەتیەکی زیاتر لە چوارچێوەی حقوقی هەیە و زۆرتر لە «ماف»ێک، یاسایەکی «سروشتی»یە. لەناو سروشتدا، هیچ گیانلەبەرێک و ئۆرگانیزمێک نابینرێت کە بێمکانیزم و کاردانەوەی پاراستنی لە کاتی مەترسیدا بێت. هەتا بەدیهاتنی دەوڵەت ـ نەتەوەکانیش، ئەو مافە بۆ کۆمەڵگا و گرووپە کۆمەڵایەتیەکان دانی پێدادەنرا. بە هەمان ڕادەی مێژووی ئەرتەش، دەستدرێژی و فەتح، مێژووی بەرخۆدانی کۆمەڵگاکانیش لە ئارادایە. دەوڵەت ـ نەتەوەکان بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی ڕەها بە سەر کۆمەڵگادا، هەر جۆرە کاردانەوەیەکی پاراستنی، لە ژێر ناوی توندوتیژی، نائارامی و تیرۆر، سەرکوت دەکەن. بەو هۆیەوە لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی تاکوو ئێستا لە هیچ قۆناخێکدا وەکوو قۆناخی دەوڵەت ـ نەتەوەکان و بەتایبەت سەدەی بیستەم، هەبوونی کۆمەڵگاکان و ناسنامە و کلتووری ئەوان لە ژێر مەترسی لەناوچووندا نەبووە.

پ) توندوتیژی و دەستدرێژی دەوڵەت لەناو کۆمەڵگادا تەنیا لە بواری توندوتیژی ڕاستەوخۆی جەستەیی و سەربازی نەبووە و لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کلتووری، سیاسی و ئابووری، دەوڵەت توندوتیژی لە دژی کۆمەڵگا بەکار هێناوە. بەو پێیەوە پاراستنی ڕەوا، پاراستنی کۆمەڵگا لە هەموو ئەو بوارانەدایە کە توندوتیژی و دەستدرێژی تێیدا ڕوویداوە. پاراستنی سەربازی، تەنیا یەکێک لە بوارەکانی پاراستنی ڕەوایە. زۆر سروشتییە کە لە هەلومەرجێکدا کە زمانی سەرەکی دەوڵەت لە بەرامبەر کۆمەڵگادا، زمانی کوشتار و سەرکوتکاری سەربازی بێت، پاراستنیش لە بواری سەربازیدا زۆرتر لە ڕۆژەڤ دا دەبێت. هەبوونی پاراستنی ڕەوا لە بواری سەربازیدا و پاراستنی گەریلایی لە کوردستاندا، ئەنجامی ڕوانگە ئاسایشییەکانی دەوڵەت و کردەوە سەرکووتکاریەکانی ئەوە. لەبەرامبەر زی□□هنیەتی دەوڵەت ـ نەتەو کە سەرەڕای شەڕ نەکردن، قازی محەمەدی لە سێدارە دا و دکتور قاسملوی لە سەر مێزی گفتگو شەهید کرد، ستراتیژی پاراستنی ڕەوا بۆ گەلی کوردستان پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرە. فەلسەفەی پاراستنی ڕەوا لەسەر بنەمای لەناوبردنی توندوتیژی، لە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەت و هەروەها لەئاستی کۆمەڵگا بۆخۆیدایە. ستراتیژی پاراستنی ڕەوا، ستراتیژیەکی هێرش کارانە نیە و بە هۆی ئەوەی کە دەبێتە هۆی لاواز بوونی ناوەندەکان و پەیوەندیەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگا، هیچ کات سەرلەنوێ توندوتیژی و دەسەڵات و کۆبوونەوەی ئەوان لە ناوەندە تایبەتەکان بەرهەم ناهێنێتەوە. پاراستنی ڕەوا، ستراتیژی تەسلیم نەبوونی کۆمەڵگا لەبەرامبەر دەوڵەت و هەموو قوربانیانی دەسەڵات لەبەرامبەر دەسەڵاتداران و ناوەندەکانی دەسەڵاتە. بەپێی ستراتیژی پاراستنی ڕەوا، بزوتنەوەیەکی تێکۆشەر، گەلێک، کلتوورێک، ڕەگەزێک و جیلێک هەرچەندە بەهێز بێت هیچکات هێرشکارو داگیرکار نابێت و هەرچەندە لاواز بێت هیچکات تەسلیمبوون پەسەند ناکات. پەژاک بەو ڕوانگەیەوە، ئیستراتیژی شەڕی چەکداری ڕزگاریخوازی ڕەخنە کردووە، تێپەڕاندووە و ئیستراتیژی پاراستنی ڕەوای وەکوو پرەنسیپی تێکۆشانی خۆی پەسند کردووە. سەرەڕای ئەوە، ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ڕژێم لە هێرشی پرۆپاگەندەیی بەرفراواندا، هەوڵدەدەن پاراستنی ڕەوای پەژاک وەکوو شەڕی چەکداری نیشان بدەن. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە یەکسان نیشاندانی پاراستنی ڕەوا و شەڕی چەکداری و سازکردنی ڕوخسارێکی هێرشکارانە و توندوتیژخوازانە بۆ پاراستنی گەریلایی، دەیانەوێ ئەم تێکۆشانە تیرۆریزە بکەن و ڕەوایەتی بە سەرکوتکاری و ڕەشەکۆژی خۆیان بدەن. لەلایەکی ترەوە ڕژێم دەیەوێ ڕەنگدانەوەیەکی بەتەواوی میلیتاریستی لە بزووتنەوەی نوێ گەلی کورد بدات و بیانوویەکی زیاتر بۆ میلیتاریزەکردنی کوردستان بەدەس بێنێت. بەشێک لە کردەوە میلیتاریستیەکانی ڕژێم کە بەردەوام لە دژی پەژاک ئەنجامیان گرتووە، ئۆپۆراسیۆنی بەرفراوانی سەربازی، هێرشەکانی دەرەوەی سنوور و تۆپباران کردنە. ڕژێم لە چوارچێوەی پرۆپاگەندەیەکی بەرفراواندا هەوڵدەدات کە هێزە سەربازی ـ ئاسایشیەکانی خۆی وەک کەسانێکی بێگوناح کە هێرشیان کراوەتە سەر نیشان بدات و هێزەکانی گەریلا کە لە چوارچێوەی پاراستنی دا شەڕ دەکەن وەکوو هێرشکار،

ئاژاوەگێڕ و تێکدەری ئاسایش نیشان بدەن. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت هەوڵدەدەن تا لەلایەکەوە بە پەرێپێدانی ناسیۆنالیزم لە ناو خەڵکی ئێراندا و لەلایەکی تریشەوە بە هاندانی رای گشتی ئێران لە دژی پەژاک و تێکۆشانی پاراستنی رەوا لە کوردستاندا، رەوایەتی کۆمەڵایەتی بە کوشتارەکانی خۆیان لە کوردستان بدەن. ئەم بابەتە دەبێتە هۆکاری دوورکەوتنەوەی کۆمەڵگای کورد و کومەڵگاکانی تری ئێران بەتایبەت کۆمەڵگای فارس و بە رەوایەتی پەیدا کردنی میلیتاریزمی رژێم بۆ بەردەوامی رژێم و سیاسەتە سرکوتکارەکانی رۆڵا دەبینێت. بەداخەوە، هەتا ئێستا هەوڵەکانی دەوڵەت لەم بوارەدا سەرکەوتوو بووە. ناسیۆنالیستە فارسەکانی دەرەوەی وڵاتیش لە قووڵکردنەوەی ئەم بابەتەدا رۆڵێکی بەرچاویان هەیە. هەتا ئاستێک کە زۆر جار هەندێک لەو کەسانەی کە بۆ داخوازییە دیموکراتیەکانی خۆیان لە شارە ناوەندیەکان لەلایەن سوپای پاسداران و ئیتلاعات سەرکوت دەکرێن، بە هۆی کاریگەریەکانی شەڕی تایبەت و دووچاربوون بە نەخۆشی ناسیۆنالیزم و مانەوە لە بازنەی وتاری «پاراستنی یەکیەتی خاکی ئێران»، هەبوونی هێزە سەرکوتکارەکان و کردەوە توندوتیژەکانی ئەوان لە کوردستاندا رەوا دەبینن. بە شێوەیەک کە بەشێک لە بەرهەڵستکارانی رژێم لەو باوەڕیەدان کە بۆ ئەوەی کە دەرفەتی «جۆدایی خوازی» بە کوردەکان نەدرێت، نابێت زەخت بخرێتە سەر رژێم و بەتایبەت پارێزڤانانی یەکیەتی خاکی ئێران واتە «سوپای پاسداران». ئەوە لە کاتێکدایە کە رژێم، قۆناخی مێلیتارزە کردنی گشتی ئێران پەیوەست بە سەرکەوتنی سیاسەتە سەرکوتکارانەکانی خۆی لە کوردستان دەزانێت. هەر وەکوو زۆر جار پەژاک رایگەیاندووە، لەو بوارەدا کوردستان مایکرۆمۆدیلی هەموو ئێرانە و سەرکەوتنی رژێم لە سەرکۆت کردنی گەلی کوردستاندا، هێرشی کودەتایی و زۆر بەرفراوانی لە دژی دیموکراسیخوازی لە هەمووی ئێراندا لەگەڵا خۆی دێنێت. لەحاڵێکدا کە گۆڕینی سنووره سیاسیەکان هیچکات لە بەرنامەی سیاسی پەژاکدا نەبووە، داسەپاندنی ناسیۆنالیزم بە سەر عەقلییەتی خەڵک و سازکردنی پارانویای پارچە بوونی ئێران لە کۆمەڵگادا، بەشێک لە خەباتی شەڕی تایبەت بۆ دووبەرەکی سازکردنی لە نێوان گەلانی ئێران و پێش گرتن لە بەرفراوان بوونی تێکۆشانی دیموکراتیکە(ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و راگەیاندنەکانی دەرەوەی وڵات گەلێک جار هەمان رۆڵا دەگێڕن). رژێم لەلایەکی تریشەوە بە یەکسان نیشاندانی پاراستنی رەوا و شەڕی چەکداری، لە هەوڵی ئەوەدایە کە پەیامێکی وەها بە گەلی کوردستان بدات کە سیاسەتی پەژاکیش بەشێک لە سیاسەتی نەریتی کوردە و پەژاک بە بەردەوام کردنی رێبازی حیزبەکانی تر، دەگاتە هەمان ئەنجامی ئەو حیزبانە. رژێم بەو شێوازە دەیەوێ هیوای گەل بە سەرکەوتنی بزووتنەوەی نوێ کوردستان لەناو ببات و پێش لە بەشداری ئەوان لە بزووتنەوە و پێداگری لە تێکۆشان بگرێت. لەلایەکی ترەوە رژێم بە یەکسان نیشاندانی پاراستنی رەوا و شەڕی چەکداری، رۆژەڤی تێکۆشانی کۆمەڵگای کوردستان تەنیا بە مژاری سەربازی بەرتەسک دەکاتەوە و بە درووست کردنی ئەو تابلۆیە کە پەژاک بزووتنەوەیەکی تەنیا سەبازییە، دەیەوێ پێش لە کاریگەری فیکری و سیاسی پەژاک لە گۆڕەپانی کۆمەڵگا بگرێت و ئەو گۆرانکارییانەی کە پەژاک لە پارادایم، هزر و گۆتاری تێکۆشانی ئازادیخوازانەی کورددا هێناویەتە ئاراوە، نەکەوێتە واری کردارییەوە. ئامرازەکانی سەرەکی رژێم لە شەڕی پرۆپاگەندەییدا، راگەیاندنە فەرەمیەکانی رژێم، راگەیاندنە نافەرمییەکان(بە تایبەت ئەو وێبلاگ و ماڵپەڕە ئینترنێتیانەیە کە بەداخوازی سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات درووست کراوان)، راگەیاندنەکانی دەرەوەی وڵات و ئەندامانی شەڕی تایبەتن. رژێم، هەر کاردانەوەیەکی پاراستنی گەریلا لە راگەیاندنەکانی فەرمی خۆیدا چەواشە دەکات و بە وەگەڕ خستنی راگەیاندنە نافەرمییەکان هێز دەداتە ئەو چاوەشەکارییە و بە رۆژەڤ کردنی ئەو لە راگەیاندنەکانی دەرەوەی ئێراندا، دەیگوازێتەوە بۆ ئاستی ناونەتەوەیی. بۆ نموونە کاناڵی دەنگی ئەمریکا و رادیۆ فەردا، لەحاڵێکدا کە تەواوی قسە و هەواڵی سەرچاوە فەرمییەکانی دەوڵەتی ئێران وەکوو درۆ و بێبنەما لە قەلەم دەدەن، بەڵام لە مژاری زانیاری سەبارەت بە پەژاک هەواڵەکانی سەرچاوە فەرمیەکانی دەوڵەت بە بنەما دەگرن. ئەمە لە کات□ێکدایە کە ئەو راگەیاندنانە هیچکات باس لە کردەوەی سەرکوتکارانەی هێزەکانی رژێم و هێرشی ئەوان بۆ کوردستان کە دەبێتە هۆکاری کاردانەوەی پاراستنی گەریلا، ناکەن. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بە کەڵک وەرگرتن لەو ئەندامانەی خۆیان کە وەکوو رۆژنامەوان، چالاکی مەدەنی و چالاکی مافی مرۆڤ بەسەر کۆمەڵگادا دەیسەپێنن، هەوڵێکی بەرفراوان لە پێناو یەکسان نیشاندانی پاراستنی رەوا و شەڕی چەکداری و تیرۆریزەکردنی پەژاک دەدەن. ئەم کەسانە نە تەنیا پەژاک و ئێستراتیژی پاراستنی رەوا، بەڵکوو هەرچەشنە بەرخۆدان و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان لە مێژوودا، نارەوا نیشان دەدەن. ئەوان بە هێنانی ئەو باسە کە کاردانەوە پاراستنییەکان ئاستەنگی لە بەردەم پێشکەوتنی تێکۆشانی مەدەنی ساز دەکات و تەنگ بە ناوەندە مەدەنیەکان هەڵدەچنێت، لە دیماگۆژی و فریوکاریەکی گەورە هەوڵی تەسلیم کردن و بێئیرادە کردنی کۆمەڵگای کوردستان دەدەن. پەژاک هەمیشە لایەنگری خەبات و تێکۆشانی مەدەنی بووە و پشتیوانی لێدەکات. لە رەوشێکدا کە سەرکوتکاری و کودەتاگەری رژێم، دەرفەت و دەرەتانی هەر چەشنە تێکۆشانێکی مەدەنی لەناوبردووە و رێگای هەناسەدانی ناوەندە سەربەخۆ و مەدەنییەکانی گرتووە، پاراستنی رەوا لە راستیدا پاراستنی تێکۆشانی مەدەنی لە بەرامبەر میلیتاریزمە. ئەو کەسە بە کرێگیراوانە خۆیان لە دەرەنجامی سەرکوتکاری رژێم لە دژی ناوەندە مەدەنیەکان و ئەو بۆشاییەی کە لە گیرانی چالاکانی سەربەخۆی مەدەنی ساز بووە و هەروەها لە ئەنجامی کادیرسازی ناوەندەکانی شەڕی تایبەت لە گۆڕەپانی کۆمەڵگای مەدەنی، هاتوونەتە ئاراوە. بۆ نموونە ئازاد نەمەکی و موختاری زارعی لە بۆشایی دوای گیان لەدەستدانی موهەندیس بەهائەدین ئەدەب، سەریان هەڵدا و ئیجلال قەوامی لە بۆشایی دوای گرتنی

موحەممەدسەدیق کەبوودوەند هاتە مەیدانەوە. ڕژێم بە سەرکوت کردن و پاسیڤ کردنی ناوەندەکانی مەدەنی و دواتریش ناردنی کەسانێک لەو چەشنە بۆ ناو ئەو ناوەندانە، ئەوان بە تەواوی لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیدا بەکار دێنێت. دوابەدوای گیان لەدەستدانی موهەندیس ئەدەب، بەرەی یەکگرتووی کورد لە بەرامبەر هیچ یەک لە سیاسەتەکانی سەرکوتکارانەی ڕژێم، خاوەن هەڵوێست نەبووە. کەسانێک وەکوو موختار زارعی و ئازاد نەمەکی لە ژێر ناو و بە ئیمزای ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەرەی یەکگرتووی کورد، دەستیان داوەتە مەحکووم کردنی کاردانەوەی پاراستنی گەریلاکانی پەژاک و بە چاوپۆشی کردن لە هەموو سیاسەتە توندوتیژییەکانی ڕژێم، ڕەوایەتییان بە تیرۆری دەوڵەت لە کوردستان داوە. ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان کە پێشتر ڕێکخراوەیەکی چالاک بوو، دوابەدوای گیرانی موحەممەدسەدیق کەبوودوەند، پاسیڤ بوو. ئێجلال قەوامی لە ژێر ناوی وتەبێژی ئەم ڕێکخراوەیە، چالاکی پاراستنی گەریلای وەکوو تیروریزم لە قەلەم دەدات؛ ئەمە لە حاڵێکدایە کە ڕێکخراوەیەکی مافی مرۆڤ پێویستە دوای لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل، لە سەر بابەتەکان بیرورای خۆی ڕابگەیەنێت. ئێجلال قەوامی ئەگەر چالاکی گەریلا وەکوو تیرۆریزم ناوزەد دەکات، چۆن دەبێ بەرامبەر بە کارهێنانی ڕێبازە ناحقووقی و دژەمرۆڤانەکانی ڕژێم لە دژی پەژاک و ژەهرخواردکردنی پێنج کەس لە ئەندامانی پەژاک لە هەرێمی داڵهۆ و پارچەپارچەکردنی جەنازەی ئەوان، هیچ کاردانەوە و نارەزایەتیەک دەرنەبڕێت؟! ئایا ئێجلال قەوامی کردەوەیەکی وەها، بە بن پێ کردنی مافی مرۆڤ نازانێت و یا ئەوەی کە ئەم ڕێکخراوەیە لە مۆزاری پاراستنی مافی مرۆڤ بەرەو مۆزاری پاراستنی سیاسەتەکانی ڕژێم وەرچەرخاوە؟ ئەم کەسانە لە چوارچێوەی تیرۆریزەکردنی پاراستنی ڕەوا، هەوڵی چەواشەکاری ڕاستیەکانیان هەیە. بۆ نموونە تەقینەوەی شاری مەهاباد لە ڕێکەوتی ١٣٨٩/٦/٣١ کە زۆر بە ئاشکرایی کردەوەی گرووپەکانی دژەپەژاک بوو، لەلایەن ئەو کەسانەوە بە پێداگریەوە دەخرێتە پاڵ پەژاکەوە. ئەم کەسانە لە چوارچێوەی ئەرکەکانیان لە ناوەندی شەڕی تایبەتدا، هەوڵی مافدار نیشاندانی ڕژێم بۆ لە سێدارەدانی زیندانیانی سیاسی دەدەن. ڕژێم، گیراوانی سیاسی پەژاکی لە ژێر ناوی تیرۆریست و هەوڵدان لە دژی ئاسایشی نەتەوەیی لە سێدارە دەدات؛ ئەم کەسانەش بە پێداگری لەسەر ئەو تاوانانەی کە ڕژێم دەیخاتە پاڵ زیندانیانی سیاسی، ئیعدامی ئەوان یاسایی نیشان دەدەن. بۆ نموونە ئازاد نەمەکی باس لە تەقینەوەی بۆمبێکی دەنگ لە مەیدانی ئازادی شاری سنە و لەبەرچوونی منداڵی ژنێکی دووگیان دەکات؛ ئەم تاوانە، تاوانێکە کە وەزارەتی ئیتلاعات خستوّیەتە پاڵ حەبیبەڵا لەتیفی و جەختی لەسەر پێویستی لە سێدارەدانی ئەو کردووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەو ژنە هەبوونی نەبووە و سازکراوەی ئیتلاعاتە. بە ڕۆژەڤ کردنی ئەو بابەتە لەلایەن ئازاد نەمەکی لە ڕاگەیاندنەکاندا بە تایبەت لە ڕەوشێک دا کە مەترسی لە سێدارەدانی حەبیبەڵا لەتیفی لە ئارادایە، واتاداره. ئەندامانی شەڕی تایبەت، هەروەها بە مەدەنی نیشاندانی دامودەزگا سەرکوتکارەکانی ڕژێم، لە هەوڵی تیرۆریزە کردن و نارەوا نیشاندانی هەر چەشنە کردەوەیەکی پاراستنی لە بەرامبەر ئەو ناوەندانەدان. بۆ نموونە کوژرانی ولی حاجی قولیزادە دۆزگەر(دادستان)ی دادگای شۆڕشی شاری خۆی، لەلایەن ئەوان و هەروەها ڕاگەیاندنەکانی دەرەوەی وڵات وەک کردەوەیەکی ترۆریستی ناسێنرا. دادگای شۆڕشی ئیسلامی، دەزگایەکی حقووقی ـ مەدەنی نیە، بەڵکوو ناوەندێکی بەتەواوی سەربازی و سەرکوتکارە و دەزگایەکە بۆ لە سێدارەدان و سەرکووتی بەرهەڵستکارانی ڕژێم. گەلی کوردستان و ئێران، هیچکات کردەوەکانی سادقی خەڵخاڵی لە کوشتاری بەرهەڵستکارانی ڕژێم و خەڵکی مەدەنی لە بیرناکەن. دادگای شۆڕشی ئیسلامی هێشتاش یەکێک لە گەورەترین ناوەندەکانی سەرکوت و لەسێدارەدانی بەرهەڵستکارانە. قازی و دۆزگەرەکانی دادگاکانی شۆڕش، لەلایەن بەشە سەرکوتکارە ئایدیۆلۆژیک ـ سەربازیەکانەوە لە دادگاکان بەجێ دەکرێن. لە کامە دادگای ئەم جیهاندا هەتا ئێستا، دادوەر خۆی ڕۆڵی ئەشکەنجەگەری بینیوە؟! ئەمە لە حاڵێکدایە کە زۆرجار دۆزگەر و دادوەرەکانی دادگای شۆڕش، بۆ خۆیان ڕۆڵی ئەشکەنجەگەر و لێپرسینەریان گێڕاوە. وەلی حاجی قولیزادەش وەک فەرماندەیەکی سوپای پاسداران بە پێشینەیەکی زیاتر لە بیست ساڵ جەنایەت لە کوردستان و ئازەربایەجان، کرابوو بە دۆزگەری دادگای شۆڕش و لەوێ بەرپرسیاری لە سێدارەدانی گەلێک کەس بووە. بێتاوان و مەدەنی نیشان دانی دادگای شۆڕش و جەنایەتکارانی ئەو، سەلمێنەری هاوکاری ئەم بەکرێگیراوانە لەگەڵ ناوەندەکانی شەڕی تایبەتە. بابەتێکی تر کە ئەندامانی شەڕی تایبەت پێداگری لەسەر دەکەن، مەحکووم کردنی پەژاک لە پێکدادانی لەگەڵ هێزەکانی ئینتیزامی ڕژێمە. هێزەکانی ئینتیزامی هیچکات ئامانجی سەرەکی چالاکی گەریلاکانی پەژاک نەبوونە. بەڵام پێویستە بزانرێت کە هێزەکانی ئینتیزامی ڕۆڵێکی مەزنیان لە سیاسەتە سەرکوتکارانەکانی ڕژێم لە کوردستاندا بینیوە. کوشتاری کاسبکارانی سەرسنوور، پەرەپێدان بە بێئەخلاقی لە کۆمەڵگای کوردستان و بەتایبەت لە گوندەکان، هاوکاری سوپای پاسداران و ئیتلاعات لەمەڕ بەجاشکردن و هەروەها بەکارهاتنی پایەگاکانی هێزەکانی ئینتیزامی بۆ سوپای پاسداران و ئیتلاعات لە پێناو هێرشکردنە سەر گەریلاکانی پەژاک، نموونەی کردەوەکانی هێزەکانی ئینتیزامی لە کوردستانە. لە هەمان چوارچێوەدا هەری دوایی ئالیکاری وەزیری ناوخۆی ئێران، دوای درووستکردنی ئەکیپی تایبەتی دژەپەژاک لە شاری سنە، دەستووری بە هێزە ئینتیزامیەکانی ئەم شارە داوە بۆ ئەوەی لە ئاستێکی بەرفراوان هاوکاری ئەم ئەکیپە بکات. هێزی ئینتیزامی و سوپای پاسداران بە بەکارهێنانی سەربازانی ئاسایشی بۆ شەر لە دژی پەژاک ئەوان بە کوشت دەدەن و دوابەدوای ئەوە، ئەندامانی شەڕی تایبەت(بەتایبەت هەندێک ناوەندی بەرواڵەت مافی مرۆڤ و مەدەنی) ئەم بابەتە وەکوو هۆکارێک بۆ سەلماندنی توندوتیژیخوازی و تیروریست بوونی پەژاک بەکار دەهێنن. ئەم لە حاڵێکدایە کە ئەگەر ئەو کەسانە خۆیان

وەک چالاکی مەدەنی و مافی مرۆڤی کورد دەناسێنن، پێویستە بەجێگای مەحکووم کردنی پەژاک، بەکارهێنانی سەربازانی کاتی(وەزیفە) لەلایەن ڕژێمەوە بۆ سیاسەتە سەرکوتکارانەکەی خۆی لە کوردستان و بەکوشتدانی ئەو جەوانانە مەحکووم بکەن و بانگ لە جەوانان بکەن کە لە نافەرمانییەکی مەدەنی و دیموکراتیانەدا لە سەربازی کردن بۆ ڕژێمی سەرکوتکار، خۆیان بپارێزن و لە دایک و باوکی جەوانانی ئێرانی بخوازن نەهێڵێن ڕژێم منداڵەکانیان بۆ شەڕ و سەرکوت ڕەوانەی کوردستان بکات.

یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق لە چوارچێوەی هاوکارییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بەجێ‌گرتن لە شەڕی تایبەتی ڕژێم لە دژی گەلی کوردستان، دەیانەوێ پرەنسیپی پاراستنی ڕەوا و کاردانەوەکانی پاراستنی پەژاک نارەوا نیشان بدەن. ئەم پارتانە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوونە بە باس کردن لەو بابەتە کە لە ئەگەری بەردەوام کردنی تێکۆشان لە بەشەکانی تری کوردستان بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە، ڕای گشتنی باشووری کوردستان لە دژی ئەم بزووتنەوانە هان بدەن و دانوسەندن و هاوکاری خۆیان لەگەڵ دەوڵەتە سەرکوتکەرەکان لە دژی بزووتنەوەی بەشەکانی کوردستان ڕەوا نیشان بدەن. ئەم پرۆپاگەندەیانەی حیزبەکانی باشوور لەمەڕ خەباتی پاراستنی ڕەوای پەژاک، بە هۆی وریایی گەلی باشووری کوردستان و ئەو ئەزموونە تاڵانەی کە لە کردارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر بزووتنەوەی بەشەکانی تری کوردستان هەیانە، ڕوبەڕووی شکست بووەتەوە. ئەو پارتانە هەوڵ دەدەن لە هێرشی تۆپخانەیی سوپای پاسداران بۆ باشووری کوردستان، پەژاک تاوانبار بکەن. ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئامانجی کۆماری ئیسلامی لەم هێرشانە، پەیرەوکردنی سیاسەتی داگیرکەرانە لە باشووری کوردستان و ئێراقە. خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە لە دیدارەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم، تاوانبار کردنی پەژاک لەم هێرشانەدا، بە ئاشکرایی لەوان ویستراوە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٨ بۆ ئەو خەڵکە ئاوارەیەی کە لە هێرشی تۆپخانەکانی ئێران گوندەکانیان بەجێ هێشتبوو، لە شاروچکەی سەنگەسەری باشووری کوردستان کۆبوونەوەیەکی سازکرد کە لە ناو ئەو کۆبوونەوەیەدا گرۆپێکی سێ نەفەرە لە کاربەدەستان وەزارەتی ئیتلاعات داوایان لە خەڵک کردبوو لە دژی پەژاک خۆپیشاندان بکەن و داوا لە پەژاک بکەن خاکی باشووری کوردستان بەجێی بهێڵن؛ بەو شێوەیە ڕژێمی ئێران دەتوانێت یارمەتیەکی ماددی فراوان بدات بەم خەڵکە. گەل لەم کۆبوونەوەیەدا هەبوونی پەژاک لە گوندەکانی خۆیان ڕەد کردبوو و ئەو هێرشانەیان داگیرکارانە بە ناو کردبوو و و پێشنیاری یارمەتی ئابوورییەکانی ئێرانیان ڕەد کردبوو. (قسەکان و هەلویستی خەڵکی بناری قەندیل لە دژی ئێران و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەکوو دیمەن تومار کراوە). کاربەدەستانی پارتەکانی باشوور و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە یەکسان نیشاندانی پاراستنی ڕەوا پەژاک و شەڕی چەکداری و دوابەدوای ئەویش بێ‌ئەنجام بەناوکردنی شەڕی چەکداری، بە بەردەوامی لە پەژاک داوا دەکەن کە واز لە پاراستن لە خۆی بێنێت و کەمپنشینی و چارەنووسی حیزبە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەسند بکات. مەحکووم کردنی پاراستنی ڕەوا لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕەوشێکدا پێک دێت کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ژێر زەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ژیانی کەمپ نشینی یان هەلبژاردووە، وەک نەچیرێکی دەستوپێ‌بەسراوی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لێهاتووە و بە سەدان کەس لەوان بەوشێوەیە تیرۆر کراون و شەهید بوونە. حکوومەتی هەرێم کە توانای «خۆپاراستنی» لەوان ستاندووە هەرگیز لە بەرامبەر پاراستنی ئەو حیزبانە بەرپرسیارانە هەڵسوکەوتیان نەکردووە و تیرۆریستەکان هەرگیز نەگیراون و ئەوانەی کە گیران بەرێزەوە ڕوانەی کۆماری ئیسلامی کران. حیزبە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە یەکسان نیشاندانی پاراستنی ڕەوا و شەڕی چەکداری، ڕۆڵ دەبینن. ئەم حیزبانە لەم یەکسان نیشاندانەدا، پاراستنی ڕەوای پەژاک وەکوو هۆکاری زیادبوونی گوشارەکانی ڕژێم و هەروەها بە کوشتدانی جەوانان ناو لێدەکەن. ئەوان بە تاوانبار کردنی پەژاک لە مژاری سەرکوتەکانی دەوڵەت لە کوردستاندا، وەها ڕەوایەتی بەو سەرکوتکارییە دەدەن کە وەک بڵێی بەر لە ساز بوونی پەژاک سەرکوتکاری لە کوردستان پێک نەهاتووە و کۆماری ئیسلامی وەکوو ڕژێمێکی بە تەواوی دیموکرات، ئامادەی چارەسەری دیموکراتیانەی کێشەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی پێویست بۆ تێکۆشانی مەدەنی و سیاسی بووە! تاوانبار کردنی پەژاک بە بەکوشتدانی جەوانان، لە ڕاستیدا مەحکووم کردنی هەموو ئەو بزووتنەوانەیە کە لە تێکۆشان لە دژی داگیرگەری و دەسپوتیزم خوێنیان ڕژتووە. ئەگەر وابێت، حیسابی کوژرانی هەزاران مرۆڤێک کە لە تێکۆشانی ئەو حیزبانەدا ڕوویداوە دەبێ لە کێی بخوازرێت؟! حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە، ئەمرۆکە بە یەکسان نیشاندانی پاراستنی ڕەوای پەژاک و شەڕی چەکداری کلاسیک، دەیانەوێ «بێ‌فایەدەبوونی بەرخۆدان و تێکۆشان» بە گەلی کوردستان بسەلمێنن. ئەوان لە تریبونی ڕاگەیاندنە جیاوازەکاندا، بە بەردەوامی بە جەخت کردنەوە لەسەر بێ‌ئەنجام بوونی شەڕی چەکداری، هەنگاوە پاراستنییەکانی پەژاک مەحکووم دەکەن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە پەژاک لە هەمان سەرەتاوە، لە ڕێبازەکانی ئەوان و بەتایبەت شەڕی چەکداری کلاسیک ڕەخنەی گرتووە. ئەوان بە بێ پێشکەشکردنی ئاڵتەرناتیڤ، بە مەحکووم کردنی خۆپاراستنی گەلی کوردستان، گەل بانگهێشتی پاسیڤ بوون دەکەن. ئەم حیزبانە، باس لە گرینگی خەباتی مەدەنی لە کوردستان دەکەن. چەمکی تێکۆشانی مەدەنی کە ئەو حیزبانە باسی لێدەکەن بەتەواوی پێناسە نەکراو و بێ‌ناوەڕۆکە؛ چوونکو ئەوان بە مەحکووم کردنی ئەو کەسانەی کە لە مەیدانی تێکۆشاندان، بۆ خۆیان هەرگیز ئامادەیی هاتنە مەیدان و بەدیل دانیان نیە. ئەگەر ئەم حیزبانە بە شێوەیەکی جیددی، بە پێشکەش کردنی بەدیل و بە لە خۆبردوویی لە ڕەوشی ئێستادا بتوانن تێکۆشانی مەدەنی جیددی دەست پێبکەن، بێ هیچ گومانێک پشتیوانی

بەرفراوانی پەژاکیان لە پشت دەبێت. هەڵاتن بۆ دەرەوەی ئێران و لە دوورەوە ڕێگا نیشاندان بەو گەلەی کە نایەوێت لە ژێر ستەم و سووکایەتی ئەم ڕژێمە بە چوکدا بێت، کارێکی ئەخلاقی نیە. ئامانجی ئەم حیزبانە ڕەخنەدان و دەستپێکردنی تێکۆشانێکی نوێ لە گۆڕەپانی کۆمەڵگای کوردستان نیە، بەڵکوو بانگهێشتی پاسیڤ بوون و قەبووڵ کردنی تەسلیمیەتە. ئەوان دەڵێن تێکۆشانی چەکداری ڕاست نیە و لە ڕەوشی ئێستاکەدا تێکۆشانی مەدەنیش ئیمکانی نیە. بۆیە پێویستە لە پاسیڤ بوونی تەواودا چاوەڕوانی دەرفەتێک بین کە لە ئەنجامی دەستێوەردانی ئەمریکا لە ئێراندا وەدەستمان بکەوێت. ئەوان دەیانەوێ ئەم دیماگۆژی و فریوکارییەی خۆیان لە ژێر ناوی ستراتیژی نوێ دەرخواردی کۆمەڵگای کوردستان بدەن. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە ئەم هەڵسوکەوتانە نە لە ئەنجامی گۆڕانکاری لە ستراتیژی تێکۆشان لە ناوخۆی حیزبەکاندا پێکهاتووە، بەڵکوو دەرئەنجامی پاسیڤ بوونێکە کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەریان داسەپاوە. ئەو داسەپاندنە تا ڕادەیەک ئاوێتەی سووکایەتییە کە، ئەو حیزبانە نکۆڵی لە ئەندام بوونی ئەو پێشمەرگانەیان دەکەن کە لە ناو خاکی ئێران شەهید دەبن.

**ئەیوب حەسەنزادە ناسراو بە مامۆستا گۆران کە پێشتر قازی دادگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە، لە نووسراویەکدا بەناوی "دەست کشاندنەوە لە پەروەندەی تیرۆر کردنی دکتۆر قاسملو و هاوپەیمانیەکی نهێنی وەهای نووسیوە: بەڵگەی ژمارەی ٥٥ نامەی جەلال تالەبانییە کە لە ئوتی ١٩٩٦ بۆ سەردار محەمەد جەعفەر سەحراروودی (لە بکوژانی قاسملو) نووسیویەتی. بۆ ئەو مەبەستە سەرلێدانی کتێبی "شەڕەی ناوخۆیی لە کوردستانی ئێراق چۆن دەستی پێکرد و کێ بەرپرسیارە؟" لە لاپەرەی ٣٥٦، ٣٥٧ کە بەزمانی عەرەبیە بکەن. ئەو نامەیە لە ژێر سەردێڕی (الاخ العزیز سردار محمد جعفری المحترم) نووسراوە: ئەو بەڵگەیە هەوڵدانی جلال تالەبانی بۆ سازکردنی پەیمانێکی شاراوە لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران و سەحراروودی نیشان دەدات.**

**ناوەرۆکی نامەکە بەم جۆرەیە:**

**برای خۆشەویست سەردار موحەممەد جەعفەری بەرێز**

**سەرۆکایەتی حدکا بە دنەدانی ئەمریکا، عێڕاق و بارزانی، سەربزێویی ینک دەکا . بەڵام ئێمە گوشاری دەخەینە سەر بۆ ئەوە ناچاربێ ئەوانە قبوڵ بکا:**

**١- لەبەردا ڕاگرتنی چالاکیی نیزامیی.**

**٢- ڕاگەیاندنی ئەو کارە و لەهەنگاوی دواترو گونجاودا.**

**٣- گرتنی کۆنگرەیەک بۆ گۆڕینی خەباتی چەکدارانە و تا ڕادەیەکیش پێیگەیشتووین.**

**ڕەنگە لەو گوشارە هەموو لایەنەو توندە، دژی ئێمە کە لە لایەن کوردستانییەکان و دەوڵەتەکان و ناوچەکە دژی ئێمە بە بوختانی هاوکاریی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی دەکرێ ئاگادار بن. تەنانەت لە لایەن حیزبی کوردستانی و عێڕاقی وسوریایی، تەنانەت ڕۆژنامە ڕۆژاواییەکان و حیزبە کۆمۆنیستەکان و دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان و تورکیا ئاگادارین. ئێمە بە تەنیا دژی ئەو هێرشە وەحشیانەیە ڕاوەستاین.**

**ئێستا پێویستیمان بە سەبر و لەسەرخۆیی شۆرشگێڕانە بۆچارەسەرکردنی مەسەلەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە و تکا دەکەین، گرنگیی بەو دوو لایەنە بدەن.**

**یەکەم، پێویستە( ئێمەو ئێوە) پاڵ بە حدکاوە نەنێین کە لە ناوچەی ئێمەوە بچێتە ڕیزی بارزانی و ئەمریکاو عێراق.**

**دووهەم: وەکو حیزبێکی سیاسیی خاوەن هەیبەت و هەلوێستی کوردستانی حیسابمان بۆ کردووە. لە بەر ئەوە وەکو دۆستەکان- دۆستی ڕۆژی تەنگانە ن، تکادەکەین، حاڵ و وەزعی ئێمە فام بکەن، یارمەتیمان بدەن و گوشارێکی توندمان بۆ مەهێنن.**

**لەبەر ئەوە ئێمە پێمان وایە و بەرژەوەندییەکە لەوەدایە کە حیزبی دێموکرات ڕازی بکرێ ، دەست بۆ چەک نەبا. دواتر بەرەبەرە، سیاسەتی خەباتی چەکدارانە بگۆڕێ و لەگەل جمهوریی ئیسلامیی وتووێژ بکا. ئەوەش کات و لەسەرخۆیی شۆرشگێڕانەی گەرەکە. بە قبوڵی ئەو ئیدە و بۆچوونە، و هاوکاری کردن بۆ قبوڵی بەشی یەکەم و گوشاری بەردەوامی ڕۆژانە بۆسەریان، لە کۆتاییدا مانەوەی حیزبی دێموکرات لە ناوچەکەی ئێمەدا لە وەدەرنانیان بۆ ئەوان باشترە ئەگەر تێبگەن.**

هەرلەم چوارچێوەدا دەتوانین بە خالێکی سەرنجراکێشی دیکە ئاماژە بکەین. لە گوێرەی بەڵگەیەکی بڵاوکراوە لە ژێرناوی «کێشەی قەومی لە کوردستان ـ هۆکار، فاکتەر، زیانەکان و شێوازەکان» کە لە لایەن ڕاوێژکاری لێکۆڵینەوەکانی فەرهنگی و کۆمەڵایەتی سەربە ناوەندی لێکۆلینەوە ستراتیژییەکانی «شورای لێکدانەوەی بەرژەوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران(مجمع تشخیص مصلحت نقام جمهوری اسلامی ایران)»وە ئامادە کراوە و تێیدا ڕێبازەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تێکۆشانی گەلی کورد باس کراوە؛ لەبەشی ڕێبازەکان لە بەشی «ئا»دا، بۆ بەرەنگار بوونەوە بزووتنەوەی گەلی کورد سێ خاڵ پێشنیار کراوە کە ناوەرۆکەکەی بەمجۆرەیە:

١) بەردەوام کردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان ئێران و ئێراق و بەتایبەت سازکردنی پەیوەندی باش لەگەڵ ڕێبەرانی کوردی ئێراق لە ڕێگای گرتنەبەری ڕێبازی درێژخایەن و کلتووری ـ شارستانی لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی وڵات بۆ پاسیڤ کردنی قەوم گەراییەکانی ناوخۆی ئێران.
٢) هەوڵدان بۆ بێچەک کردنی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکای کوردی کە نیشتەجێ باکووری ئێراقێن و گواستنەوەیان بۆ پارێزگاکانی پاشتر و بەگوێرەی دەرفەت وەدەرنانیان لە وڵاتی ئێراق لە ڕێگای بە ڕۆژەڤ کردنیان لە دەزگای دیپلۆماسی و کەڵک وەرگرتن لەهەموو ئامرازەکانی بەکاریگەر و سیاسەتی هاندان لە گۆڕەپانی بۆچوون وەرگرتن و چاوپێکەوتن لەگەڵ لێپرسراوانی پەیوەندیدار.
٣) پێویستی هاوئاهەنگی زۆرتر و گرتنەبەری ڕێبازی هاوبەش ناوبەری کاربەدەستانی دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا لە چوارچێوەی خستنە ژێر کۆتنرۆڵی قەوم گەرایی کوردی لە ناوچەکەدا.(کۆتایی بەڵگە)
لە کاتێکدا کە پەژاک بۆ ڕاوەستاندی پێکدادانەکان و چارەسەری دیموکراتیانەی کێشەکە بە شێوازی یەک لایەنە بێچالاکی لە چەند قۆناخی جیاوازدا ڕاگەیاند، هەر ئەو حیزبە کوردیانەی کە باس لە بێئەنجام بوونی تێکۆشانی چەکداری دەکەن، لە هاتوهاواری پرۆپاگەندەییدا ڕایانگەیاند کە «پەکەکە لە پێکهاتن لەگەڵا ئێراندا پەژاکی هەڵوەشاندووەتەوە» و بەو جۆرە هەوڵی چەواشە کردنی ڕاستییەکانیاندا. لەلایەکی ترەوە ئەم حیزبانە هەوڵەکانی پەژاک بۆ چارەسەری دیموکراتیانەی پرسی کورد و بەتایبەتی ڕاگەیاندنی دکلراسیۆنی حەوت مادەیی پەژاک لە ڕێکەوتی ١٩. ١٠. ٢٠١٠ یان وەکوو کارێکی بێهوودە و خەیاڵ پەروەرانە ناو لێکرد. هەندێک لە حیزبە کلاسیکەکان لە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی پەژاک لە گۆڕەپانی کێبەرکێ سیاسی، نەتەنها لەبابەتی پێکدادانەکان و سیاسەتی توندوتیژی ڕژێم پەژاک تاوانبار دەکەن، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بۆ لەناو بردنی پەژاک ڕۆڵ دەبینێن. «عەبدوڵلای موهتەدی» سەرۆکی کۆمەلە، هەفتەیەک بەر لە هێرشی هاوبەش و بەرفراوانی تەیارەکانی تورکیا و توپخانەکانی ئێران بۆ سەر پەژاک، کە لە ڕێکەوتی یەکی گوڵان ٢٠٠٨ بوو بە هۆی شەهید بوونی شەش کەس لە ئەندامانی پەژاک، لە کۆبوونەوەیەک کە بۆ کادیرانی حیزبی پێکیهێنابوو، مزگێنی ئەوەی دابوو کە «بەو زووانە بە تەواوی لە بەڵای پەژاک خەلاسیمان دێت!». عبدوللا موهتەدی پێویستە پەیوەندی خۆی لەگەڵ هێرشی هاوبەشی ئێران و تورکیا کە لەو کاتەدا لە دژی پەژاک پێکهات ئاشکرا بکات. بابەتێکی دیکە هەڵسوکەوت و ڕوانگەی پڕ لە ناکۆکی ئەو حیزبانە و هەندێک کەسایەتی گرێدراو بەوان لەسەر بابەتی «پێشمەرگە»دایە. هەندێک کەس بەناوی «ڕۆشنبیرانی حیزبی» لە ناو ئەو حیزبانەدا، بەجێی ڕەخنەگرتن لە ستراتیژی شەڕی چەکداری کلاسیک و ڕێبازی حیزبەکان لەو بوارەدا، بوونی پێشمەرگە وەکوو فاکتەرێکی نەگەتیڤ لە مێژووی تێکۆشانی کوردستان بەناو دەکەن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بوونی پێشمەرگە یەکێک لە خاڵانە باشە دەگمەنەکانی ناو سیاسەتی کلاسیکی کوردییە. پێشمەرگە لە کاتی خۆیدا جەستەی سەرەکی بزووتنەوە و ڕەمزی ئیرادە و خۆڕاگری گەلی کوردستان بوو. پێشمەرگە ئەو جەوانە کوردە بوو کە لەوپەڕی پاکی و دروستیدا لە ڕێگای ئازادی گەلەکەیدا شەڕی دەکرد. ئەو هێزە گەورەیە لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵە، ڕێوەبەری لاواز و نەبوونی پەروەدە، لەیەکتر بلاو و پاسیڤ بوون. ئەگەر ستراتیژی شەڕی چەکداری کلاسیک ئاکامێکی لێنەکەوتەوە، نابێت حسابی ئەو لە پێشمەرگە بخوازرێت، بەڵکوو ئەوە سەرکردایەتی ڕەخنەهەڵنەگێری ئەو حیزبانەیە کە پێویستە حساب بدەن. ئەم بە ڕواڵەت سیاسەتمەدار و ڕوشنبیرانە، لەلایەکەوە پێشمەرگە وەک فاکتەرێکی نەگەتیڤی تێکۆشانی حیزبە کوردییەکان دەبینن، لەلایەکی دیکەشەوە لە هەڵسوکەوتێکی زۆر ناکۆکدا باس لە پیرۆز بوونی پێشمەرگە لەبەرامبەر گەریلا دەکەن. هەڵبژرادنی ناوی گەریلا لەلایەن پەژاکەوە بۆ هێزەکانی پاراستنی ڕەوای خۆی، نە لە ڕەدکردنەوەی پێشمەرگە، بەڵکوو بۆ بە ئەنجام گەیاندنی تێکۆشانێکە کە هەر پێشمەرگەیەکی پاک و وڵاتپارێز لەو ڕێگایەدا تێکۆشانی کردووە یان شەهید بووە. گەریلا بە ئەزموون وەرگرتن لە خاڵە لاوازەکان و کەمووکوریەکان لە بەشی تاکتیک، پەروەردە، هزر و فەرماندەیی کە لە تێکۆشانی پێشمەرگە لەبەرامبەر داگیرکەرەکاندا هەبوو، تێکۆشانی خۆی بەرەو پێش دەبات. ئەگەر حیزبە کلاسیکەکان، لە پێشمەرگە وێڕای هەموو پاکی و فیداکاریەکانیانەوە تەنیا وەکوو چەکبەدەست دەڕوانن، لە ناو پەژاکدا هەر گەریلایەک بەو پەروەردەی کە بینیویەتی نە تەنیا لە بابەتی پاراستنی ڕەوای چەکدارانە بەڵکوو بە پێی فەلسەفەی بەرفراوانی پاراستنی ڕەوا، لە بەرامبەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، هزری لەناو کۆمەڵگادا بەرپرسیارە. بە هۆی ئەوەی کە لە هەر هەنگاوێکی تێکۆشانی گەریلادا فیداکاریەکی گەروە شاراوەیە، گەریلایەک هیچکات ئەو فیداکاری و لەخۆبردوویانەی کە بەر لە ئەو ئەنجامیان گرتووە بچووک نابینێت و ڕێزی لێدەگرێت. هەر گلکۆی پێشمەرگەیەکی شەهید لە چیاکانی کوردستان، ورەی تێکۆشان لە گەریلادا بەرزتر دەکاتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو کەسانەی کە لە دوژمنایەتی کردن لەگەڵ گەریلا، خۆیان وەکوو دۆستی پێشمەرگە نیشان دەدەن، هیچ کات ئامادەی چوونە ناو سەنگەری پێشمەرگە و بەردەوام کردنی ڕێگای ئەو نین. ئەو کەسانە لە حیزبەکانی خۆیاندا هەمیشە بە چاوێکی سووک تەماشای پێشمەرگەیان کردووە. لەناو ئەو حیزبانەشدا پێشمەرگە کۆنەکان و کەسانێک کە نرخی فیداکاری و تێکۆشانی پراکتیکی دەزانن، هیچکات لە دژی پەژاک هەڵوێستیان نەگرتووە و نایشی گرن. ئەو ئەلیتانەی کە خۆیان لە چینێکی لە سەرەوەی پێشمەرگەدا داناوە، لە پیرۆز بوونی پێشمەرگە تەنیا بە دوای ڕانت خواردن و دروستکردنی ئاژاوە و دووبەرەکایەتی لەناو شۆڕشگێرانی کوردستانن. ئایدیۆلۆژیای پاسیڤ بوون و کەمپ نیشینی، ڕۆڵی مێژوویی و پیرۆزی پێشمەرگەی بن پێ کردووە. عەبدوللا موهتەدی لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی خۆیدا دەڵێت: «هێزی پێشمەرگە بەر لە هەر شتێک بۆ پاراستنی گیانی ئەندامان و ناوەندەکان کار دەکات». دەبێت بپرسین کە ئایا دانی ڕۆڵی «گاردیان» بە پێشمەرگە لە ناو کەمپەکاندا، ناکۆکیەکی ئاشکرا لەگەڵ ئەرکی پێشمەرگە وەک تێکۆشەر و پێشەنگی ڕێگای ئازادی گەل نییە؟ سەرنجراکێشە کە هەندێک ناسیۆنالیستە

فارسە دژە کوردەکان کە تا دوێنێ پێشمەرگەیان وەک یاخی و ئەشقیای چەکدار ناوزەد دەکرد، ئەمڕۆکە لە دژی پەژاک باس لە پیرۆز بوونی پیشمەرگە دەکەن! ئەو لایەنە مارژینالانە نازانن کە گەلی کوردستان ئەوەی تێپەڕ کردووە کە لە ئەنجامی سیاسەتی ئەواندا شەڕی یەکتر بکەن. (نموونەی ئەوانە گرووپی توندەرە کە لە ژێر ناوی وتاری سیاسی نووسینیان لە ماڵپەڕەکەی خۆیاندا بلاو کردبووەوە.) ئایا بەراستی «مهدی ئیسلامیان» کە لەگەڵ چوار هەڤاڵی ئێمە لە زیندانی ئێوین لە سێدارەدرا لە ئەندامانی گرووپێکی وەها بوو؟! راگەیاندنە فەرمیەکانی رژێم، راگەیاندنە نافەرمییەکان، ئەندامانی شەڕی تایبەت، پارتەکانی باشووری کوردستان و کۆمەلە و دیموکرات هاوکات بە یەکەوە پاراستنی رەوای گەلی کوردستان مەحکووم دەکەن. راگەیاندنەکانی فارسی زمانی دەرەوەی ئێرانیش لەو بوارەدا دەستیان بە پرۆپاگەندە کردووە. لە شێوازی هەواڵ سازکردنی ئەم راگەیاندنانەدا تیرۆریزە کردنی پەژاک بە ئاشکرا دەبیندرێت. لەو ناوەدا تەلەڤیزیۆنی فارسی دەنگی ئەمریکا پرۆپاگەندە لە دژی پەژاک تا ئەو رادە دەبات کە لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی بە بانگهێشت کردنی ئەندامی شەڕی تایبەت عیرفان قانعی فەرد و هەروەها دژبەرانی تری پەژاک، لە هەوڵی توندوتیژخواز و تیرۆریست نیشاندانی پەژاکدا بوو. هەبوونی یەکلایانەی دژبەرانی پەژاک لەو بەرنامەدا و نەبوونی ووتەبێژێک لە سەر نێوی پەژاک لەگەڵا کامە پێوەری رۆژنامەوانی و راگەیاندنی ئازاد دەیخوێنێتەوە؟ ئایا ئەو هەمووە هەماهەنگییە هەمووی هەر رێکەوتە؟

**روانگه**

سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە چوارچێوەی شەڕی تایبەت و پرۆژەی "دژە پەژاک"، شەڕێکی هەمەلایەنە و چڕوپڕی لە دژی گەلی و کورد و بزووتنەوە نوێیەکەی دەست پێکردووە. لەگەڵا سوور بوونی پەژاک لە بەرەو پێش بردنی تێکۆشان و پێشکەوتنی ئاستی زانستی کۆمەڵگای کوردستان سەبارەت بە تێکۆشان و پاراستنی رەوا و دەرکەوتن لە قۆناخی پاسیڤ بوون، رژێمیش ئاستی هێرشەکانی خۆی بەرفراوان دەکاتەوە. کۆماری ئیسلامی ئێران کە وایەدزانی لە سیاسەتەکانیدا بۆ بە ژن کردن و تەسلیم وەرگرتنی کۆمەڵگای کورد سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، رووبەڕووی بزووتنەوەیەک هات کە خوێنێکی نوێی تێکۆشانی خستە ناو جەستەی کۆمەڵگاوە. ئەو تێکۆشانە بە کاریگەری و پەیوەندییەکی کە لە داهاتوودا لەگەڵ تێکۆشانی دیموکراتی هەموو گەلانی ئێران دەیبێت، دیموکراسی پێشکەشی ئەو وڵاتە دەکات. رژێم بۆ پێشگرتن لە وەها بزووتنەوەیەک هەرچی لە توانایدا بێت دەیکات. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت دوابەدوای سەرنەکەوتنیان لە سڕینەوەی جەستەیی پەژاکدا، هەموو توانای خۆیان بۆ بە تیرۆریزە کردنی پەژاک وەگەڕ خستووە. ئامانجی رژێم لەم مژارەدا رەوایەتی دان بە سیاسەتی کوشتار و سەرکووتکاری لە کوردستان و لەو رێگایەشەوە پەرەپێدانی هەموو میکانیزمە رووخێنەرەکانی شەڕ وەک گرووپە مرۆڤکوژەکانی دژە پەژاکە. دەوڵەت لە هەموو ناوەندەکانی سەربازی و سیخوڕی و ئۆپێراسیۆنە سەربازییەکاندا کوردە شیعەکانی ئیلامی، کرماشانی و لورستانی لە پلەکانی خوارەوەی سەربازیدا لە دژی پەژاک بە کار دەهێنێت. بە هۆی ئەوەی کە پەژاک پێگەیەکی تایبەتی لە ناو کوردەکانی هەرێمە جیاوازەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەت ئیلام، کرماشان و لۆرستان هەیە، ئامانجی دەوڵەت ئەوەیە کە لە ناوبەری کوردەکانی شیعە و سوننە دووبەرەکی بنێتەوە و سیمای پەژاک لە ناو کوردەکانی هەرێمە جیاوازەکان خراپ بکات. رژێم بە دانانی هەزینەیەکی زۆر و بە بەرفراوان کردنی هاوکارییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا و بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموون و پەروەردەکانی ئەو دەوڵەتە، دەستی بە راکێشانی کەسانێک و پەروەردە کردنیان لە چوارچێوەی گرووپەکانی "دژە پەژاک" کردووە. ئەم بەرنامانە لە داهاتوودا جەنایەت و کوشتاری گەورەی بەدوای خۆیدا دێنێت. هاوتەریب لەگەڵ پێشخستنی گرووپەکانی "دژە پەژاک"، سیستەم بۆ چاوترسێن کردنی کۆمەڵگا و هەروەها بۆ ئەوەی باوەڕیەکی زیاتر بداتە دەوڵەتی تورکیا، لە داهاتوودا رێژەی لە سێدارەدانی زیندانیانی سیاسی زیاتر دەکات. رژێم هەروەها بۆ سەرکوت کردنی هەرچەشنە سەرهەڵدانێک لە کوردستاندا، فەرمانی کوشتن و خوێن رشتنی بە هێزە سەربازی و ئاسایشیەکان داوە. کاربەدەستانی ئاسایشی بۆ سەرکوت کردنی زۆرتری خەڵکی کوردستان لە ناوەندی پارێزگاکان، لێژنەی هەماهەنگ کردنیان لەناوبەین سوپای پاسداران، هێزی ئینتزامی و وەزارەتی ئیتلاعات دروست کردووە. رژێم هەروەها هەوڵدانەکانی لەدژی کۆمەڵگا چڕوپڕتر و خێراتر کردووە و هەنگاوی زۆر ئاشکرا بۆ تێکرووخانی کۆمەڵگای کوردستانی هەڵدێنێتەوە. ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بۆ پێشخستنی شەڕ و سەرکوتکاری لە کوردستان، هەوڵ دەدەن ئەرتەشی ئێرانیش راکێشی شەڕ لە دژی پەژاک بکەن. (فەرماندەی قەرارگای تاکتیکی لەشکەری ٢١ حەمزە سیدالشهدا ئازەربایجانی رۆژئاوا لە بەرواری ٢٦ بەفرانباری ١٣٨٩ سپاردنی ئەرکی پاراستنی سنوورەکانی ئێرانی بە هێزی زەمینی ئەرتەش وەکوو گرنگترین ئامانجەکانی پرۆژەی گۆڕنکاری لە»هێزی زەمینی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی» بە ناو کرد.) رژێم هەروەها بۆ زیاتر تیرۆریزە کردنی پەژاک لە دیدارەکانی دواییدا لەگەڵا سەرکردەکانی باشووری کوردستان چەندین داخوازییان لە بەردەم ئەواندا داناوە و ئەوانیان ناچار بە پێکهێنانی کردووە. بە پێی ئەو داخوازیانە پارتەکانی باشووری کوردستان ی.ن.ک. و پ.د.ک لەبەشی زانیاری دان لە دژی پەژاک و سیخوڕی سیاسی و سەبازی لە ئاستێکی بەرفراوانتردا لەگەڵ ئێران هاوکاری بکەن. ئەو پارتانە بە بیانوی پووچی بەشداری پەژاک لە نارەزایەتیەکانی باشووری کوردستان، ئابلۆقەکەیەکی زۆرتر دەخەنە سەر پەژاک و هەرێمی قەندیل. جموجۆڵی هێزە سەربازییەکانی ی.ن.ک و پ.د.ک و دامەزراندنی چەکی

گران لە ناوچە سنوورییەکانی هەڵەبجە و پشدەر و پێنجوێن کە لە ٢٠١١/٤/٢٧ەوە رووی دا، لە هەمان چوارچێوە دایە. کۆماری ئیسلامی ئێران لەوانی ویستووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە چاوپۆشی لە کردەوەکانی ئەو دەوڵەتە لە خاکی ئێراق لە دژی پەژاک بکات کە بەشێوەی هێرشی سەربازی و ئاسمانی، تیرۆر و رفاندنی ئەندام و رێوەبەرانی پەژاک دەبێت. ی.ن.ک و پ.د.ک بەردەوام لەمەڕ مەترسی بەهێز بوونی پەژاک بە گوێی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت کۆمەلە و دیموکراتدا دەخوێنن و لەوانیان دەوێت بۆ تیرۆریزە کردنی پەژاک هەموو هەوڵدانێکی پێویست بکەن. ی.ن.ک و پ.د.ک و بەتایبەت جەلال تاڵەبانی داوای لە پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کردووە کە بۆ پێشگرتن لە بەهێز بوونی پەژاک، لەگەڵ یەکتر هاوپەیمانی بکەن. لە کاتێکدا کە رژێم سیاسەتەکانی خۆی لە سەر بنەمای تیرۆریزە کردن و گۆشەگیرکردنی پەژاک بەرێوە دەبات، ئۆپۆزسیۆنی ناسیۆنالیستی فارسی دەرەوەی ئێرانیش لە هەوڵی ئەوەدان لەژێر ناوی بزووتنەوەی سەوزی سێکۆلار خۆ بەرێکخستن بکەن و لە ژێر ناوی رەد کردنەوەی توندوتیژی رەوایەتی تیکۆشانی دیموکراتیک و پاراستنی رەوای گەلی کوردستان بخەنە بن پرسیارەوە. ئەو گرووپانە کە لە هەوڵی ئەوەدان کە بەکارهێنانی ناوی بزووتنەوەی سەوز، رەوایەتیەک بەدەست بخەن، لەراستیدا بە هۆی زێهنیەتی ناوەندگەرایی لەگەڵ ناوەڕۆکی راستەقینەی بزووتنەوەی سەوز لەناکۆکی دایە. هەرچەندە کە بزووتنەوەی سەوز دوابەدوای نارەزایەتی لە سەختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری سەریهەڵدا، بەڵام داخوازی زۆر بەرفراوانتر لە ناو هێڵی سەرەکی ئەم بزووتنەوە لە ئارادایە. جەستەی سەرەکی و کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی سەوز، خەڵکانێکی راپەڕیون کە داخوازییە دیموکراتیکە کۆمەڵایەتی ـ سیاسیەکانی بەرفراوانی ئەوان لە چوارچێوەی داخوازییەکانی ئەو رفۆرمیستانەی کە لە گۆڕەپانی بەربەرکانی ناوخۆیی رژێمدا سڕاونەتەوە، ناگونجێت. ئەم ریفۆرمخوازانە بە هۆی بەردەوام بوونی سیاسەتی سر□ینەوە و یەکدەست کردنی لەلایەن موحافیزەکارانی دەسەڵاتخوازەوە و هەروەها بە هۆی تەوژمی داخوازییەکانی دیموکراتیانەی خەڵک، هەڵوێستێکی رادیکالانەتریان لە رابڕدوو گرتۆتە بەر. بەڵام ئەو رفۆرمخوازانە بە هۆی پێشینە و کردەوەیان لە ساڵانی شەست لە کوردستاندا، ئێستاکەش لەلایەن گەلی کوردستانەوە بە گومانەوە چاویان لێدەکرێت. لەکاتێکدا کە تێکۆشانی دیموکراتیانەی گەلی کوردستان هیچ دوودڵییەکی پشتیوانی کردنی جەستەی سەرەکی و کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی سەوز نەبووە، هەبوونی هێمای ناسیۆنالیزم لە زێهنیەتی کەسانی ناسراوی ئەو بزووتنەوەیە و نەبوونی بەرنامەیەکی روون و ئاشکرا بۆ پێکهێنانی دیموکراسیەکی تەواو لە ئێراندا لەلایەن ئەوانەوە، لەبەردەم لێک نزیکبوونەوەی تێکۆشانی دیموکراتیکی گەلی کوردستان و بزووتنەوەی سەوز ئاستەنگی دروست کردووە. ئەم بزووتنەوەیە بە هۆی گوشارەکانی بەردەوامی رژێم و سنووردار مانەوە لە ناوەند و شارە گەورەکان(مترۆپول) تووشی زیان بوو. جەستەی سەرەکی بزووتنەوە سەرەڕای پێداگری لەسەر داخوازییە دیموکراتیکەکانیان، بە هۆی نەبوونی رێکخستنێکی بەردەوام، میکانیزمی پاراستنی و رێبەرایەتیەکی دیاریکراو، بەرەو دامرکان چووە. هەندێک لە کەسایەتیی ریفۆرمخوازانی ئەو بزووتنەوە گیران و بەشێکی زۆریشیان هەڵاتنە دەرەوەی ئێران. بەشێکی زۆری کەسایەتییەکانی ئەو بزووتنەوەی لە دەرەوەی ئێران، بە هۆی ئەو دەرفەتە ماددی، راگەیاندنی و پشتیوانیٚ سیاسی دەرەکییەی کە گرووپە ئۆپۆزسیۆنە ناسیۆنالیستە فارسەکان پێشکەشی ئەوان دەکەن و هەروەها بە هۆی هاوبەشی عەقڵییەتی لەگەڵا ناسیۆنالیستەکان بەشداری ئەو گرووپە ناسیۆنالیستانە بوونە. لە بەرامبەر ئەوەدا گرووپە ناسیۆنالیستەکان لە ناوی بزووتنەوەی سەوز بۆ سەرلە نوێ رێکخستن کردنەوەی خۆیان کەڵک وەردەگرن. سەپاندنی یەک رێبازی بەرهەڵستکاری وەک تاکەرێباز بە هەموو گەلانی ئێران و هەروەها «خەتی سوور» بەناوکردنی پاراستنی رەوای گەلی کورد، رەنگدانەوەی عەقڵییەتی ناوەندگەرا و خواستی ئەو گرووپە ناسیۆنالیستانە بۆ یەکدەست کردن و تواندنەوەی گەلانی ترە. ئەم تێراونینە لەراستیدا لەگەڵ ناوەڕۆکی فرەرەنگی تێکۆشانی جەستەی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی سەوز لەناکۆکی دایە. ئەوەی کە جەستەی سەرەکی و کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی سەوز وەک پرنسیپێکی دیموکراتیانە قبوڵی کردووە، بەرخۆدانە. سەپاندنی پاسیڤ بوون بە تێکۆشانی گەلی کورد لەبەرامبەر رژێمێک کە پێداگرە لەسەر بەچۆک دەرهێنانی کۆمەڵگای کورد، دەستی رژێم لەسەرکووتکردنی بەرفراوانتر لە ئێران و کوردستان کراوەتر دەکات. جەستەی سەرەکی و کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی سەوز، ئەو کەسانەن کە لە گۆڕەپانی بەرخۆدانی راستەوخۆ، لەبەرامبەر زۆرداریدا ئامادە بوون و تەنیا بە بەکارهێنانی مافی پاراستنی رەوا دەتوانن لە بەرامبەر سەرکووتکاری رژێم تێکۆشان بکەن، نەک بە پاسیڤ بوون. بەرخۆدان و پاراستنی رەوای گەلی کورد لەبەرامبەر لە سێدارەدان و فیشەک، دەبێتە هۆی بە هێزبوونی بەرخۆدان و تێکۆشانی دیموکراتیانەی گەلانی ئێران. بە ناو کردنی پاراستنی رەوای گەلی کوردستان لەژێر ناوی توندوتیژی و جودایخوازی، بە واتای داسەپاندنی تەسلیمیەت و پاسیڤ بوونە. ئەوە هەر ئەو ئامانجەیە کە ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی رژێم بە هەموو توانای خۆیانەوە هەوڵی پێکهێنانی دەدەن. (ئەوە لەکاتێکدایە کە هەندێک لە کەسایەتیٚ ناسراوەکانی بزووتنەوەی سەوز وەکوو «ئەردەشیر ئەمیر ئەرجومەند» راوێژکاری میرحوسێن مووسەوی، لە کۆنفرانسێکی راگەیاندنی لە پاریسدا، پاراستنی رەوای وەکوو مافێکی سروشتی پێناسە کرد کە کەس ناتوانێت لە خەڵکی بستێنێتەوە.) ئەوەی کە کەسایەتی و گرووپە ناسیۆنالیستە ئۆپۆزسیۆنە ئێرانیەکان لەژێر ناوی «رێبازی مەدەنی و دوور لە توندوتیژی» دایدەنێنە بەردەم گەلی کورد، لە راستیدا نە ئاراستە کردنی رێبازێک بۆ تێکۆشان بەڵکوو دڵەڕاوکەی هاوبەشی هەموو دەسەڵاتخوازان و ترسی ئەوان لە بەرزبوونی ئازادیخوازی و ئیرادەی کۆمەڵگایە. هەوڵی پاسیڤ کردنی کۆمەڵگا، تایبەتمەندی هاوبەشی هەموو ئەو کەسانەیە کە هزر و بۆچوونەکانیان لەسەر بنەمای

دەسەڵاتخوازییە. بانگهێشت بۆ پاسیف بوون لە لایەن ئۆپۆزسیۆنی ناسیۆنالیستی فارسەوە، ئەوەندە لەگەڵ ئایدۆلۆژیای پاسیف بوونی حیزبە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکدەگرێتەوە کە کەسانێک وەک «عبدوللا موهتەدی» بۆ جێگرتن لەناو ئەو گرووپانەدا، نکۆڵی لە مێژووی بەرخۆدانی گەلی کوردستان دەکات و لەپێناو هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندەکانی شەڕی تایبەتدا لەو زەمینەیەی کە ئۆپۆزسیۆنی ناسیۆنالیستی فارس لەبواری پروپاگەندە و ڕاگەیاندن بۆی ڕەخساندووە، ئەوپەڕی کەڵک بۆ تیرۆریزە کردنی تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان وەردەگرێت. ڕاگەیاندنە فارسی زمانەکانی دەرەوەی وڵات کەبەشێوەیەکی بەرفراوان و بەرچاو لە خزمەت پرۆژەی بزووتنەوەی سەوزی سکۆلاردان، وەها پێداگرانە لە هەوڵی لاواز کردنی تێکۆشان و بەرخۆدانی ڕەوای کوردستاندان کە بە ڕوونی وەکوو تریبوونی ئەندامانی شەڕی تایبەتی دژە پەژاک هەڵسوکەوت دەکەن. بۆ نموونە تەلەڤیزیۆنی دەنگی ئەمریکا بووەتە شوێنێک بۆ کۆبوونەوەی ئەندامانی دژە پەژاک و پرۆپاگەندەی ئەوان. سەرنجراکێشە کە هەر ئەو تەلەڤیزیۆنە لە بەرنامەیەکی کە لەگەڵ ئەندامی شەڕی تایبەت «عیرفان قانعی فەرد»دا، سازیان کردبوو، پەژاکیان بانگهێشتی لاسایی کردنەوەی کۆمەڵە و هێڵی پاسیڤی عبدوللا موهتەدی دەکرد! ئەوان هەوڵ دەدەن ئەو مۆدێلە کوردە خوازراوەی(کوردی باش) کە لە موهتەدی دروستیان کردووە، لە هەموو کوردستان بڵاوی بکەنەوە.

**بەشی کۆتایی:**

ناوەندی شەڕی تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی گشتی و بەرفراوان و بە بەکارهێنانی ئاکتەری جۆراوجۆر لە هەوڵی ئەوە دایە کە سیمای بزووتنەوەی نوێی کوردستان ناشرین بکات. لە تیمەکانی "دژە پەژاک" و کردەوە دژە مرۆڤانەکەیان بگرە هەتاکوو پرۆپاگەندەی ڕاگەیاندنی و بەکارهێنانی ئەندامانی شەڕی تایبەت، لە هاوپەیمانی لەگەڵ پارتەکانی باشووری کوردستان بگەرە تا بەکارهێنانی پاوانخوازی حیزبە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە پەیوەندی هەرێمییەوە بگرە تا بەکارهێنانی بەرژەوەندیخوازی زلهێزەکان، هەموویان لەلایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ لەناو بردنی بەرخۆدانی کۆمەڵگای کوردستان بەکار دەهێنرێن. ئێستاکەش کە هەندێک کەسایەتی و لایەنی کوردی وەکوو «عبدوللای موهتەدی» بۆ مەحکووم کردنی پەژاک بوون بە زمانی ڕژێم و ڕاگەیاندنەکانی دەرەوەی ئێران هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی ڕژێم هێرش دەکەنە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد و پارتەکانی باشووری کوردستانیش لە چاوپێکەوتنی بەردەوام لەگەڵ کاربەدەستانی ئیتلاعاتی و ئاسایشی ڕژێم لە دژی پەژاک پیلانگێڕی دەکەن، هەنگاوی داهاتووی پرۆژەی دژە پەژاک بەم شێوازە دەبێت: ئەنجامدانی جەنایەتی جۆراوجۆر و خستنە پاڵ پەژاک، زیادکردنی لەسێدارە دان، گوشار و سەرکوتکاری، ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی لە دژی ڕێبەرایەتی و ئەندامانی پەژاک و هەروەها پێکهێنانی ئۆپێراسیۆنی بەرفراوانی سەربازی لە کوردستان. بێگومان ئەوە شەڕێکە کە هەموو ئاکتەرەکانی بەشدار لە پرۆژەی شەڕی تایبەتی ڕژێم، بەسەر بزووتنەوەی گەلی کورددا دەیسەپێنن. ئەنجامەکانی زیادبوونی تیرۆر و توندوتیژی کۆماری ئیسلامی ئێران، زیان لە هەموو گەلانی هەرێم و زیاتر لە هەموویان لە تێکۆشانی دیموکراتیک لە ئێراندا دەدات. بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان، لە بەردەوامی تێکۆشان لەپێناو پاراستنی هەبوون، ناسنامە و مافی گەلی کورد و بەرقەرارکردنی دیموکراسی لە ئێراندا، پێداگرە و هیچکات ناهێڵێت کە سێبەری شوومی ئایدیۆلۆژی پاسیف بوون، کۆمەڵگا و تاکی کورد تووشی بە ژن بوون و تەسلیمیەت بکات. هەڵوێستی سەربڵندانەی قارەمانانی پەژاکی لە زیندانەکانی ڕژێم و لە تێکۆشانی گەریلاییدا، مێژوویەکی نوێ و پڕ لە شانازی بۆ گەلی کوردستان و گەلانی ئێران دەئافرێنێت. لەسەر ئەو بنەمایە تێکۆشان لەدژی شەڕی تایبەت، پرۆژەی دژە پەژاک و ئامانجەکان و ئەندامانی ئەو، کە وەکوو میکانیسمەکانی بەتەسلیم وەرگرتنی کۆمەڵگای کوردستان و ئێران ڕۆڵ دەبینن، ئامانجی سەرەکی تێکۆشانی ئازادیخوازانەی پەژاک و هەموو کۆمەڵگای کوردستان دەبێت.

# ALTERNATIVE

نشریه‌ی سیاسی، اجتماعی، فرهنگی
صاحب امتیاز: مرکز مطبوعات حزب حیات آزاد کردستان PJAK
مدیر مسئول: هیات تحریریه‌ی آلترناتیو
چاپخانه‌ی گریلا

حه‌فته‌نامه‌ی سیاسی، کولتوری، کۆمه‌لایه‌تی ژماره‌ی ٩

هه‌ینی ٢٧ خه‌رمانان ١٣٩٠/ ١٧ ژوئن ٢٠١١





## په‌یامی گه‌ریلا:

**به‌ رۆحی خۆڕاگرانه‌ی پێشه‌نگه‌کانی په‌ژاک «فه‌رهاد»، «عه‌لی»، «فه‌رزاد» و «شیرین»، پرۆژه‌ی دژه‌په‌ژاک تێکده‌شکێنین.**

**حوکمی له‌ سێداره‌دانی ئێمه‌ پێشکه‌شییه‌کی سیاسی، چوکدادانێکی زه‌بوونانه‌ی ئێران به‌ هاوسه‌ره ئایدیۆلۆژییه‌که‌یه‌تی که‌ له‌ ئامانجه‌کانیاندا هاوبه‌شن و له‌شێواز و بۆچوونه‌کانیاندا جیاوازن**

شه‌هید فه‌رزاد که‌مانگه‌ر





جهت دریافت کتب، نشریات و مقالات می‌توانید به سایت www.PJAK.org مراجعه نمایید.

پخش هر شماره‌ی آلترناتیو ضربه‌ای است بر پیکره‌ی استبداد نظام جمهوری اسلامی

آدرس وب‌لاگ ما www.alternative1.tk